# حەفتا چیرۆکی چینی
# بۆ منالآنی کورد

و: حەمە کەریم عارف

ناوی کتێب: حەفتا چیرۆکی چینی
بابەت: چیرۆك بۆ منداڵان
نووسەر: جانگ شو
وەرگێر: حەمە کەریم عارف
تایپ: رزگار حەساری
هەڵەچن: سەرگوڵ محمد ئەمین
چاپ: یەکەم، ٢٠١١

**پێشکەشە بە:**

**١- لاس**

**٢- کارۆ**

# پێرست

*- وتەیەك...حەمەکەریم عارف
١-شەوێکی جوانی هاوین
٢-گەمە بە کڵاو
٣-مەنجەڵی بووخار
٤-گوڵەکانی بابە گەورە
٥-بەفری هاوین
٦-ڕاهێنەری سەگ
٧-سیسرکی کتێبخانە
٨-مەلەوانی
٩-کێ ڕزگاری کردم؟
١٠-دڵۆپە
١١-ترش و شیرین
١٢-گیانلەبەران دکتۆری خۆیانن
١٣-گیایەکی چکۆلە لە دەشتێکی بەریندا
١٤-کەڵەشێر و مراوی
١٥-ماڵگواستنەوە
١٦-هەور و بێچووەکەی
١٧-هەڵەی قورباقە
١٨-چاودێری پاکوخاوێنی پۆل
١٩-عەینەکەکەی داپیرە
٢٠-بۆنخۆشترین گوڵ
٢١-شەتڵە برنجێکی چکۆلە
٢٢-گوڵی شەوبۆ
٢٣-هاوینە باران
٢٤-منداڵی شۆخیباز
٢٥-گوڵی هەنار
٢٦-پێشبڕکێیەکی گەورە
٢٧-ڕاستگۆیی پیرە پەپوو
٢٨-بورجی کۆن و وێستگەی تەلەفیزیۆن
٢٩-گوڵی نیلوفەر
٣٠-هاوینی گەرم

٣١-کێ ئاقڵترە؟
٣٢-خواردنی گیانەوەرانی دنیا
٣٣-کە با هەڵدەکات
٣٤-چلورەی جادوویی
٣٥-هاوکاری گیانلەبەران
٣٦-وڵاتی دەنگی بەرز
٣٧-جلەکای دار چنار
٣٨-راستگۆیی
٣٩-شەش برای رەنگاورەنگ
٤٠-تەنیا مێشان بە خەبەرن
٤١-مێشهەنگی قارەمان
٤٢-ئەسپ و گا جووت
٤٣-کیژۆڵەی مێریڤان
٤٤-تیشکی ئێکس
٤٥-مەیمون و نەمام ناشتن
٤٦-دایکی بێ دەم
٤٧-جووجکۆکە و فێربوونی مەلە
٤٨-کچۆڵەی زمان پیس
٤٩-حیکایەتی قەلەرەش و رێوی
٥٠-چیرۆکی گیانلەبەرانی دەریایی
٥١-باشترین دەنووک
٥٢-پێنج کیژی چاکەکاری هاوپۆل
٥٣-دەستە پاکەکانی ئینا
٥٤-نەخۆشی دایک
٥٥-لاقی کێ باشترە؟
٥٦-کەروێشك و هەڵۆ
٥٧-قەلەرەشی دەم شڕ
٥٨-دەرهێنانی شێلم
٥٩-دوو پشیلەی گەوج
٦٠-بێچووە هەڵۆ
٦١-هاوڕێکەی چانگ لی
٦٢-سوودی دەست و پێ
٦٣-پاراستنی گەمەکان

٦٤-بێچوە ورچ و هاوڕێکانی
٦٥-ماسی ڕەنگاوڕەنگ
٦٦-کەروێشکی میهرەبان
٦٧-قەڵەم بۆیە
٦٨-بێچوە فیل
٦٩-مناڵە باشەکانی گەڕەك
٧٠-چەندت پاك کرد، ئەوەندە دەخۆی

# وتەیەك

حەمەكەریم عارف

"١"

ئـەدەبیاتی منـداڵ بـەو بەرهەمانـە دەوتـرێ كـە بـۆ سـەرگەرمی وفێربـوونی منـداڵان ومێرمنـداڵان دەنووسرێن.دیارە ئەم بابەتە بەرهەمە دەبێ لە رووی زمان وگوزارشت و تیمەو نێوەرۆك و بابەتـەوە دەگـەڵ قۆناغە جیاوازەكانی تەمـەنی منـداڵ ومێرمنداڵـدا بگونجێت.ئەگـەر هەنـدێ ورد سـەرنج بـدەین دەبینین بەشێكی فرەی ئەدەبیاتی جیهان ئەو تایبە تمەندیانەیان تێدایە.ولە ناو دنیای ئەدەبیاتـدا، زیـاتر ئـەو بەرهەمە فۆلكلۆری وئەفسانەیی و نەقڵ وحیكایەت و چیرۆكە خەیاڵی و پڕ لە ڕیسك وسەركێشی وسـەیرو عەنتیكانەی كە هەستی فزوێیەت وكونجكاوی دەهاڕوژێنن،لە جـەم منـداڵ ومێردمنـداڵان پەسـندن.ئەگـەر تەمەشای مێژووی تیرەی بەشەر بكەین دەبینین لە دێر زەمانەوە، كەم وزۆر بایـەخ بـە ئـەدەبیاتی منـداڵان ومێردمنداڵان دراوە.ودەكرێت مێژووی ئەم ئەدەبیاتە بەسەر چوار قۆناغدا دابـەش بكرێـت:قۆنـاغی كـۆن، قۆناغی سەدەكانی ناڤین،قۆناغی داهێنانی چاپ وچاپكاری تـا سـەدەی نۆزدە،قۆنـاغی تـازە لـە سـەدەی نۆزدەوە تـا ئیستا.كۆنترین بەرهەم بۆ منداڵان،چیرۆكێكی كۆنی میسریە بە ناونیشانی (كەشتیوانی كەشتی شكاو)كە دەگەڕێتەوە بۆ دەوروبەری ساڵی ٢٥٠٠پ.ز. گوایە لـە روسیادا پـارێزراوە.ئەمـە نموونەیەكـە لـە چیرۆكی میسری كۆن، وەكو بـاس دەكرێـت لـە چـیرۆكی رۆبنسـن كـرۆزۆ دەچـێت.پاشـان یۆنـانی وئێرانـی و هیندیەكانیش لەم بوارەدا خۆیان تاقیكردووەتەوە. ئەمە بە باشی لەو كاراكتـەر ودیمەنانـەدا كـە هۆمـەر دایهێناون بەدی دەكرێت، هەروەها لـەو فابیلانـەی(چـیرۆكی گیانلەبـەران)كـە دراونەتـە پـاڵ ئیزۆپ،كـە سەرچاوەی زۆربەیان ئەدەبیاتی كۆنی میسریە..ئیدی ئەدەبیاتی مناڵ و مێردمنداڵانیش بە گوێرەی قۆنـاغ وسەردەمان،بوژانەوەو قاتوقڕی،بەخۆوە دیتووە..ئیدی كە هونەری چاپ و چاپكاری لە دەوروبـەری ١٤٣٦دا داهێنـرا، بـووە مایـەی بڵاوبوونـەوەی ئـەدەبیاتی هـەر وڵاتێـك لـە وڵاتـانی تردا،ولـەم ڕێگەیـەوە ئـەوە ئاشكرابوو كە گەلێك لەو تیمەو نێوەرۆكە فۆلكلۆریانەی لە ئەدەبیاتی منداڵاندا بەكار هاتوون،یـەك ڕەگ وریشەیان هەبووە،وتەنیا گێڕانەوەكانیان جیاواز بووە..بەهەرحاڵ لە هەرقۆناغ وسەردەمێكدا خـەڵكانێك هەبوون لە مەیدانی ئەدەبیاتی منداڵ ونەوجەواناندا كاری شایستەیان كردووەو جێدەستیان دیـاربووە.لـە سەدەی نۆزدەوە كتێبانی وێنـەدار، رەونـەق و رەواجـی باشـی پەیـداكردو ئەمـە گـورو تـەكانێكی باشـی بـە ئەدەبیاتی منداڵان بەخشی و تـا ئیستاش بەردەوامە..لێرەدا تەنیا بۆ نموونە نێوی بڕێك لـەو نووسـەرانە دەبەین كـە راسـتەوخۆ لـە مەیـدانی ئـەدەبیاتی منـداڵان و نەوجەوانانـدا كـاری باشـیان كـردووە یـان لـە بەرهەمـەكانی ئەوانـەوە، ئـەدەبیاتی منـداڵان هـەڵێنجراوەو ئامادەكراوە،لەوانـە: سێرڤانتس،لافۆنتین،دیڤۆ،سویفت،ئارۆینف،ئەندرسن،م.ئالكت،ر.ل.ستیونسن،م.توین،ر.كپلینگ،س.لاگ رلۆف..

لـەو بەرهەمـە رۆژهەڵاتیانەشدا كـە چـیرۆك و بەرهـەمی منـداڵانیان لێـوە هـەڵێنجراوە دەكرێـت نێـوی كلیلەودمنە، هەزارو یەك شەوە، توتی نامە،چل توتی، مشك و پشیلە، شانامە...هتد ببرێت

هەڵبەتە كورد بەداخەوە لەم بوارەشدا هەر قڕەی میللەتانەو هێشتا لە دوای دواوەیەو زۆر لە كاروان بە جێماوە..بەلاّم بەم حاڵەشەوە سووكە هەوڵی خۆی هەیە، خەڵكانێكی دڵسۆز لەقەد توانای خۆ هەوڵێكیان داوە كە جێگەی ڕێزو دەستخۆشیە ، وئەگەر بمانەوێ و بەرنامەمان هەبێت ڕەنگە بتوانین لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا،كە لەسایەی گلۆبالیزمدا،دنیا بووە بە گوندێكی چكۆلە، ڕێگاكان قەدبڕبكەین و بۆشاییەكان زووتر پڕبكەینەوە..بەهەرحاڵ ئەوەی بە ئەدەبیات دەوترێ ودەگەیەنرێت ونیشاندەدرێت، بەكایە ڕۆشنبیری و ئەبستمۆلۆجیەكانی تر ناوترێت،ئەگەر بشوترێ ئەدەبیانەو ئەدییانە ناوترێ.مرۆڤ لە ڕێگەی ئەدەبیاتەوە هەم مرۆڤ دەناسێت و هەم زمانی مرۆڤ دەناسێت،واتە ئەدەبیات لە ڕێگەی زمانێكی هونەریی بالاّوە مامەڵە لە تەك تەبع و تەبیعەتی مرۆڤدا دەكات،ساتە مرۆڤانیە زندووەكان دەهونەرێنێ وبەرجەستە دەكات،دەكەوێتە توێكاری و شیكاری سایكۆلۆجی و سۆسیۆلۆجی مرۆڤ، هەوڵدەدات هەموو ڕازو ڕەمزەكانی هونەریانە كەشف بكات..واتە دۆزی سەرەكی ئەدەبیات مرۆڤ وئازادی مرۆڤە..بۆیە دەگەڵ خوێندنەوەی جدی هەر دەقێكی ئەدەبی ڕەسەندا،بە نهێنییەكی تازەی ناخ و دەروونی ئینسان ئاشنا دەبین،وئەفسوونی تەكنیك و وردەكاریەكانی زمان دەبین،كە داهێنانێكی مرۆڤانی هێندە گەورەیە، دەتوانین بڵێین هیچ شتێك لە دەرەوەی زماندا نیە.وزمان ئەو داهێنانەیە كە مرۆڤ دەتوانێت لە ڕێگەیەوە هەم خۆی بناسێنێ و بسەلمێنێ،هەم دیاردەكانی دیكەش بناسێت و پتر ئاشنایان ببێت. ئەدەبیات دەتوانێت قولاّیی زەین و دڵ ودەروون ونیهادی بنیادەم فەتح و كەشف بكات وهەست وسۆزەكانی بەرجەستە بكات.ئەدەبیات چرایەكی ئەفسووناوی یەجگار كاریگەرو بەشەوق و پڕشنگدارە،وتیشك بۆ دوورترین وتاریكترین گۆشەی پەنهان و كەناری نادیاری جیهانی بەرین و بێ مەرزو سنووری دەروون و ناخی بنیادەم دەهاوێت.دەقی ئەدەبی ، بە تایبەتی چیرۆك،بەزەبری خەیاڵ خۆی بە كون و كەلەبەرو پەناو پەسێوی هێندە قوڵ ونهێنی نیهادی مرۆڤدا دەكات، كە هیچ هونەرو زانستێكی دیكە ناتوانێت بیگاتێ..زمان یەكێكە لە داهێنانە هەرە گەورەكانی بەشەرو بە درێژایی مێژووی بەشەر خزمەتی كردووەو خزمەتكراوە، پوختەكراوە، مشت وماڵ دراوە،تا هەم دنیای بەرینی دەرەكی باشتر بنوێنێ وبناسێنێ و هەم دنیای ئاڵۆزی دەروون ونیهاد باشتر وێنە بگرێت و بەرجەستە بكات..ئەدەبیات یەكێك بووە لە فاكتەرە هەرە گرینگەكانی پوختەكردن و خەملاّندن وكاراكردن و چالاكاندنی زمان.ئەگەر زمان بۆ زانستەكانی دی كەرەستەیەكی خاو بێت و هۆیەك بێت لە هۆیەكانی تێگەییشتن و تێگەیاندن، ئەوا بۆ ئەدەبیات هەوێن و ماكی هەرە زندووە،وشێوەو جوڵە ، بە گشت وێنە دیارەكان و خەیاڵە پەنهانەكان دەبەخشێت..یانی ئەدەبیات دەكاتە مامەڵەیەكی یەجگار هونەریانە دەگەڵ خودی زماندا،واتە بەرهەمهێنانەوەیەكی هونەریانەی زمانە..لێرەوە ئەوە دەردەكەوێت كە ئەدەبیات بۆ منداڵ و نەوجەوانان یەجگار پێویستە..بە تایبەتی چیرۆك كە ئاوێتەیەكە لە فانتازیاو واقیع، لە حەقیقەت و خەیاڵ، ڕێك پڕ بە پێستی واقیعی تەمەن و تەبیعەتی منداڵ و نەوڵاوان و لاوانە،كە تەمەنێكی دەڵەمەی نەمەیوی ئاوێتەیە لە واقیع وخەیاڵ.جا ئەدەبیات وەكو ئەوزارێك كە هەردوو جیهانی واقیع و خەیاڵ بە وردی دەخاتە ڕوو وبە ڕوونی دەیناسێنێت وبەرجەستەی دەكات،یەكێكە لەو خۆراكە واقیعی و ڕۆحیانەی نابێت مندالاّن بە گشتی و نەوڵاوان و لاوانی لێ مەحرووم وبێبەش بكرێت.هەڵبەتە دەبێت ئەوەش بگوترێت كە خوێندنەوەوبایەخدان بە كتێبان بە زۆری لە قۆناغی نەوجەوانی و سەرەتای لاویەوە دەست پێدەكات وئەم قۆناغە نەك هەر لە دیاریكردنی

دوا شێوەی ژیانی تاکدا، بەڵکو لە دیاریکردنی ڕێگەو ڕەوشی ژیانی ئایندەشدا دەوری گرینگ و سەرەکی دەبینێت..کەچی لە وڵاتی ئێمەدا وەکو پێشتریش ئاماژەم کردێ، بایەخێکی ئەوتۆ بە کتێبانی تایبەت بە منداڵ و نەولاو ولاوان نەدراوە، جا لەو گۆشەنیگایەوە کە منداڵ بە گشتی و نەوجەوانان بە تایبەتی ئاوێنەی کۆمەڵن، هەرچەند سەیری ئەم ئاوێنەیە بکەیت و بیر لە کۆمەڵگەی داهاتووی کورد بکەیتەوە بە داخەوە تەنیا وێنەیەکی تەڵخ و لێڵ و تاریك دەبینرێت....

بۆیە بەندە لەبەر گشت ئەو هۆیانەی باسکران وەکو بەشدارییەك لە خزمەتی منداڵان و مێردمنداڵانی کوردا ئەم کارەم کردووە بە کوردی، هیوادارم بە دڵیان بێت، دەنا ماڵی قەڵب سەری ساحێبی.

***تێبینی:بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:***

*-برنوبتلهایم/کودکان به قصه نیاز دارند(کاربردهای افسون) مترجم:کمال بهروزکیا/چاپ اول ١٣٨٤

*-دایره المعارف فارسی/به سرپرستی:غلامحسین مصاحب/جلد اول/چاپ پنجم/١٣٨٧ ص٧٢

*- ناودارنی ئەدەب/ئا:حەمەکەریم عارف/چ١/٢٠٠٩/دەزگای موکریانی

## ١- شەوێکی جوانی هاوین

ئەو شەوە دارستانەکە کڕوکپ و ئارام بوو. گوڵەکان نووستبوون، درەختەکانیش لە شیرینی خەودا بوون، تەنانەت وردەگیاکانیش خەوتبوون.

گوڵە نیلۆفەڕی شین لە نێو گۆلاوەکەدا، بە گوڵە سەوزە پاراوو تەڕو تازەکانیانەوە، بەوپەڕی جوانی خۆیان دەنواند. لە پڕێکا پوشکە بە قونەیەك لەسەر گەڵای گوڵە نیلوفەڕێك نیشتەوە. نیشتەوەی پوشکە بە قونەکە ڕێك وەکو نیشتنەوەی فڕۆکەیەك بوو لە فڕۆکەخانەدا. مانگ لە ئاسمان وەکو کەوان دەرکەوتبوو. بایەکی خۆشی دەهات. مێرولەیەك لەسەر گیایەکی سەر ئاوەکە دانیشتبوو و خەریك بوو دەگریا. گوڵە نیلۆفەڕەکە کە گوێی لە دەنگی گریانی مێرولەکە بوو لێی پرسی: **"چیت لێقەوماوە، مێرولەی چکۆلە؟"**

مێرولە وەڵامی دایەوە: **"کەوتمە ئاوەکەوەو پاشان بە هەزار حاڵ خۆم گەیاندە سەر ئەم پوشەی وا بەسەر ئاوەکەوەیە، بەڵام دەترسم نوقوم ببم و بخنکێم."**

نیلوفەڕەکە گوتی: **"من گەڵاکانی خۆمت بۆ شۆڕ دەکەمەوە. تۆش وەرە سەر گەڵاکانی من".**

بەمجۆرە مێرولەکە سەرکەوتە سەری و سوپاسی نیلۆفەڕەکەی کرد.

نیلۆفەڕەکە گوتی: **"شەو لێرە بمێنەوەو بزانە شەوی هاوینی بەر تریفەی مانگەشەو چەند جوانە!".**

مێرولە چکۆلەکە سەری باداو گوتی: **"ئاخر باوکەو دایکە نیگەرانم دەبن."**

نیلۆفەڕی دلۆڤان گوتی: **"دەی کەواتە با لەگەڵت بێم و بتگەیەنمەوە ماڵێ. تا باب و داکت ناڕەحەت نەبن."**

بەڵام چونکە ڕەگ و ریشەکانی لە ئاوەکەدا بوو،چەندی تەکان و گوڕ دایە خۆی نەیتوانی لە جێی خۆی بجوڵێت. مێرولەکە پرسی: **"چی بووە، ئایا هیچ رووی داوە؟".**

نیلۆفەڕەکە وەڵامی دایەوە: **"دەمویست تۆ بگەیەنمەوە ماڵێ، بەڵام هەرچی دەکەم ناتوانم بجوڵێم".**

پوشکە بەقونە چکۆڵەکە کە گوێی لە گفتوگۆکەی ئەوان بوو بوو گوتی: **"قەیدی نییە، کەواتە من دەیگەیەنم."**

هات لەلای مێرولەکەوە نیشتەوە. هەڵوستەیەکی کردو گوتی: **"بەداخەوەم کە ناتوانم بەم تاریکییە بفڕم."**

لەم کاتەدا گوڵە ئەستێرەیەك لەوبەری گۆلاوەکەوە گوتی:

**"باشە رووناکی من بۆ ئێستا نەبێ بۆ کەی باشە؟ من ڕێنوێنیان دەکەم."**

ئەویش هات و لەلای ئەوانەوە نیشتەوە.

ئەوسا مێروولە چکۆلەکە چوو لەسەر پشتی پوشکەبەقونەکە دانیشت، گوڵە ئەستێرەکەش ڕێی بۆ رووناك کردنەوەو بەڕێکەوتن.

مێروله چكۆلەكە گوتی: **"خودا حافیز نیلۆفەڕی جوان‌و دلۆڤان"**.

ئەوسا هەڵفڕین، ڕۆییشتن ڕۆییشتن‌و بەسەر شاخ‌و داخاندا تێپەڕین، بەسەر مێرگ‌و مێرگوزاراندا تێپەڕین تا گەییشتنە ماڵی مێروله چكۆلەكە. دایك‌و بابی مێرولەكە بە خەمباری لەبەر ماڵەوە وەستا بوون. كە چاویان بە منداڵەكەیان‌و هاوڕێ دلۆڤانەكانی كەوت، لە خۆشیا گەشانەوە. دایكی مێرولەكە گوتی: **"فرزەندی ئازیزم دەی خێرا سوپاسی هاوڕێكانت بكە كە یارمەتیان داویت و تۆیان بۆ ماڵ هێناوەتەوە"**.

مێروله چكۆلەكە ئاوڕی دایەوە، دڵی خۆی‌و دایك‌و باوكی بەو مەحەبەت‌و دۆستایەتیەی هاوڕێكانی خۆش بوو، دڵی هاوڕێكانیشی بەوە خۆش بوو كە یارمەتی هاوڕێ چكۆلەكەی خۆیان دابوو..

تەحا شەوی هاوین چەند خۆشە!.

## ٢-گەمە بە كڵاو

ئەگەر لەبەر هەتاو بوەستی‌و جل‌و بەرگی تۆخت لەبەر بێت، زۆر زوو هەست بە گەرما دەكەیت. بەڵام ئەگەر جلی كاڵت لەبەر بێ، هەست بەو حاڵە ناكەیت. ئایا دەزانی هۆی ئەمە چییە؟

كە بوو بە نیوەڕۆ، هەتاو هێدی هێدی هات تا گەییە ناوەندی ئاسمان. (تانگپی) بە كڵاوێكی ڕەش‌و یەكێكی سپییەوە لە ژوورەوە هاتە دەرێ‌و خوشكە چكۆلەكەی گازكرد: **"شینگپی، شینگپی، لە كوێی؟"**

شینگپی بە هەشتاو هاتە نێو حەوشەو چوو بۆ لای براكەی. تانگپی ڕوی تێكردو گوتی: **"وەرە بە دوو قۆڵی یاری -ڕەنگی كڵاوەكەم چۆنە- بكەین!"**

شینگپی بە سەرسامی گوتی: **"ئەمە چۆن یارییەكە؟ چۆن مەزەندە لە ڕەنگی كڵاو دەگیرێ؟"**

تانگپی وەڵامی دایەوە: **"یارییەكە ئەمەیە كە تۆ بە پارچەیەك چاوی من ببەستی‌و پاشان یەكێك لە كڵاوەكانم بكەیتە سەر، من بەبێ ئەوەی كڵاوەكە بدینم، دەتوانم مەزەندە بگرم‌و پێت بڵێم كە كڵاوە ڕەشەكەم لەسەرە یان كڵاوە سپییەكە."**

شینگپی باوەڕی نەكرد. بەڵام لەسەر قسەی برایەكەی پارچەیەكی خاوێنی هێناو چاوانی براكەی بەست، كە تەواو دڵنیا بوو براكەی هیچ نابینێ، یەكێك لە كڵاوەكانی هێناو نایە سەر تانگپی‌و داوای لێكرد كە ڕەنگی كڵاوەكەی پێ بڵێ. تانگپی پێنج دەقیقەیەك سەبری كردو پاشان گوتی: **"ڕەنگی كڵاوەكە ڕەشە."**

تانگپی، ڕەنگی كڵاوەكەی هەڵهێنا بوو. شینگپی بە خۆشحاڵییەوە هەڵدەبەزییەوەو ستایش‌و ئافەرینی برایەكەی دەكردو لە هەمان كاتدا بەلایەوە سەیر بوو كە چەند جارێكی دیكەش گەمەكەیان تاقیكردەوەو تانگپی لە هەموو جارەكاندا بە دروستی ڕەنگی كڵاوەكەی هەڵهێنا بوو.

باشه، ئێستا تۆ دەزانی پێمان بڵێی تانگپی چۆن ڕەنگی کڵاوەکەی بە دروستی هەڵدەهێنا؟

## ٣-مه نجه ڵی بوخار

ئایا لە کاروباری ماڵەوە، بۆ نموونە لە چێشت لێناندا یارمەتی دایکتان دەدەن؟ ئایا لە موبەقدا ئەو مەنجەڵەت دیتووە کە زۆر بە خێرایی خواردن دەکوڵێنیٚ، هیچی دەربارە دەزانی؟ ناوی ئەو مەنجەڵە چییە؟ دەیسا ئێستا چیرۆکی مەنجەڵی کەپوو درێژ بخوێنەوە تا باشتر لێی شارەزا بیت.
ئەو مەنجەڵەی کە دایکی (شیاوخو) خواردنی تیا لێدەنا کۆن بوو بوو، و لە کەڵك کەوتبوو. ساڵانێك بوو ئەو مەنجەڵە لە خزمەتی ئەو خێزانەدا بوو، و چێشتیان تیا لێدەنا، ئیدی ڕەش بووبوو و دەبوایە (خانەنشین) بکرایە. هەر بەینی خۆمان بیٚ مەنجەڵەکەش حەزی دەکرد ئیدی ئیسراحەت بکات. بەڵام نیگەرانی ئەو مەنجەڵە بوو کە جێی ئەوی دەگرتەوە. بیری لەمە دەکردەوە کە ئایا بە دروستی و بە باشی کارەکەی ئەنجام دەدا؟ بە هەرحاڵ ئەو ڕۆژەی کە دایکی شیاوخو لێبڕا ئەو مەنجەڵە کەنار بخات، چوو بۆ بازاڕو مەنجەڵێکی تازەی کڕی و بۆ ماڵەوەی هێنایەوە. مەنجەڵە کۆنەکە بە دیتنی مەنجەڵە تازەکە سەری سوڕما، چونکە دیمەنێکی سەیرو غەریبی هەبوو، لووتێکی زۆر درێژی هەبوو، بورغویەکی بزۆزی بە سەرەوە بوو. کە وەختی چێشت لێنان هات دایکی شیاوخو کەرەستەی خۆراکەکەی خستە مەنجەڵەکەوەو سەرەکەی توند نایەوە. خستیە سەر تەباخەکە. کۆنە مەنجەڵەکە لە کارو کردەوەکانی دایکی شیاوخو حەپەسا بوو، چونکە بیری لەوە دەکردەوە کە خواردنەکان لاقیان نیە تا لە نێو مەنجەڵەکە بێنە دەریٚ. ئەدی بۆچی دایکی شیاوخو ئاوا سەرەکەی توند دەکات. کاتیٚ دایکە لە توند بوونی سەری مەنجەڵەکە دڵنیا بوو، مەنجەڵەکەی نایە سەر تەباخەکە!
کاتیٚ مەنجەڵە تازەکە پڕ بوو لە بوخار لە پڕ لە بورغوەکەی سەری مەنجەڵەکەوە هەڵم و بوخار بەرز بووەوەو دەنگێکی بەرزی لێوە هەستا. مەنجەڵە کۆنەکە ترسی لێنیشت بوو و بە نیگەرانییەوە چاوەڕوان بوو تا دایکە فریا بکەویٚ. پێی وابوو هاکا مەنجەڵەکە تەقی! بەڵام دایکە بە کاوەخۆو بە هێمنی لە مەنجەڵەکە نزیك بووەوەو تەباخەکەی کوژاندەوەو ڕۆیی، مەنجەڵە کۆنەکە لە دڵی خۆیدا گوتی: چەند زووو! یانی بەڕاستی خواردنەکەی ناوی کوڵاوە.
نیوەڕۆ کە کاتی فراڤین هات، شیاوخو بە دایکی گوت: "خواردنی ئەمڕۆمان چەند خۆش و بەتامە؟"
دایکە پێکەنی و گوتی: "ئاخر بە مەنجەڵی تازە لێم ناوە."
شیاوخو پرسی: "چما مەنجەڵی تازەت کڕیوە؟"
دایکی گوتی: "بەڵیٚ، مەنجەڵێکی بوخارم کڕیوە. لەم مەنجەڵەدا هەوای گەرم کۆ دەبێتەوەو هەڵم و بوخارێکی زۆر دەکات. بە زەبری ئەو هەڵم و بوخارە، خواردنەکە زۆر زووتر دەکوڵیٚ."

مەنجەڵە کۆنەکە کە گوێی لە قسەکانی دایکی شیاوخو بوو ئیدی خەیاڵی ئاسوودە بوو، و بە خۆشحاڵییەوە بیری کردەوە کە هەنووکە دەتوانێ بە خەیاڵی ڕەحەتەوە خانەنشین ببێ.

## ٤-گوڵەکانی بابە گەورە.

بابە گەورە گوڵی زۆر خۆشدەویست، حەزی لە گوڵ بوو. بەردەوام لە ئینجانەدا یان لە باخچەکەی ماڵەوەدا گوڵی دەڕواند. بە تایبەتی لەبەر هەیوانی ماڵەکەدا گوڵی جوانی پەروەردە کردبوو، تا لە ژوورەوە دیمەنی جوانیان دیار بێت. گوڵی سپی، ئەرخەوانی، پەمەیی، زەرد. (چاچان ) حەزی دەکرد هەر دانیشێتو تەماشای ئەو گوڵانە بکات.

ڕۆژگار هاتو ڕۆیی، چاوانی بابە گەورە زۆر کزبوونو ئیدی توانای دیتنیان نەما بوو. بەڵام بەو حاڵەشەوە بە دڵو بە گیان گوڵەکانی ئاو دەداو ئاگاداری دەکردن. ڕۆژێك چاچان بە سەرسامی لە بابە گەورەی پرسی: **"بابە گەورە، خۆ تۆ تازە گوڵەکان لە یەکتر جیاناکەیتەوە، بۆچی هێشتا هەر خزمەتیان دەکەیتو ئاویان دەدەی؟"**.

بابە گەورە وەڵامی دایەوە: **"ڕاستە من گوڵەکان بە باشی نابینم، خۆ تۆ دەیانبینی! ئەوانەی دێنە ئەم ماڵە،و هاتوچۆی ئەم ماڵە دەکەن گوڵەکان دەبینن. تەنانەت دراوسێکانی بەرانبەرمانو هەموو کەسێك لەزەت لەدیمەنو دیتنی گوڵەکان دەبینن."**

چاچان ئەوسا تێگەیی کە بابە گەورە تەنیا لەبەر خاتری خۆی حەز لە گوڵان ناکات، بۆیە گوڵ بەخێوو پەروەردە دەکات تا هەموو خەڵکی لەزەتی لێ ببینن، بابە گەورە لەزەتی لە لەزەتبردنی خەڵکی دەبینی.

## ٥-بەفری هاوین!

چەند ڕۆژێك بوو دنیا زۆر گەرم بوو بوو! هەرچەندە (مینپەن) تەنیا بلوزێکی تەنکی لەبەردا بوو، بەڵام شەلاڵی ئارەقە بوو بوو، و لەیەکبینە ئارەقەی دەردەدا،و لەبەر خۆیەوە بیری دەکردەوە: **"ئۆف! کەی بەفر دەبارێ؟"**.

هەرکە ئەو قسەیەی لە زار دەرچوو، بوتڵە نۆشابەیەکی گەورە لەسەر مێزی ژوورەکە قوت بووەوە، دەنگی پێکەنینێکیش لەناو بوتڵەکەوە دەهاتە گوێ.

مینپەن کە واقی وڕما بوو، هاواری کرد: **"بۆچی پێدەکەنی؟"**

بۆتڵە نۆشابەکە هاتە زمان،و وەڵامی دایەوە: **"باشە تۆ نەتدەویست بەفر ببارێ، من دەتوانم تۆ بۆ مەڵبەندی بەفران بەرم!"**.

مینپەن گوتی: **"بەڵام... تۆ بەچی من بۆ ئەوێندەر دەبەی؟"**

بوتڵە نۆشابەکە دیسان دەستی بە پێکەنین کرد، گەورەو گەورەتر بوو، وای لێهات دەیتوانی مینپەن بخاتە سەرپشتی خۆی. ئەوسا داوای لە مینپەن کرد لەسەر پشتی ئەو دانیشێتو بەدوو قۆڵی لە شەقەی باڵ بدەنو بفڕن.

بە دوو قۆڵی ڕۆییشتن ڕۆییشتنو ڕۆییشتن تا گەیینە هەوران، تا زیاتر دەچوونە ناو هەورەکانەوە دنیا ساردتر دەبوو، تا گەییشتنە شوێنێ کە هەر چوار دەوریان بەفر بوو. مینپەن بە شادییەوە هاواری کرد: **"ئای، بەفر، بەفر، چەند بەفرێکی جوانە!"**.

لەو کاتەدا بوتڵە نۆشابەکە عەینەکێکی دایەو گوتی:

**"ئەگەر ئەم عەینەکە لە چاو بکەیت هەر هەموو ڕووداوەکانی سەر زەوی دەبینی"**.

مینپەن عەینەکەکەی لە چاوکردو ڕوانیە زەوی. لە خاڵێکی سەر زەویدا — لە کاتێکا کە بەفر دەباری— پۆلە مەلێك کە غافڵگیر بوو بوون، بەترسو لەرزەوە هەڵدەهاتن، بەڵام کلو بەفران بەسەر سەریاندا دادەباریو بەرەو زەوی دەیبردن. تەنانەت هەندێکیان خەریك بوون لە سەرما ڕەق دەبوونەوە، چونکە ئەو وەرزە وەرزی بەفر نەبوو، خەڵکی بە ترسەوە هەڵدەهاتن بەدەم ڕاکردنەوە بەردەبوونەوە. مینپەن کە ناڕەحەتو نیگەران بوو بوو دەستی بەگریان کرد. بۆتڵە نۆشابەکە کە بینی مینپەن زۆر نیگەرانە گوتی: **"دەی بڵێ بزانم هەنووکە چ وەرزێکت گەرەکە؟"**

مینپەن گوتی: **"پاییز، پاییز باشترە."**

لەم کاتەدا بەفرەکان کەوتنە توانەوەو ئیدی بەفر نەبارییو هەتاو بەرە بەرە دەرکەوت، بەفری سەر زەوی. بەرە بەرە توایەوەو گوڵان کەمێك گەشانەوە. ئەو باڵندانەی کە بەفر کەسیرەی کردبوون، دەستیان بەجمو جوڵ کرد. بەڵام هێشتا بە تەواوەتی بەخۆ نەهاتبوونەوە. مینپەن سەیری کرد وەرزی پاییزیش هەندێ کێشەی هەیە کە ئەو بیری لێنەکردبووەوە. هیچ بوونەوەرێك لەو وەختەی ساڵدا چاوەڕوانی وەرزی پاییزو زستانو بەهار نەبوو. وەرزی بەهار لەو وەختو زەمانەدا لەبارترین وەرز بوو. چونکە لە هەر وەرزێکا کۆمەڵە گۆڕانێك بۆ بوونەوەران دێتە پێشێ، هەر وەرزە گۆڕانی خۆی دەگەڵەو دەگەڵ ژیانی بوونەوەراندا دەسازێت. ئەگەر وەرزەکان بەرێزو دوا بە دوای یەك نەیەن یان یەکێك لە وەرزەکان دووجار بە دوای یەکدا بێت کار لە ژیانی بوونەوەران دەکات. بۆیە وا باشتر بوو لەو وەختەی ساڵدا هاوین بێ. لەبەر ئەوە هاواری کرد:

**"هاوین، هاوینی گەرم وەرە."**

مینپەن سەیری کرد بوونەوەران بە هاتنی هاوین زۆر خۆشحاڵ بوون، چونکە لە دوای بەسەربردنی پاییزو زستانو بەهار پێویستیان بە وەرزی هاوین بوو، میوەی درەختان لە وەرزی هاویندا بە تەواوەتی پێدەگەن. بەڵام بۆ ئەوەی دنیا زۆر گەرم نەبێ مینپەن داوای بارانی کرد. بارانێکی باش دایکردو هەموو بوونەوەرانی سەر ڕووی زەویش خۆشحاڵو شادمان دەهاتنە بەرچاو. دنیاش فێنك تر بوو.

مینپەن لە دەنگی خرمەخرمی باران کە لەپەنجەرەی ژوورەکەی دەدا لە خەو راپەڕی، کە بینی باران دەباریٚ زۆر خۆشحالٚ بوو وبزەیەکی هاتیٚ کە لەو خەونە باشەیدا دەرسێکی تازە دەربارەی وەزران فێر بوو بوو.

## ٦-ڕاهێنەری سەگ

پشووی هاوین دەستی پێکرد. شالی دەگەڵ دایکیدا بۆ گەڕان چوون بۆ بازار. دایکی بۆ باخی گیاندارانی برد. شالی کە زۆری حەز لە دیتنی حەیوانات و گیانداران دەکرد، زۆر خۆشحالٚ بوو. یەکێك لەو گیانلەبەرانەی کە زۆری چووە دڵەوە، سەگێکی چکۆلە بوو کە ژماردنی ژمارانی دەزانی! ئەم سەگە کە لەسەر ژماردنی هەندیٚ ژماران مەشق درابوو، گەلێك لە قوتابیانی لە خۆی خڕکردبووەوە.

شالی کاری ئەم سەگەی زۆر پیٚ سەیر بوو، لە دایکی پرسی: **"باشە ئەم سەگە چۆن دەتوانیٚ بژمێریٚ، خۆ نەچووەتە قوتابخانە."**

دایکی وەڵامی دایەوە: **"بە سەرپەرشتی ڕاهێنەرو فێرکەرەکەی فێر بووە کە ژماران کۆ بکاتەوە یان دابەش بکات.دیارە مامۆستاکەی یەجگار باش بووە چونکە ئەوەتا سەگەکە تاقە هەڵەیەکیش ناکات.**

کاتیٚ کە بۆ گوند گەڕانەوە، شالی یەکسەر بە فڵچەی گەورە نیشانەکانی (+، −، ×، ÷)ی لەسەر چەند کارتێکی سپی نووسی، هەروەها لە ژمارە یەکەوە تا ژمارە دەشی لەسەر چەند کارتێکی دی نووسی. ئەوسا سەگە زەردی، کە سەگێکی زەلام بوو، و پاسی ماڵەکەی دەکرد، بانگ کرد. سەگەکە کە گوێی لە دەنگی خاوەنەکەی بوو هات بۆ لای. شالی چوار کارتی خستە بەردەم کە لە سەریانی نووسی بوو (١+١=٢)،و بە سەگەکەی گوت: **"سەگە گیان، من دەمەویٚ تۆ فێری کۆکردنەوەی ژماران بکەم. جاگویٚ بگرە. یەکەمجار لە ئاسانترینیانەوە دەست پێدەکەین: "یەك و یەك یەکسانە بە دوو، فەرموو ئێستا جوابم بدەوە بزانم، یەك و یەك دەکاتە چەند؟"**

سەگەکە بە چاوانی ئەبڵەقەوە تەمەشای شالی دەکردو لێی تێنەدەگەیی. شالی توڕە بوو، بە توڕەیی هاواری بە سەردا کرد: **"هەی گەوجی بیٚ دەماغ، سەگەکەی باخی گیانلەبەران زۆر لە تۆش بچووکتر بوو و ژمارەو کۆکردنەوەو دابەشکردنی دەزانی، کەچی تۆ نازانی یەك و یەك دەکاتە چەند!"**

دایکی شالی کە لە ژوورەوە گوێی لە قسەکانی شالی بوو بوو، بە دەم پێکەنینەوە لە ژوور وەدەرکەوت و پێی گوت: **"کوڕم تۆ نابیٚ توڕە ببی، خۆ سەگ وەکو بەشەر ئەقڵی نییە، ناتوانیٚ وەکو ئێمەی بەشەران زانست فێر ببیٚ، سەگە چکۆلەکەی باخی گیاندارانیان بە زەبری خۆراك مەشق دادابوو. ئەدی نەتبینی کە بە دروستی کۆی دەکردەوە خواردنیان دەدایە. جا ئێستا تۆش ئەم سەگە تەعلیم بدەی."**

داكی دوای ئەو قسانە چووە ژوورەوە. شالی لە فكران ڕاچوو، پاشان ڕووی كردە سەگەكەو گوتی: **"عەیبیش ناكا! چما فێر بوون بە مەرجە.من كە نمرەی سەدی سەدیش وەردەگرم چاوەڕوانی هیچ دیارییەك لە دایكو باوكم یان مامۆستاكەم ناكەم. تۆ بۆ كۆكردنەوەی یەكو یەك دیاریو خواردنی زیادەت لە من دەوێ؟!"**

شالی دوای ئەوەی كەمێك سەرزەنشتی قوتابییە تازەكەی كرد، چووە ژوورەوەو بڕێك پسكیتی تازەو برژاوی لە دایكی وەرگرتو بۆ لای سەگە زەرد گەڕایەوە، هەوڵیدا بە دروستی قسەكانی دایكی جێبەجێ بكات. بۆیە ژمارە دووی ،كە لەسەر كارتێكی نووسی بوو ،خستە دەمی سەگەكەوەو هانی دا كە لە دوای نیشانەی = دای بنێت. ئەوسا چەند پسكیتێكی دایە. سەگەكە كە بە خواردنی پسكیتەكە چەشە بوو بوو، بە خۆشحاڵییەوە بۆ لای كارتۆنەكان چوو، ئەمجارەیان كارتێكی هەڵگرت كە ژمارە پێنجی لێ نووسرا بوو و لە پاڵ نیشانەی = داینا و دیسان دەمی بۆ پسكیت كردەوە. هەڵبەتە ئەمجارەیان پسكیت لە ئارادا نەبوو.

شالی لە ڕۆژی دووەمدا توانی سەگەكەی فێری ئەوە بكات كە یەكو یەك دەكاتە دوو. هەڵبەتە تەماشایەكی قاپە پسكیتەكەی كردو كە بینی جگە لە چەند پسكیتێك هیچی تری تیا نەماوە، كەمێك ناڕەحەت بوو. بەڵام یەكسەر بە خۆی گوت: **قەیدی نیە، بەس نیە لە گوندەكەی ئەواندا جگە لە سەگەكەی ئەو هیچ سەگێكی تر نییە، بزانێ یەكو یەك دەكاتە دوو. بە شادمانییەوە لە ماڵ دەرپەڕی تا ئەم هەواڵە بە منداڵانی گوند بدات.**

## ٧-سیسركی كتێبخانە

ڕۆژێ لە ڕۆژان سیسركێك كە لە كتێبخانەی ماڵێكدا دەژیا، دۆستێكی خۆی كە لە موبەقی هەمان ماڵدا دەژیا، دەعوەت كرد تا سەرێكی كتێبخانەكە بدات. پاش ئەوەی هەردوو سیسركەكە گەیینە یەكدی دەستیان بە قسان كرد. سیسركەكەی كتێبخانەكە گوتی: **"من زۆر دڵم بە حاڵی تۆی دۆستی ئازیز دەسووتێت، چونكە لەوێ زۆر تەنیایتو دیارە هەست بە تەنیایی دەكەی. بەڵام من بە پێچەوانەوە لێرە زۆر خۆشحاڵم. ئێرە شوێنێكی ئەمنو ئەمانە كە زۆر بابەتی لەسەر كۆن، تازە، ئایندەو هەروەها شیعر، چیرۆك، مێژوو، جوگرافیاو هەموو زانستەكانی تری تیایە دەتوانی بیانخوێنیتەوەو زانیاریو زانایی پەیدا بكەی. من هەموو ئەوانەم خوێندووەتەوەو دەیان زانم. تەنانەت كۆمەڵێك كتێبو سەرچاوەم دەربارەی دەریایان، ئۆقیانووسان، دارستانو لێرەواران، گیانلەبەران، باڵندەو فڕاندان، بەرچاو كەوتوون. من لە ڕێگەی خوێندنەوەی ئەم كتێبانەوە، تەنانەت فیلی دارستانانیشم دیتووە، بەوری كوێستانانم دیتووە، هیچ شتێك نیە من زانیاریم لەسەری نەبێ یان نەم دیبێ.**

سیسركی موبەقەكە گوتی: **"چی؟ بەوری كوێستانانیشت دیتوە؟ شتێكی ترسناكە!"**

سیسرکی کتێبخانەکە گوتی: "**نەخێر، بەو جۆرەش نییە وەکو باسی دەکەن، بۆ خۆی لەسەر لاپەڕەی کتێبێکدا دانیشتبوو، نەدەجولاو نە ورتەی لێوە دەهات. منیش ماوەیەکی زۆر لەسەر سەری دانیشتم! زەرەیەکیش نەترسام!**"

لەم کاتەدا پشیلەیەك کە مشکێکی ڕاودەنا لە موبەقەکەوە خۆی بە کتێبخانەکەدا کرد، پشیلەکە بە چاوانی درەخشانەوە، سمێڵە درێژەکانی دەجولاندو بە دووی مشکە چکۆڵەکەدا دەگەڕا. سیسرکی کتێبخانەکە کە ئەم دیمەنەی بینی لە ترسا زمانی بەستراو دەلەرزی.

سیسرکی مەبەقەکە بەسەرسامی ڕوانیە دۆستەکەی و گوتی: "**دۆستی ئازیز، چیتە؟**"

سیسرکی کتێبخانەکە کە لە ترسا نەیدەزانی چ بڵێ گوتی: "**بەور هاتووە، خێرا خۆت وەشێرە... خۆت بکە بە شوێنێك دا کە نەتبینێ**".

سیسرکی موبەقەکە هەنگێ زانی کە مەسەلەکە چییە، پێکەنی و گوتی: "**دۆستی ئازیز، ئەمە پشیلەیە! ئەدی تۆ نەتگوت زانیاریەکی فرەت هەیەو هەموو شت دەزانی؟ خێرە وا پشیلەو بەور لێکدی جیا ناکەیتەوە؟**"

## ٨-مەلەوانی

دوا نیوەڕۆیەکی گەرمی رۆژێکی هاوین بوو. هەتاو بوو بوو بە تۆپەڵێك ئاگرو بایشی نەدەهات. دنیا یەجگار گەرم بوو. (چیلی) چەند هەفتەیەك بوو کە بۆ دەستپێکی هاوین، لە مەلەگەکەی گەڕەکی خۆیاندا ناوی خۆی قەید کردبوو. کە سەیری کرد دنیا زۆر گەرمە وای بە باش زانی بڕوات بۆ مەلەگەکەو گەمەو مەلە بکات. خێرا جلەکانی هەڵگرت و بەرەو مەلەگەکە کەوتە ڕێ.

چیلی لە منداڵیەوە حەزی لە ئاوو مەلەوانی هەبوو، تەنانەت لە قوتابخانەش دەگەڵ گەلێك لە هاوڕێکانیدا دەچوون بۆ مەلەگە، مەلەیەکی باشی دەزانی.

کاتێ گەییە بەر دەرگای مەلەگەکە تەمەشایەکی ژوورەوەی کرد، کە قەرەباڵغ بوو! دەتگوت ئەو رۆژە هەموو خەڵکی بۆ مەلە هاتبوون، تا خۆیان فێنك بکەنەوەو لەو گەرمایە رزگار بن. یەکسەر جلەکانی گۆڕی و بەرەو حەوزەکە ڕۆیی، (دەباو)،و (ئارباو)ش لەوێ بوون. کە ئەوانی بینی لێبڕا بچێ بۆ لای ئەوان و پێشبڕکێ بکەن. کە دەیویست خۆی هەڵداتە ئاوەکەوە، دەنگی سەرپەرشتیارو ڕاهێنەری مەلەگەکەی هاتە گوێ کە دەیگوت: "**ئەهای برالە، تۆ لەبەر ئەوەی بە غاردان و بەپەلە هاتووی، لە ڕێگا ئارەقەت کردووەتەوە، نابێ یەکسەر خۆت هەڵبدەیتە ئاوەکەوە، دەبێ هەوەڵجار کەمێك وەرزش بکەی ئەوسا بچیتە ئاوەکەوە دەنا لەوەیە لاقت لە ئاوەکەدا ڕەق ببێ و دەمارەکەی بوەستێ.**"

بەڵام هەرکە ڕاهێنەرەکە لە قسەکانی بووەوە چیلی خۆی هەڵدایە ئاوەکەوەو ئاوێکی زۆر بە سەروچاوی ڕاهێنەرەکەدا پرژا.

چیلی وەکو ماسی زۆر بە پەلە مەلەی دەکرد. هەندێجار بن گومی لێدەدا، هەندێجار هەڵبەزو دابەزی دەکرد،و بە کورتیەکەی هونەری مەلەوانی خۆی دەنواند. دەباو ئارباو دەستیان بۆ بەرزکردەوە و چیلی بە دەم مەلەوە بە پەلە بەرەو ئەوان چوو، لە ناکاودا (ئاخێکی) لیٚ بەرز بووەوەو لە ئاوەکەدا نقوم بوو. دوای تۆزێك هەردوو دەستی چیلی لە ئاوەکەوە دەهاتنە دەریٚو چنگی بە هەواکەدا دەکردو دووبارە نقوم دەبووەوە. منداڵەکان ترسا بوون، یەکدەنگ هاواریان کرد:

**"خنکا، خنکا، فریا کەون، فریاکەون!"**

ڕاهێنەرەکە یەکسەر خۆی هەڵدایە ئاوەکەوەو خۆی گەیاندە ئەو شوێنەی کە چیلی لێبوو. منداڵە چکۆلەترەکان هاواریان دەکردو خەمی چیلیان بوو. دوای چەند دەمێك ڕاهێنەرەکە چیلی لە بن ئاوەکەدا دۆزییەوە. ئەم چەند ساتە بۆ منداڵەکان یەجگار دوورو درێژ بوو.

ڕاهێنەرەکە، چیلی، هێنایە کەنار حەوزەکەو پێی گوت کە ڕابکشێت تا لاقی مەساج بدات. لاقی بشێلیٚ. چیلی لە تاو ئازاری لاقی کەوتبوە گریان. ڕاهێنەرەکە هێدی هێدی لاقی شێلا، وردە وردە ئازاری لاقی کەم بووەوە، چیلی لە ئارباوی، کە بە دیاریەوە وەستا بوو، پرسی: **"تۆش لاقت لە ئاوەکەدا لەگیر دەوەستیٚ؟"**

ئارباو گوتی: **"ئێمە هەمیشە پێش ئەوەی بچینە ئاوەکەوە، کەمێك وەرزش دەکەین تا ماسولکەکانی لەشمان گەرم بێن. بۆیە کەمتر شتی وامان بەسەر دێت."**

چیلی گوتی: **"مستەهەقم! من بەگوێی ڕاهێنەرە میرەبانەکەمانم نەکرد. وامدەزانی مەلەیەکی ئەوتۆ دەزانم کە پێویستیم بەم کارانە نییەو لە خۆم بایی بووم. بەڵام هەنووکە بەڵێن بە هەمووتان دەدەم کە لەمەودا لە هەوەڵەوە وەرزش بکەمو پاشان خۆم بە ئاوەکەدا بکەم.**

## ٩-کیٚ ڕزگاری کردم؟!

ڕۆژێکی پشوو بوو، چینگلو، بە ئیزنی دایكو باوکی لێبڕا بچیٚ بۆ ماڵی پوری کە لە چیادا دەژیان. کە بەڕێکەوت ڕۆژەکەی بەلاوە خۆشو جوان بوو. دڵخۆش بوو بەوەی کە دوای ماوەیەکی زۆر پوری دەبینیٚ. کە لە چیا نزیك بووەوە لە پڕ دەنگێکی سەیرو نامۆی هاتە گویٚ، دەنگی گورگ بوو. چینگلو لە ترساندا کەوتە لەرزین. گەلە گورگێك لە دوورەوە دیار بوو. ئیدی بەتەواوەتی ورەی بەرداو لە ترساندا دەلەرزی. لەو ساتەدا دایكو بابی بیرکەوتنەوە کە چەندی خۆش دەویستن. دۆستەکانی یەك یەك هێنایە بەرچاوی خۆی، پەشیمان بوو لەوەی کە بەتەنیا بۆ چیا هاتبوو. خۆزیا چەکێکی پیٚ بوایەو بیتوانیبا بەرگری لە خۆی بکات، بەڵام نەك چەك، تەنانەت بەردێکیشی پیٚ نەبوو. گریان ئەوکی گرت، لە دڵی خۆیدا دەیگوت: **"تەواو! تەواو**

**بوو!" بەڵام... زۆر سەیرە! باشە گورگەکان بۆ نایەن، ناشێت گورگان حەزیان لە گۆشتی بنیادەم نەبێت؟!"**

کاتێ کە بە باشی بیری کردەوە، خەریك بوو لەسەرسامیدا شێت ببێ. باوەڕی بەچاوی خۆی نەدەکرد، لە پەنا دار سەرویەکی نزیکی ئەوەوە، بەردەفڕکێ بەرەو گورگەکان دەستی پێکرد. گورگەکان کە ترسا بوون، یەك یەك هەڵاتن و پاشەکشەیانکرد. زۆری نەبرد کە تاقە یەك گورگیش لەو ناوە نەما. ئەم بەردانە لە کێوە هاتن؟ دەبێ یەکێك لە پشت درەختەکەوە خۆی مەڵاس دابووبێ. پێویستە بڕۆم سوپاسی ئەو کەسە بکەم. چونکە رزگاری کردم. چینگلو بەدەم ئەم بیرانەوە بەرەو لای درەختەکە رۆیی. بە وردی دیقەتی دەوروبەری درەختەکەی دا، نەك ئادەمیزاد، بەڵکو سێبەری ئادەمیزادیشی بەدی نەکرد. دار سەرووەکە ڕەق راوەستا بوو و چەند باڵندەیەك بە سەر لق و پۆپەکانیەوە نیشتبوونەوەو سەریان بۆ چینگلو دەلەقاندو جووکە جووکیان دەکرد. چینگلو دوای ئەوەی کەسی نەبینی روویکردە باڵندەکان و گوتی: **"هەرا هەرا، هیچ کۆمەکێکتان لە دەست نایەت و هەرا هەراش دەکەن؟!"**

ئەوسا کەوتە ڕێ تا گەییە ماڵی پوری، ئەوەی لە ڕێگە بە سەری هاتبوو، هەمووی بۆ پوری گێڕایەوە. پوری پاش ئەوەی گوێی لە حیکایەتەکەی چینگلو گرت پێکەنی و گوتی: **"تۆ هێشتا نازانی کێ رزگاری کردوویت؟ ئەوانەی تۆیان رزگار کرد، ئەو تەیرانەی سەر درەختەکە بوون، یانی هەمان ئەو باڵندە بەسەزمانانە بوون کە تۆ سەرزەنشتت کردوون!"**

چینگلو لە هەوەڵەوە باوەڕی بەو قسانە نەکردو پێی وابوو پوری گاڵتەی لەگەڵ دەکات. پوری سەرێکی لەقاندو لەسەری رۆیی: **"بەڵێ، وەکو گوتم باڵندەی تیرەنداز بوون. ئەم جۆرە باڵندانە هەر کە سووسەی گورگ دەکەن یەکسەر بەردبارانی دەکەن. دەنووکی ئەم جۆرە باڵندانە زۆر گەورەو بەهێزە، بۆیە دەتوانن لە گوێر توانای خۆیان بەردان هەڵگرن و بیهاوێژن. تەنانەت هەندێجار دوو بەردیش بە یەك کەڕەت دەهاون، و پەنجا شەست مەتریش دەڕوات، رێك وەکو چەك وایە! بۆیە گورگ زۆر لەم باڵندانە دەترسن.**

## ١٠-دڵۆپە

"شیاوپان" و برایەکەی پێکەوە بۆ قوتابخانە دەچوون. دایکیان شیاوپانی راسپاردبوو کە ئاگای لە برایەکەی بێ، گوتبووی چونکە زۆر بچووکە ئاگای لێی بێ. بەڵام ئەو رۆژە کاتێ براکەی شیاوپان لە خەو ڕابوو، شیاوپانی نەبینی، لە داپیرەی پرسی: **"شیاوپان کوا؟"**

داپیرە گوتی کە بەیانی زوو بۆ قوتابخانە رۆییوە. ئەویش خێرا نانی خواردو بۆ قوتابخانە رۆیی. لە رێگەدا بیری لەمە دەکردەوە کە شیاوپان لەوەتای چووەتە قوتابخانە کەمێك گۆڕاوە. ئەنجام گەییە قوتابخانەو یەکڕاست بەرەو پۆلی یەکەم رۆیی تا بزانێ شیاوپان لەوێیە یان نا،

کچۆڵەیەکی گچکۆکە لە بەردەم مێزی مامۆستاکەدا چۆکی دادابوو، بەڵام دیار نەبوو چی دەکات. کە لێی ورد بووەوە سەیری کرد ئەمە شیاوپانە، پەڕۆیەکی بچووکی بە دەستەوە بوو کە بە کاوەخۆ بەسەر کورسی مامۆستاکەیدا دێنا، کورسیەکەی دەسڕیو ئەوسا تۆزێ چاوەڕوانی دەکردو دیسان هەمان کاری دووبارە دەکردەوە. بۆ ئەم کارەی دەکرد؟

براکەی شیاوپان هێدی هێدی هاتو لە پشت ئەوەوە دانیشت، بەڵام شیاوپان هەر هەستی پێنەکرد،و درێژەی بە کارەکەی خۆی دا، ئەنجام براکەی تێگەیی کە شیاوپان بۆ ئەم کارە دەکات. کونێکی چکۆلە لە میچەکە بوو بوو، رێك لە ئاستی کورسی مامۆستاکەی شیاوپان دا بوو، و هەر سا ناساتێ دڵۆپەیەك لە میچەکەوە دەهاتە خوارێو دەکەوتە سەر کورسییەکە. شیاوپان چاوەڕوانی دەکرد تا دڵۆپەکە دەتکاو ئەوسا یەکسەر دەیسڕی.

برایەکەی بە جۆرێ کە شیاوپان نەترسێت، بە ئەسپایی گازی کردو گوتی: **"ئەوە تۆ چ دەکەی لێرە؟"**

شیاوپان سەری هەڵبڕی، کە براکەی بینی بزەیەکی کردو گوتی: **"تۆ تەماشا دڵۆپەکە رێك دەکەوێتە سەر کورسیەکەی مامۆستاو کورسیەکە تەڕ دەکات، من مامۆستاکەمم زۆر خۆش دەوێ، بۆیە حەز ناکەم کورسیەکەی تەڕو پیس ببێ، بۆیە من...."**

براکەی شیاوپان دەستی گرتو گوتی: **"وەرە، با بڕۆینە قاتی سەرەوەو بزانین هۆی ئەم دڵۆپەیە چیە؟"**

به جووتە چوونە قاتی سەرەوە، سەیریان کرد پۆلەکەی قاتی سەرەوە، کە پۆلی سێیەم بوون، بۆ رازاندنەوەو جوانکردنی پۆلەکەیان لێبڕا بوون کۆمەڵێك ئینجانەو گوڵدان بە خێو بکەن، بەڵام لەوە بێئاگابوون کە زەمینەو میچی بینایەکە تەختەو دارەو، لە کونی ژێر ئینجانەو گوڵدانەکانەوە ئاو دزەی کردووەو پۆلەکەی قاتی خوارەوە کە هەمان پۆلەکەی شیاوپان بوو، دڵۆپە دەکات. برایەکەی شیاوپانیش تەختە دارێکی چکۆڵەی پەیدا کردو درزو کونەکەی گرتو پاشان تکای لە منداڵەکانی پۆلی سێیەم کرد کە شوێنی گوڵدانەکانیان بگۆڕن. ئەوسا دەستی شیاوپانی گرتو بە دوو قۆڵی بۆ قاتی خوارەوە رۆییشتنەوە.

## ١١-ترشو شیرین

مام رێوی هێشتا لەو ترێیەی نەخوارد بوو، کە دەیگوت زۆر ترشەو ناخورێ. مەیمونێکی چکۆلەو سمۆرەیەکی بچووکیش بێ ئەوەی کە بە خۆیان ئەقڵیان بخەنە کار، باوەڕیان بە رێوییەکە کردبوو. ئەوانیش دەیانگوت ئەو ترێیە ناخورێ...مام رێوی فێڵباز هەرچەندی کردو کۆشا نەیتوانی دەستی بگەیەنێتە ترێی باخەکەو بیخوات. جا بۆ ئەوەی مەیمونەکەو سمۆرەکەش نەیخۆن رووی تێکردنو گوتی: **"ئەم ترێیانە زۆر ترشنو ناخورێن."**

سمۆره كه گوێی لەم قسەیە بوو لە دڵی خۆی دا گوتی: **"زیرەكترین گیانلەبەری دنیا رێوییە، كە ئەو بڵێ ترشە، مانای وایە راستە ترشە".**

ئیدی ئەمەی بۆ مەیمونەكەش گێڕایەوە، ئەویش لەدڵی خۆیدا گوتی: **"راست دەكات، رێوی گیانلەبەرێكی بە فێڵ و زیرەكە، سمۆرەش گیانلەبەرێكی كارامەو دنیا دیدەیە."**

لەو كاتەدا منداڵە مەكتەبلییەك كە بۆ ماڵ دەگەڕایەوە بەلایاندا ڕەت بوو. خۆی بە باخەكەدا كرد، تومەز كوڕی خاوەن باخەكەیە، واتە ئەویش خاوەنی ئەوێیە. لە كاتێكا ئەوان تەماشایان دەكرد، سەیریان كرد هێشووە ترێیەكی لە مێوەكە كردەوە، لە ئاوی جۆگاكەدا شۆشتیەوە كە بۆ دەمی برد تا بیخوات، مەیمونەكە هاواری لێكرد: **"نەیخۆی، نەیخۆی، ئەو ترێیانە ناخورێ، زۆر ترشە!".**

منداڵەكە پرسی: **"باشە تۆ لەم ترێیەت خواردووە؟"**

مەیموونە چكۆلەكە، سەری بەملاو بەولادا باداو گوتی:

"نەخێر نەمخواردووە، بەڵام سمۆرە گوتی ترشن"

منداڵەكە لە سمۆرەی پرسی: **"باشە تۆ لێت خواردووە؟"**

سمۆرەكە وەڵامی دایەوە: **"نەخێر، منیش نەمخواردووە، مام رێوی گوتی ئەم ترێیانە هێندە ترشن ددان ئاڵ دەكەنەوە."**

كوڕیژگەكە كە گوێی لەو قسانەی سمۆرە بوو دەستی بە پێكەنین كرد، ئەوسا هێشووە ترێیەكی گەورەی كردەوەو كردی بە دوو بەشەوەو دای بە سمۆرەكەو مەیمونەكە. بەڵام ئەوان هێشتا دەترسان ترێیەكە بخۆن! بۆیە هەوەڵجار تەنیا زمانیان لێدا.

كوڕیژگەكە گوتی: **"تەمەشای من بكەن بزانن چۆن ئەم ترێ شیرینە دەخۆم. ئێوەش بە دڵنیاییەوە بیخۆن، هێندە شیرینە دەڵێی شەكرە!".**

سمۆرەكەو مەیمونەكە لە كوڕیژگەكەیان پرسی: **"باشە مام رێوی بۆچی كڵاوی كردینە سەر؟"**

كوڕیژگەكە، بە چاولێكەری مامۆستاكەی ،خۆی فش كردەوەو گوتی: **"دەبێ خۆتان هۆی ئەمە بدۆزنەوە، بەڵام دەبێ ئەوە بزانن تا خەڵكانێك هەبن باوەڕ بە درۆیان بكەن ئەو جۆرە گیانلەبەرانەو مرۆڤانی درۆزنیش درێژە بەم كارە دزێوو ناپەسەندەی خۆ دەدەن و سوودی لێوەردەگرن".**

## ١٢-گیانلەبەران دكتۆری خۆیانن

فەرخە باڵندەیەك لە دەشتێكی پان و بەریندا مەشقی فڕینی دەكرد، لەپڕ لاقی لە لقی درەختێك گیر بوو و زامدار بوو. لەسەر لقێكی هەمان درەخت بەدەم چاوەڕوانییەوە هەڵنیشت تا دایكی

بێت و وەکو بەشەران بۆ لای پزیشکی ببات، بەڵام کاتێ دایکی هات گوتی: **"پێویست بە دکتۆر ناکات، ئێمەی گیانلەبەر، خۆمان بە کۆمەک و یارمەتی سروشت یەکتری چارەسەر دەکەین."**

ئەوسا فەرخەکەی هەڵگرت و بردیە کەنار رووبارێك. تۆزێکی لە گڵی قەراخ ئاوەکە هەڵگرت و بە تۆزێك ئاوی دەمی خۆی دەگەڵ تۆزێ گیای تایبەتی دا کە لە قەراخ ئاوەکە رووا بوو، تێکەڵی کردو لە لاقی فەرخەکەی هەڵسوو. ئەوسا بردی لە هێلانەکەیدا دایناو پێی گوت کە یەك دوو رۆژ ئیسراحەت بکات و لە جێی خۆی نەجولێت تا لاقی بە تەواوەتی چاك ببێتەوە. فەرخەکە لە سووچێکا هەڵنیشت، بەڵام تۆزێك نارەحەت و برێك دڵگیر بوو. بیری لەمە دەکردەوە کە بۆچی دایکی بۆ لای پزیشکی نەبردووە، لە پڕ دەنگێکی هاتە گوێ کە وا دیاربوو کەسێك بوو لە تاو ئازار هاواری دەکرد. کە باش گوێی هەڵخست دەنگی فەرخە مەیموونێکی هاتە گوێ. بەڵێ خۆی بوو، فەرخە مەیموونەکە بوو کە دەگەڵ دایکی دا بەوێدا تێ دەپەڕین. یەکسەر سڵاوی لێکردن و پرسی چی بووە؟ دەیویست بزانێ کە بۆچی فەرخە مەیموونەکە هاوار دەکات. دایکی فەرخە مەیموونەکە وەڵامی دایەوە: **"شتێکی وەها نییە، ددانی ژان دەکات، چەندم پێ گوت شتی زۆر رەق بە ددانەکانت مەشکێنە، بەڵام بە گوێی نەکردم و نەکرد!"**

دایکە مەیموونەکە گیایەکی تایبەتی نابووە سەر ددانی فەرخەکەی، خەریك بوو بەرە بەرە دان یەشەکەی کەم دەبووەوە.

لەم کاتەدا فەرخە سمۆرەیەك دەگەڵ دایك و باوکی دا گەیینە ئەوێ. وا دیار بوو دڵی فەرخە سمۆرەکە دەیەشا. دایکی تۆزێکی لە توێکڵی دارێکی ئەو نزیکانە کردەوەو دایێ و گوتی کە بیخوات.

لە پڕ بێچووە کەروێشکێك پەیدا بوو، بە فەرخە باڵندەکەی گوت: **"فەرخۆ، لەگەڵ منا دێی بچینە ئاوەکەوەو گەمە بکەین؟"**.

فەرخە باڵندەکە گوتی: **"لاقم بریندارەو دایکم پێی گوتووم نابێ بجولێم."**

کەروێشکەکە کە گوێی لەو قسەیە بوو گوتی: **"کەواتە، باشە ئیسراحەت بکە، منیش نەخۆشم دەبێ بچمە ئاوەکەوە تا چاك ببمەوە"**.

فەرخە باڵندەکە گوتی: **"تۆ چ نەخۆشیەکەتە؟"**

کەروێشکەکە گوتی: **"تەمەشا، ئازای گیانم دەخورێت و سوور بووەتەوە، دایکم پێی گوتم کە برۆم سەرچاوەیەکی ئاوی گەرم بدۆزمەوەو خۆمی تیا بشۆم تا چاك ببمەوە"**.

فەرخە باڵندەکە ئیدی باوەڕی کرد کە گیانلەبەرانیش دەتوانن بە کۆمەك و یارمەتی تەبیعەت دەردو نەخۆشییەکانی خۆیان تیمارو چارەسەر بکەن. لە دڵی خۆیدا باوەڕی بەوە هێنا کە: **"گیانلەبەران خۆیان دەردی خۆیان دەرمان دەکەن، پێویستیان بە پزیشك و خەستەخانان نیە"**. لە دڵی خۆیدا سوپاسی یەزدانی مەزنی کرد.

## ١٣-گیایەکی چکۆلە لە دەشتێکی بەریندا

گیایەکی چکۆلە هێدی هێدی چەکەرەی کردو سەری لە ژێر زەوی هێنایە دەرێ.. چاوەکانی کردنەوەو... **"کە دنیایەکی جوانە! ئاسمانی شین، هەوری سپی، بە ه بەه، ئەدی ئەوە چیە؟ چەند قرمزە. خڕو جوانە ،چەندیش گەرمە! ئەرێ تۆ کێی؟ بۆچی ئەوەندە گەرمی، و ئەو هەموو رووناکیی و گەرمییە بە من دەگەیەنی؟"**

گیایەکە بە سەرسامی دەیڕوانیە خۆرەکەو ئەو پرسیارانەی دەکرد.

خۆر گوتی: **"من خۆرم، من لەسەرمە کە رووناکی و گەرمی بە تۆ بگەیەنم."**

گیایەکە لەبەر خۆیەوە بیری کردەوە کە ئەم خۆرە چەند دلۆڤانە، وا کۆمەکی من دەکات. بەمجۆرە گیایەکە رۆژ بە رۆژ گەورەو گەورەتر دەبوو، و بالآی دەکرد.

چەند رۆژێك ڕابورد، گیایە چکۆلەکە هەستی کرد تینوویەتی، ئارەزووی ئاوی دەکرد. خۆرەکەش وەك شتێ دەیزانی گیایەکە تینوویەتی و پێویستە ئاو بخواتەوە. خۆرەکە لە بن لێوانەوە هەندێ قسەی دەگەڵ هەورە سپیەکانی ئاسماندا کرد.

هەورە سپییەکان بەرە بەرە توندو تاریك بوون و هەموو بەری ئاسمانیان گرت. دوای ماوەیەك باران دەستی پێکرد. گیایەکە شادو خۆشحاڵ باراناوی خواردەوەو خواردەوەو گوتی: **"ئەم ئاوەی کە من خواردمەوە چی بوو؟ لە کوێوە هات؟ تەنانەت لەشی شتم و پاك و خاوێنی کردمەوە"**.

بارانەکە گوتی: **"من تنۆکە بارانم، من لەسەرمە تۆ پاراو بکەم."**

گیایەکە یەکسەر زانی کە باران چەند دلۆڤانە. بەمجۆرە گیایەکە گەورەو گەورەتر بوو.

باڵندان، بە ئاسمانی شیندا، شادو بە کەیف و دەم بە پێکەنین، بە دەم فڕینەوە بەملاو بەولادا دەڕۆیشتن. گیایەکە لە خۆی پرسی ئەدی بۆچی من ناتوانم لە جێی خۆم بجوڵێم؟ زۆر خەمبارو دڵتەنگ بوو.

لە ناکاودا، دەنگی با لە دەشتەکەدا بەرز بووەوە. بایەکە، گیایەکەی بەملاو بەولادا جوڵاند. لە تۆ وایە گیایەکە سەما دەکات. گیایە چکۆلەکە پرسی: **تۆ کێی، بۆچی بەم میهرەبانیە کۆمەکی من دەکەی تا بەملاو بەولادا بجوڵێم؟"**

بایەکە گوتی: **"من بام، من لەسەرمە کە تۆ بەملاو بەولادا بجوڵێنم و دڵت خۆش بکەم."**

بایەکە ئەو قسەیەی کردو هێدی هێدی لە گیایەکە دوور کەوتەوەو بۆ ماڵی خۆی رۆییشتەوە.

دنیا تاریك بوو بوو، گیایە چکۆلەکە کە هەنووکە تەواو گەورەو پاراو بووبوو لەبەر خۆیەوە بیری کردەوە **خۆر، ئاسمان، باران و با هەر هەموویان بە میهرەبانی و دلۆڤانی یارمەتیان دام تا من گەورەو شیرین و ئاوداربیم. ئەدی من پێویستە یارمەتی کێ بدەم؟**

چەندی هەوڵداو لە فکران ڕاچوو هیچ وەڵامێکی نەدۆزییەوە. پرسیارەکەی لە مانگ کرد، مانگ بزەیەکی کردو هیچی نەگوت. هەمان پرسیاری لە ئەستێران کرد، ئەستێرەکانیش چاوێکیان داگرتو هیچیان نەگوت.

ڕۆژهەڵات، دنیا ڕووناك بووەوە. گیایەکان دووبارە لە خەو ڕابوون، گاگەل‌و ڕانەمەڕو پەزان کەوتنە دەشت‌و بیابان. گیایەکە تەمەشای دەکردن، لە پڕ سەیری کرد چەند بەرخۆلەیەك بەرەو لای ئەو غاردەدەن. برسیان بوو و بەرەو گیای تازەو شیرین دەهاتن. گیایەکە بیری کردەوە **هەنووکە نۆرەی منە کە یارمەتی خەڵکی بدەم. ئاقیبەت نۆرەی منیش هات.**

گیایەکە بە دەنگی بەرز گوتی: **"ئێمە گیای شیرین‌و پاراوو تازەین، لەسەرمانە کە ئێوە تێر بکەین تا ئێوە قەڵەو بن!"**

بەرخۆلەکان گوێیان لە دەنگی بوو. گیایەکە بە هیچ جۆرێ لەمە نەدەترسا کە بەرخەکان بیخۆن.

## ١٤-کەڵەشێرو مراوی

قەت کەڵەشێرێك‌و مراوییەکتان دەگەڵ یەکدا بەراورد کردووە؟ ئایا دەزانن جیاوازیان چیە؟ بۆچی کەڵەشێر ناتوانێ لە ئاودا مەلە بکات‌و مراوی دەتوانێ؟ فەرقی پەڕەکانیان چیە؟ پێیان چ جیاوازییەکی هەیە.

تیشکی گەرم‌و زێڕینی هەتاوی میهرەبان لە ئاوی زوڵاڵ و درەخشانی دەریای دەداو ئاوەکەش بە خۆشحاڵیەوە بە جوانییەکەی دەنازی‌و خۆی بەسەر هەموو کەسێکدا دەنواند. پۆلە مراویەك هەرکە گەیینە قەراخ ئاوەکە، یەکسەر خۆیان ئامادەکرد تا بچنە ئاوەکەوەو دەست بە مەلە بکەن. کەڵەشێرێکی گەورەش کە لە دوورەوە تەمەشای ئەوانی دەکرد، کەوتە کەڵکەڵەی ئەوە تا وەکو ئەوان لە ئاوەکەدا مەلە بکات. بەو نیازە هێدی هێدی بەرەو ئاوەکە ڕۆیی. لاقی لە ئاوەکە نا. مراوییەکان لەو بەرەوە خۆیان بە ئاوەکەدا کردبوو، و مەلەیان دەکرد، ئاگایان لەوە نەبوو کە کەڵەشێرەکە خەریکە لە ئاوەکەدا نقوم دەبێ، کەڵەشێری بێنەوا بەبێ ئەوەی هیچ حیسابێك بۆ تایبەتمەندی بەدەنی خۆی بکات خۆی هەڵدابووە ئاوەکەوەو خەریك بوو دەخنکا. دەنگی هاوارو لەقەفڕتێی کەڵەشێرەکە بەرز بووەوە. یەکێك لە بێچووە مراوییەکان کەڵەشێرەکەی بینی‌و دەستی بە پێکەنین کردو گوتی: **"ئەی کەڵەشێری گەوج!"**

مام کەڵەشێریش هاواری دەکرد: **"هاوار! هاوار!"**

دایکە مراویەکە رووی کردە بێچووەکانی و گوتی: **"پەڕی ئێمەی مراوی چەورە، بەڵام مریشك‌و کەڵەشێر وانین، ئەگەر پەرەکانیان تەڕ ببێ قورس دەبن‌و دەکەونە ژێر ئاو. شێوەی پێی ئێمەش لە هی ئەوان جیاوازە، پێیەکانمان، یارمەتیمان دەدەن تا لە ئاودا مەلە بکەین، جا ئێستا دەبێ بەپەلە بڕۆین و فریای بکەوین‌و رزگاری بکەین."**

دایکە مراویەکە ئەم قسەیەی کردو خۆی بە ژێر ئاوەکەدا کرد. بێچوە مراوییەکانیش دوا بە دوای ئەو خۆیان بە ژێر ئاوەکەدا کرد.

کەڵەشێرەکە بەرە بەرە خەریك بوو نا ئومێد دەبوو، لە پڕ هەستیکرد شتێك لە ژێرەوە بەرزی کردەوە. مراویەکە نایە سەر پشتی خۆیو مەلەی کردو مەلەی کرد تا گەیینە قەراخ ئاوەکە. کەڵەشێرەکە خۆشحاڵ و تەریق بووەوە. دەستی بە عوزرخوایی کرد. لێکدا لێکدا دەیگوت: **"داوای لێبوردن دەکەم، هەڵەم کرد!"**

ئیدی حاڵی بوو کە هەر بوونەوەرێك جۆرە بەدەنێکی هەیە و تایبەتمەندی بە دەنی هەمووان وەکو یەك نیە.

## ١٥- ماڵ گواستنەوە

کۆمەڵە دار سنۆبەرێك بەسەر شاخێکەوە بوون، کە بە خۆشیو تەبایی پێکەوە دەژیان. ڕۆژێك دارسنۆبەرێکی چکۆلە لە دایکی پرسی: "دایکە! خوار ئەم شاخە، ئەو دوور دوورانە شێوەی چۆنە؟ با ڕۆژێك بۆ ئەوێندەر بڕۆین، هەم گەمە بکەینو هەم منیش شوێنانی دی بدینم."

دایکی بە پێکەنینەوە گوتی: **"گیانەکەم، ئێمە پێمان نیە تا بتوانین لە شاخەکەوە داگەڕێینو بچینە خوارەوە!"**

بەڵام سنۆبەرە چکۆلەکە قەناعەتی نەدەکرد،و هەر بە خەیاڵی داگەڕانو چوونە خوارەوە دەژیا. تا ڕۆژێك کۆمەڵە بنیادەمێك لە خوارەوە بە شاخەکەدا هەڵگەڕانو هاتن، یەکێکیان بە دایکی سنۆبەرە چکۆلەکەی گوت: **"ئێمە هاتووین، تا چەند درەختێك بۆ بناری شاخەکە بەرین،و ئەگەر ڕێگەمان بدەیت سنۆبەرە چکۆلەکەش بەرین."**

دایکەکە، بزەیەکی کردو قایبل بوو کە منداڵەکەی دەگەڵ ئەواندا بۆ خوارەوە بڕوات.

سنۆبەرە چکۆلەکە لە خۆشیاندا لە پێستی خۆی نەدەهێوری، دڵی بەوە خۆش بوو کە دەتوانێ شتی تازە بدینێو فێر ببێت. ئەو چەند کەسە بە کاوەخۆ خەڵفە نەمامەکەیان لە خاك دەرێنا. هەڵبەتە هەندێکیان لەخاکی بن درەختەکەش کرد بەسەر ڕەگو ریشەی درەختەکەوە، بۆ ئەوەی تا لەگەڵ خاکی بناری چیایەکەدا ڕادێت، وشك نەکات.

بنیادەمەکان، خەڵفە نەمامەکەیان لە ئوتومبیل ناو ئەوجاو بەرەو پاینی چیاکە داگەڕان. ئەوانە دەیانویست باخێکی تازە دروست بکەنو بۆ ڕازاندنەوەو جوانکردنی باخەکە سوود لەم خەڵفە نەمامەش ببینن. کاتێ گەیینە پاینی چیایەکە، سنۆبەرە چکۆلەکە زۆر سەری سوڕما. چونکە گوڵانی تازە، درەختانی تازەو جوانو خۆڵاسە زۆر جۆرە گوڵو درەختانی ڕەنگاورەنگی جیاوازی لە چوار دەوری خۆی دەبینی. باخەکە بەڕاستی جوان بوو!.

چەند ساڵێك ڕابورد، نەمامە سنۆبەرەکە گەورە بوو بوو، درەختەکانی دیکەش گەورە بوو بوون. ڕۆژێك سەروویەك هاتە دیدەنیانو گوتی: **"لە دەوری ئەم باخەدا شارێك دروستکراوە. من تکا لە**

**ئێوە، درەختانی باڵا بەرز دەکەم تا ئەمجارەش ماڵی خۆتان بگوازنەوەو بۆ رازانەوەی شار، بگوازنەوە بۆ ئەم بەرو ئەوبەری شەقامەکان."**

**– یانی ئێمە جارێکی دی ماڵ دەگوازینەوە!**

سنۆبەرەکە دیسان خۆشحاڵ بوو،و بە شادمانیەوە لق و پۆ و گەڵاکانی بەیەکدا دان، دیسان هەمان پیاو هاتو بە هێمنی و وردی کۆمەڵێك درەختی بە گڵەکەی ژێریانەوە لە ئوتۆمبیل بار کرد.

ئوتومبیل کەوتە ڕێ، درەختەکانی بە رێگەیەکی تازەدا برد، رێگەیەك کە پێشتر سنۆبەرە چکۆلەکەو هاوڕێکانی نەیان بینی بوو. لەوێ تێپەڕی و پاشان خۆی بە چەند شەقامێکی تازەدا کرد. کۆمەڵێك خانوو وتەلاری تازە لەوێندەر دروستکرابوو، ئیدی نۆرەی درەختان بوو کە ئەوێ جوانتر بکەن. درەختەکانیان لە ئوتۆمبیل داگرتو هەر بەگڵەکانی خۆیانەوە لەو چاڵانەدا رواندیانن، کە لە قەراخی شەقامەکەدا ئامادەیان کردبوون.

سنۆبەرەکەی لەمەڕ خۆمان بەو پیاوەی گوت: **"ڕاوەستە، خۆ تۆ هەر بە گڵە کۆنەکەی دەوری رەگو ریشەکانی خۆمانەوە ناشتمانت، پاکت نەکردینەوە!"**

بەڵام پیاوەکە خێرا وەڵامی دایەوە: **"نە، نە، نابێ کاری وا بکەین، چونکە ئەم گڵانە پڕن لە ڤیتامینی پێویست بۆ ڕەگو ریشەکانتان."**

دار سنۆبەرەکان بە شادمانیەوە ڕوانیانە یەکترو خۆشحاڵ بوون بەوەی کە مرۆڤان زۆریان خۆشدەوێن و خزمەتو ئاگاداریان دەکەن. سنۆبەرەکەی خۆمان دیسان تەماشایەکی دەوروبەری کردو بە شادمانیەوە گوتی: **"ئێرە چەند جوانە، چەند قەرەباڵغە، بەڕاستی شارە تازەکەمان جوانە!".**

## ١٦- هەورو بێچوەکەی

ڕۆژێك، هەورێکی سپی دەستی کوڕەکەی، هەورە چکۆلی گرتو بە دوو قۆڵی بە ئاسماندا کەوتنە فڕین و پەراوێز. بە هێمنی بەرز بوونەوە، پاشان هاتنە خوارێ، ئیدی هێدی و هێمن بەدەم هەڵکردنی باوە دەجولاّن.

کۆمەڵێك دارو درەختی زۆر بەرزو بڵند بەسەر چیایەکی بەرزەوە بوون. درەختەکان کە هەورەکەو بێچووەکەیان بینی، لق و پۆو گەڵاکانیان بۆ تەکان دان و گوتیان: **"ئەی هەوری گەورە زۆر مەمنونی ئێوەین کە لە هاوینانی گەرمدا بەری هەتاو دەگرن و سێبەرمان لێدەکەن و کەمێك پشوو دەدەین. ئەی هەوری گەورە، تۆ زۆر چاکی، ئاوی باران لە ئێوەوە بەسەر ئێمەدا دادەبارێت، ئێمە دەیخۆینەوەو هەم پێی گەورە دەبین و هەم تینوومان نابێت".**

بەمجۆرە، جگە لە درەختان، تەنانەت زەوی و گیاو گوڵ و درەختانی سەر زەویش سوپاسی هەورەکەیان کرد. هەورەکە بە دەم پێکەنینەوە گوتی: **"بەڵام خۆ هەر من باش و کاریگەرنیم،**

**خاكو باو هەموو شتەكانی دیكەش بەشدارن لە نەشونماو گەشەكردنی ئێوەدا. هەموو ئەمانە پێكەوەو دەست لە نێو دەستی یەكتر دەنەن تا ئێوە باشترو جوانترو بن".**

بێچوە هەور كە دەیبنی ئەوەندە منەتباری دایكینو سوپاسی دەكەن، لە كەیفان دڵی كوڵیٚ بەزی دەگرتو بە شادمانیو شانازییەوە تەماشای دایكی دەكرد. ڕۆژێك دایكە بە كارێك لە ماڵ وەدەركەوتبوو. هەورە چكۆل لەبەر خۆوە بیری كردەوە: **"ئەمە دەرفەتێكی باشە، كە دایكە لە ماڵ نیە، ئێستا نۆرەی منە كە هونەری خۆم بنوێنم."**

بەم بیرۆكەیەی خۆی خۆشحاڵ بوو،و كەوتە ڕێ، لە ئاسماندا تووشی "تەم" بوو، و هاواری كرد: **"ئەهای تەم، هۆ تەم، ئێمە بڕیارمان داوە تیشكێكی زۆری هەتاو بگەیەنینە سەر زەوی، خێرا بچۆوە بۆ ماڵی. دەبێ ئەمڕۆ ڕۆژێكی سایەقەو هەتاو بێت."**

تەمەكە، بۆ ماڵ گەڕایەوە. هەورە چكۆل لەبەر خۆیەوە وای خەیاڵ دەكرد كە هەنووكە پەپوولەو هەنگان زۆری لێ مەمنوون دەبن، چونكە باشترین كاتی بۆ ڕەخساندوون تا بەكەیفی دڵی خۆیان بسوڕێنەوەو شادی بكەنو شیلەی گولان بمژن.

بەڵام لە پڕ هەندێ دەنگی بەر گوێ كەوت. گەنمو مەرەزەی سەر رووی زەوی هاواریان دەكرد: **"نا، تكا دەكەین، ساواكانمان دەبێ ئاو بخۆنەوە، ئێمە پێویستمان بە بارانە نەك بە هەتاو، ئێستا كاتی هەتاو نیە. ئێستا كاتی باران بارینە!"**

هەنگو پەپولان هەتاویان گەرەكە، گەنمو مەرەزان بارانیان دەوێ. ئەوانی دیكەش دەنگیان لێ بەرز بوو بووەوە، هەركەسەو شتێكی دەگوت، هەورە چكۆل نیگەران بوو، پەشۆكا، نەیدەزانی چیبكات. لەو كاتەدا دایكی بۆ ماڵ گەڕایەوەو هەورە چكۆل خەیاڵی ئاسوودە بوو، هەموو بەسەرهاتەكەی بۆ دایك گێڕایەوە.

دایكە هەور بە پێكەنینەوە گوتی: **"كوڕەكەم، تۆ دەبێ سەبر بكەی تا گەورە دەبی، هەنگێ ئەزموونی تەواو بەدەست دێنیو دەتوانی لە كاتو هەڵوێستی جیادا بڕیاری دروست بدەیتو هەرگیز نابێ لە خۆت بایی ببیت".**

هەورە چكۆل، بە شەرمەزارییەوە سەری دانەواندو بەڵێنی دا، كە جارێكی دی كاری خۆسەری نەكات.

## ١٧- هەڵەی قوڕباقە

كۆمەڵێك قوڕباقە لە گۆلاوێكدا دەژیان. ئەمانە هەموو پێكەوە قیرە قیڕیان دەكردو بەوانی تریان دەگوت: **بەو زووانە باران دەبارێ.**

دنیا زۆر گەرم بوو بوو كە لەپڕ پۆلێك پوشكەبەقونە بەرەو گۆلاوەكە هاتن.بە دەوری گۆلاوەكەدا پێچپێكیان خوارد. هەندێجار بەرز دەبوونەوەو هەندێجار دەهاتنە خوارەوە. جارێ بەلای چەپداو

جاریێ بەلای راستدا دەڕۆییشتن. ڕووناکیەکی شینباوی مەیلەو کەسکی جوان، بەسەر باڵیانەوە دەدرەوشایەوە. سکی هەندێکیان قرمز بوو و هی هەندێکیان ڕەنگی تر بوون.

لە پڕ چەند دانەیەك لە پوشکەبەقونەکان لە ئاسمانەوە داگەڕان و هێندە داگەڕان کە چیوای نەمابوو بگەنە ئاوەکە.

– "خەتەرە!"

قوڕباقەیەکی چکۆلە لە ناو گۆلاوەکەدا لەسەر گەڵایەك مت بوو بوو، کە بینی پوشکەبەقونەکان زۆر لە ئاوەکە نزیك بوو بوونەوە، لە پڕو بێ ئەوەی بە دەستی خۆی بێ ئەو وشەیەی لە زار دەرچوو. لەسەر گەڵاکەوە خۆی هەڵدایە ناو ئاوەکەوە تا ئەگەر پێویستی کرد بە هانای پوشکەبەقونەکانەوە بچێ. لە کاتێکا کە غەرقی تەماشا کردنی ئەوان بوو، سەیری کرد چەند پوشکەبەقونەیەك کەوتنە ئاوەکەوە. قوڕباقەکە، بەنیگەرانی و بەدەم مەلەکردنەوە بەرەو ئەو شوێنە چوو کە پوشکەبەقونەکان کەوتبوونە ئاوەکەوە.

بەڵام کۆمەڵێك پوشکە بە قونەی زۆر، یەك لە دووی یەك دەکەوتنە ئاوەکەوە. قوڕباقە چکۆلەکان شپرزە بوو بوون و بەمەبەستی یارمەتی دانی ئەوان، دەست بە کار بوون. ئەمە جگە لەوەی تۆپی پوشکە بەقونەکانیش یەك یەك دەکەوتنە ئاوەکەوە.

قوڕباقە چکۆلەکە خۆی گەیاندە یەکێك لە پووشکە بەقوونەکان و گوتی: **"مەگەر نازانیت ئاو خەتەرە و ئەگەر بکەویتە ناوییەوە دەخنکێی، ئیدی بۆ ئەوەندە لاساریی دەکەیت؟"**

قوڕباقەکە لەم کارەی پووشکە بەقوونەکان هەم ترسا بوو و هەم تووڕە بوو بوو، بە پەشۆکاوی لە یەکبینە دەی بۆڵاند.

– "خەتەرە!"

پووشکە بەقوونەیەکی گەورە بەسەر سەری قوڕباقەکەدا چەرخەڵەیەکی کردو گوتی: **"خەتەری چی؟"**

قوڕباقەکە بە دەنگێکی هێدی تر وەڵامی دایەوە: **"گوێ بگرە، ئەگەر ئێوە بکەونە ئاوەکەوەو بخنکێن، هەنگێ...."**

پووشکە بە قوونەکان لە قاقای پێکەنینیان دا. پووشکە بەقوونە گەورەکە گوتی: **"تۆ زۆر میهرەبانی، بەڵام تۆ بە هەڵە چوویت، ئێمە لە ئاودا گەرا دەخەین و زۆر بەئاسانی لە ئاودا مەلە دەکەین!".**

– **"لە ئاودا گەرا دەخەن؟"**

قوڕباقەکە کە لەسەرسامیدا چاوە گەورەکانی هێندەی دی زەق بوو بوونەوە گوتی: **"بۆچی لە ئاوا گەرا دەخەن؟"**

بەڵام لە پڕ وەبیری هاتەوە، کە مێش و مەگەزانیش دەتوانن لە ئاودا گەرا بخەن. چونکە قوڕباقە مەگەزان دەخوات، بۆیە هەموو قوڕباقەکان دەیانزانی کە مەگەزان لە ئاودا گەرا دەخەن.

قوڕباقەکە وەختێ بەم ڕاستییەی زانی، خۆی پێکەنینی بە بیروکارەکەی خۆی دەهات، ئەوسا زانی ئەو تۆپانەی کە کەوتنە ئاوەکەوە، تۆپ نەبوون، بەڵکو گەرای پووشکە بەقوونەکان بوون.

ئیدی لەگەڵ هاوڕێکانی تریدا. بڕێکی زۆریان لە گەراکان بەو خەیاڵەی کە گوایە تۆپن کۆ کردبووەوە. بۆیە بە شەرمەزارییەکی زۆرەوە گەراکانیان خستەوە ناو گۆلاوەکە.

## ١٨- چاودێری پاکو خاوێنی پۆل.

لە پۆلی خوێندندا، هەر ڕۆژەی یەکێك لە قوتابییەکان دەبوو بە چاودێری پاکو خاوێنی پۆلەکە. هەرکەسێك کە دەبوو بە چاودێر، پارچەیەکی سووریان لە قۆڵی دەبەستو ئەو ڕۆژە دەبوو بە چاودێری پاکو خاوێنی پۆلەکە.

ئەو ڕۆژە، نۆرەی (چیانگ) بوو کە چاودێری پۆلەکە بێ، پارچە سوورەکەی لە قۆڵی بەست، خۆی گیڤ کردەوە، ڕێکردنیشی گۆڕا، لە جیاتی سەیرکردن، مۆڕەی لە هاوپۆلەکانی دەکرد. نەیدەهێشت هیچ کەسێك پێشی بکەوێ! ڕێك وەکو پۆلیسێکی جددیو گرژو مۆنی لێهاتبوو!

کە زەنگی دووەم لێیداو مامۆستا لە پۆل وەدەرکەوت، چیانگ یەکسەر لە جێی خۆی هەستاو دەفتەرە تایبەتیەکەی هەڵگرت، ڕێك وەکو پۆلیسێك دەستی بە هاتوچۆو گەڕان کرد، یەك یەك چاوی بە منداڵەکاندا گێڕا. لە تۆ وایە بۆ پیاوکوژێك دەگەڕێ، سیمای یەجگار جددی بوو، و منداڵەکان لە ترسا فزەیان نەدەهات، چونکە دەترسان ناویان لە دەفتەرەکە بنووسێتو ئەوسا لە دوا زەنگدا مامۆستا قەساسیان بکات. لە پڕ بینی پارچە کاغەزێك لە ژێر کورسیەکەی لی لی چکۆلە کەوتووە. لە دڵی خۆیدا پێکەنیو بە خۆشحاڵییەوە ناوی لی لی لە دەفتەرەکەدا نووسی.

زەنگ لێدراو دوای تەواو بوونی دەرس وەکو هەموو ڕۆژێك دەبوایە چاودێری پاکو خاوێنی دەفتەرەکە بدات بە مامۆستا. چیانگ-ش هەمان کاری کرد، مامۆستا زۆری پێ سەیر بوو کە ناوی لی لی لە دەفتەرەکەدا نووسرا بوو و زۆری سەرزەنشت کرد کە بۆچی پۆلەکەی پیس کردووەو بە گوێرەی یاسای قوتابخانەکە پێنج نمرەی لە ڕەفتاری شکاند.

ڕۆژی دوایی، نۆرەی لی لی هات کە ببێ بە چاودێری پۆل. کاتێ زەنگ لێدراو مامۆستا لە پۆل وەدەرکەوت، لی لی لە جێی خۆی هەستا، لە کاتێکا کە چاودێری پاکو خاوێنی بوو تکای لە هاوپۆلەکانی کرد کە هەموویان بچنە دەرەوە تا ئەو بتوانێ پۆلەکە پاك بکاتەوە. کاتێ هەموویان چوونە دەرەوە، ڕێك لە ژێر مێزەکەی چیانگ دا قەڵەمێکی شکاوو پارچە کاغەزێك کەوتبوو، یەکسەر هەڵیگرتنو خستنیە تەنەکەی خۆڵەکەوەو بە تەختەسڕ، تەختەڕەشەکەشی سڕیو پاك کردەوە.

زەنگ لێدراو هەموو هاتنە پۆلەوە. دوای تەواو بوونی دەرسو دەوام خات مامۆستا تەمەشای دەفتەری چاودێری پاکو خاوێنی کرد، بەڵام ناوی کەسی تیا نەنووسرا بوو. ئەو ڕۆژە پۆلەکە زۆر پاکو خاوێن بوو. خات مامۆستا ستایشو ئافەرینی لی لی کردو دە نمرەی بۆ سلوكو

ڕەفتاری زیاد کردو داوای لە قوتابیەکان کرد کە هەموویان وەکو لی لی دڵسۆزو دلۆڤانو میهرەبان بن.

## ١٩- عەینەکەکەی داپیرەو...

سەیرە! داپیرە تا چووە موبەقەکەو گەڕایەوە عەینەکەکەی دیار نەما بوو. جا با لە هەوەڵەوە ئەم ڕووداوە بگێڕینەوە:

داپیرە لەبەر پەنجەرەکەدا دانیشتبوو، شتی دەچنی، دەنگی قوڵپە قوڵپی ئاوی لە کوڵ دەهات. بۆیە داپیرە چوو بۆ موبەقەکەو دوای تۆزێك دووبارە بۆ ژوورەکە گەڕایەوە تاپاشماوەی چنینەکەی تەواو بکات، بەڵام کاتێ کە گەڕایەوە عەینەکەکەی دیار نەبوو!

**کێ ئەوەندە زرینگو زیتەڵ بووە کە لەم ماوە کەمەدا دەرفەتی هێناوەو عەینەکەکەی بردووم؟ بەڵام خۆ کەس نەهاتە ژوورەکەی من.**

داپیرەی بەلەنگاز هەرچی گەڕا عەینەك نەبوو، ڕەشە ڕا هات، خەریك بوو شێت دەبوو. یەکسەر تەلەفۆنی بۆ نەوە ئازیزەکەی، بۆ (ڤ لی) کرد، ئەویش زۆر بە پەلە بۆ ماڵی داپیرە هات.

داپیرە گوتی: "**من پارەی عەینەکەکەم لا گرینگ نییە، خەمی پارەکەیم نیە، تەنیا دەمەوێ ئەوە بزانم کێ بەم دەستو بردە، عەینەکەکەی بردم.**"

ماڵەکەی داپیرە، لەسەر شەقامێکی سەرەکی بوو، دوو دار سەرووی زۆر بەرز لەمسەرو لەوسەری ماڵەکەی بوون. باشە ئەو عەینەك دزە لە کوێوە هات؟ داپیرە گوتی: "**بەڵام لەو کاتەدا هیچ کەسێك بە شەقامەکەوە نەبوو!**"

(ڤ لی) هاوڕێیەکی پۆلیسی هەبوو، چوو بە دوایداو بە دوو قۆڵی کەوتنە ڕێ تا یارۆی عەینەکدز بدۆزنەوە، چەند گەڕان هیچیان نەدۆزییەوە. تەنانەت سەرەداوێکیشان دەست نەکەوت! داپیرە بەردەوام دەیگوت: "**کەواتە عەینەکەکەی من فڕیوەو بۆ ئاسمان چووە، بێگومان باڵی گرتووە!**".

ئەنجام ئەو قسەیەی داپیرە، بووە مایەی ئەوە کە (ڤ لی) سەرەداوێك بدۆزێتەوە. خودا حافیزی لە داپیرەی کرد،و لەگەڵ هاوڕێکەیدا بۆ ماڵ گەڕانەوە. پاشان لە کتێبخانەکەیاندا، کتێبێکی ئەستووری هەڵگرت، کە باسی هەموو بوونەوەرانی دنیاو جۆرەکانی باڵندەو تەبیعەتو ڕەفتاریانی تیادا نووسرا بوو، دەستی بە هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی کرد، هاوڕێکەشی وەکو ئەو شپرزە بوو بوو، ئەو بەشەیان کە دەربارەی باڵندان بوو، بە باشی خوێندەوە، بەڵام هیچیان بە هیچ نەکرد، هیچ سەرەداوێکیان دەست نەکەوت. بۆیە بڕیاریاندا بۆ لای پیرە مەیمون بڕۆن تا ئەو

یارمەتیەکیان بدات و رێیەکیان پێ نیشان بدات. کتێبەکەیان هەڵگرت و بە مەبەستی دیدەنی پیرە مەیموون بەرەو لێرەوار رۆییشتن.

پیرە مەیموون پێکەنی، کتێبەکەی لێوەرگرتن و بەشێکی لێ هەڵبژاردو بە دەنگی بەرز بۆی خوێندنەوە:

**"جۆرە باڵندەیەك هەیە کە حەزی لە شتی رەنگین و شووشەییە، لە هەر شوێنێ ئەم جۆرە شتانە بدینێ، هەڵیدەگرێت و بۆ هێلانەکەی خۆی دەبات. ئەو شتانە لە دەوری هێلانەکەی هەڵدەواسێت، تەنانەت جۆرە باڵندەیەکی دی هەیە، گوڵە کێویلە بە دەنووك لە عاردی هەڵدەکەنن و بۆ هێلانەکەی خۆیانی دەبەن. ئەوانیش لە ناوەوەو دەرەوەی هێلانەکانیان هەڵیدەواسن. لەمەش سەیرتر جۆرە باڵندەیەکی دی هەن حەزیان لە وردە شتە، وەکو دەرزی، شقارتە، دوگمەو... لە هەر شوێنێ ئەو شتانە بدینن دەیبەن.**

(ڤ لی) گوتی: **"ئێستا کارەکەمان قورستر بوو، چونکە لە کوێ ئەو جۆرە باڵندەیە بۆدزینەوە؟"**
قەلەڕەش هاواری کرد: **"من دەزانم، من دەزانم لە کوێ دەژی".**

هەموو پێکەوە چۆن بۆ ئەو شوێنەی کە قەلەڕەش بۆی هەڵدا بوون، لە کەناری دەریاچەیەك، لەسەر دار سنۆبەرێکی زۆر بەرز، هەندێ شت دەبریسکانەوە، کە چوونە پێشترەوە سەیریان کرد کۆمەڵە عەینەکێکی زۆر بە دارەکەوە هەڵواسرا بوو، هەروەها پارچە شووشەی بچووکی شکاویش (ڤ لی) بزەیەکی کردو گوتی: **"جا ئەم باڵندەیە دەیتوانی دوکانێکی عەینەکفرۆشی بکاتەوە، چونکە ئەوەندەی عەینەك دزیوە کە"...**

لەم کاتەدا هاوڕێکەی (ڤ لی) گوتی: **"جا ئێستا چوزانی عەینەکەکەی داپیرەت کامەیە؟ بە چیا دەیناسیتەوە؟"**

پیرە مەیموون گوتی: **"باشترین رێگا ئەمەیە کە نامەیەك بۆ ئەو باڵندەیە بنووسین و داوا لە قەلەڕەش بکەین، ئەو نامەیە بنووسێت، چونکە ئەویش باڵندەیە، و باڵندان لە زمانی یەکتر تێدەگەن."**

بۆیە کاغەزێکیان بەم ناوەڕۆکە نووسی:

**"ئاغا یان خانمی باڵندە!**

**پێش هەموو شتێك بێزەحمەت عەینەکەکەی داپیرە بگێڕەوە، دوای ئەمەش، بەڕاستی ئەمە خوویەکی باش نیە کە بەبێ پرس و رەزامەندی خاوەنەکەی، هەر شتێکت حەز لێ بوو، هەڵی بگریت و بۆ هێلانەکەی خۆتی بێنی. ئەم کارە دزییەو هیچ کەسێك دزی، ئەگەر شتێکی زۆر بچووکیش بدزێ، خۆشناوێت."**

داپیرە، بۆ شەوێ دیسان تەلەفۆنی بۆ (ڤ لی) کردو پێی ڕاگەیاند کە ئێواری عەینەکەکەی دیسان هەڵفڕیوەو بۆ ماڵ گەڕاوەتەوە!.

## ٢٠- بۆن خۆشترین گوڵ

لە باخی سپی گوڵاندا، هەراو هەنگامەیەك بوو نەبێتەوە. قەرار بوو پێشبڕكێیەك ئەنجام بدەن و لەم پێشبڕكێیەدا بۆنخۆشترین گوڵ هەڵبژێرن. ئیدی كەس بە كەس نەبوو، هەر یەكەو شتێكی دەگوت.

ڕەبەنۆك گوتی: **"گوڵی من بۆنخۆشترین گوڵن، گەورەشن"**.

نیلۆفەڕ گوتی: **"گوڵی من بۆنخۆشترین گوڵن، هەم سپین و هەم پەمەیی."**

یاس گوتی: **"گوڵی من بۆنخۆشترین گوڵن، هەرچەندە بچووكن بەڵام زۆر بۆنیانخۆشە."**

جا كێ لەئەنجامدا براوە دەبێ؟ هەق بە كێیە؟

لەم كاتەدا هەنگێك بەدەم فڕینەوە هات و لەسەر یەكێك لە گوڵەكان نیشتەوە. هەموو تكایان لێكرد كە پێیان بڵێ كام گوڵ لە هەمووان بۆنخۆشترە.

هەنگەكە گوتی: **"جا ئێوە هەق نیە ئەم پێشبڕكێیە بكەن، ئەم پێشبڕكێیە بۆچی دەكەن. هەمووتان بۆنخۆشن"**.

بەڵام گوڵەكان دەستبەردار نەبوون، سوور بوون لەسەر داواكەیان. هەنگەكە ڕازی بوو و گوتی كە مادامێكی سوورن لەسەر ئەمە، خاڵی ئەرێنی یەك بە یەكیان دەڵێت. بەڵام لە پێش هەموو شتێكدا دۆستاكانیشی گازكرد تا ئەوانیش لەم داوەرییەدا یارمەتی بدەن.

بەهاتنی هەنگەكان باخەكە قەرەباڵغتر بوو. هەركەسەو شتێكی دەگوت. هەنگەكە لە ئەنجامدا هەمووانی بێدەنگ كردو گوتی: **"بەر لە هەرشتێك، بۆ ئەوەی هەمیشە گوڵی بە شەوق و ساغڵەم و گەشتان هەبێ، پێویستە خۆتان لە هەتاوی زۆر توند یان سەرمای تووش دووربگرن. هەروەها ئاوی زۆر یان بە پێچەوانەوە ئاوی كەم، ڕەونەق و پاراوی گوڵ دەبات. ئێمەی هەنگ شیلەی ئێوە دەمژین و هەنگوینی شیرین و بەتامی لێدروست دەكەین."**

هەموو هەنگەكان، قسەی هاوڕێكەیان سەلماندو كەوتنە هوراكێشان و ئەوسا دەستیان بە ویزەویز كرد.

دیسان هەنگەكە بێدەنگی كردن و لەسەری ڕۆیی: **"بەڵێ، هەموو گوڵەكانی باخی سپی بۆنخۆش."**

**كە گەییە ئێرە،** هەموو گوڵەكان كەوتنە هوراكێشان و بۆن و بەرامەی خۆیان بەو ناوەدا پەخش كردەوە. هەموو هەنگەكان، كەم و زۆر، بە بۆنی گوڵەكان مەست و بێهۆش بوون و كەوتن. گوڵەكان بە ترسەوە هەنگەكانیان بانگكرد، تا لە ئەنجامدا ئەو هەنگەی كە خەریك بوو قسەكانی دەكرد وەهۆش هاتەوەو گوتی: **"ئێستا بۆتان دەركەوێت كە كام گوڵ بۆنخۆشترە؟!"**.

هەموو گوڵەكان تەمەشای یەكیان كردو لە پڕ لە قاقای پێكەنینیان دا.

## ٢١-شەتڵە برنجێکی چکۆلە..

لە مەرەزەیەکی گەورەدا، شەتڵە برنجێکی بچووك کە چەند ڕۆژێك بوو چەکەرەی کردبوو. ئەم چەکەرەیە گوێی لە دەنگە دەنگ‌و هەراو زەنایەکی زۆر بوو. کە دیقەتی دا، سەیری کرد مێمڵ‌و ئافەتی برنج چوار دەوری تەنیوە. هەڵبەتە لە هەوەڵەوە مێمڵەکانی نەدەناسی، بەڵام پاش ئەوەی بۆی دەرکەوت کە بە نیازی هێرشن بۆ سەر ئەو، ترس سەراپای داگرت. مێمڵەکان، تێیان خوڕی: **"ئەهای خۆت ئامادە بکە، دەمانەوێ لەسەر تۆ بلەوەڕێن‌و ژیانی خۆمان مسۆگەر بکەین!"**

ئەوسا هێدی هێدی لێی نزیك بوونەوە، شەتڵە برنجەکە کە لە ترساندا فرمێسك بە چاوانیدا دەهاتە خوارێ گوتی: **"تکاتان لێدەکەم یەخە لە یەخەی من بکەنەوە، من تازە چەکەرەم داوەو یەك دوو گەڵام دەرکردووە. ئەگەر ئێوە من بخۆن، بەشەران بێ خواردن دەمێننەوە. ئەرکی من ئەمەیە کە باش گەشە بکەم، نەشونما بکەم‌و سوودێك بە مرۆڤان بگەیەنم، ئێوە جگە لە زیان هیچ شتێکی دیکە بە بەشەران ناگەیەنن."**

مێمڵەکان گوتیان: **"زۆر دەڵێی. ئێمە هەقمان چیە کە بەشەران گەرەکیانە تۆ بخۆن‌و گوڕو تینیان تێبکەوێ. ئێمەش دەبێ تۆ بخۆین تا بژین."**

ئەوسا مێمڵەکان بە ژێر ئاوەکەدا ڕۆییشتن‌و هێرشیان بردە سەر ڕەگ‌و ریشەی شەتڵە چکۆلەکەو دەستیان بە خواردن‌و مژینی ڕەگ‌و ڕیشەکەی کرد.

شەتڵە چکۆلەکە، لە ئەنجامی پەلاماری مێمڵەکان، ڕۆژ بەڕۆژ بێ هێزتر دەبوو. لەم کاتەدا نەرمە بارانێکی وردو خۆش لە ئاسمانەوە دەستی پێکرد. مێمڵەکان پێکەنین‌و بە یەکیان گوت، دوای خواردنی ڕەگ‌و ڕیشەی شەتڵە برنجەکان، بۆ خۆمان لە ژێر ئەم بارانە وردەدا خۆ دەشوێن. بەڵام بێئاگا بوون لەمەی کە ئەوەی دەباری باران نەبوو، بەڵکو ترومپای ژەهرپرژێنی مێمڵ کوژ بوو،و لە ڕاستیا ژەهری بەسەردا دەپڕاندن. ئیدی ڕێی هەڵاتنیان نەماو هەموو مێمڵەکان یەك لە دوای یەك دەفەوتان.

بەمجۆرە شەتڵە برنجە چکۆلەکە بوژایەوەو خۆشحاڵ‌و منەتبارو دەم بە پێکەنین سوپاسی هاوڕێی ئازیزی خۆی، ترومپای ئیمشییەکەی کرد کە لە سات‌و کاتی خۆیدا فریای کەوت‌و ڕزگاری کرد.

## ٢٢- گوڵی شەوبۆ

ئاسك، گیانلەبەرێکی کێوییەو زۆری حەز لە گوڵانە. ئاسکی ناو ئەم چیرۆکەی ئێمە لەو جۆرە ئاسکانەیە کە ئاشق‌و شەیدای گوڵە. چوار وەرزی ساڵ، گوڵخانەکەی ئەو پڕ بوو لە گوڵی جۆراو جۆری هەمیشە تازەو جوان. ئەم گوڵخانەیە لە بەهارا پڕ بوو لە گوڵی ماگنولیا، هەڵاڵەو ڕەبەنۆك.

لـه هاويـنـدا ياسـەمين‌و كامليا، لـه پاييزدا گوڵـەباخ‌و تەنانـەت لـه زسـتانيش دا نێرگـزی هـەبوو. گيانلەبەرانی بچووك‌و ميهرەبانی جەنگـەڵ زۆربـەيان كـەيف بـه گوڵخانەكـەی ئـەو دەهـات‌و پێيـان خـۆش بـوو. تەنانـەت باڵنـدەو تـەيروتوش هەميشـه بـۆ ئيسـراحەت‌و ئـاوازخوانی بـۆ ئەوێنـدەر دەهاتن.

بەڵام، هەر هەموو ئەو گوڵانه به رۆژەوه دەكرانەوه. كه خۆ ئاوا دەبوو، ئەوانيش دەخـەوتن، ئيـدی هيچ كەسێك به شەوان نەيدەتوانی رووی گەش‌و جوانی ئەو گوڵانه ببينێ‌و بۆنی خۆشيان پڕ به سينه هەڵمژێ.

ئيدی ئاسكه چكۆل، به مەبەستی پەيدا كردنی گوڵێك كه به شـەوان بكرێتـەوه، كەوتـه ڕێ، هـەر رۆيی، رۆيی، رۆيی، به دۆڵ‌و كێواندا تێپەڕی، به نێو سەوزەزارو درەختاندا بوری، ئەنجام لەسەر چەمەنزاری بەشێك لـه جەنگەڵەكه ڕاكشا تـا پشـوويەك بـدات. دنيا تاريك بوو بـوو و سـتێران بـه بـەرۆكێ ئاسمانـەوه جريـوه جريـو دەدرەوشـانەوه، ڕێـك لـەم كاتـەدا، بـۆنێكی خـۆش بـەر لـووتی ئاسكەكه كەوت‌و به سەرسامی له جێی خۆی ڕاپەڕی‌و چاوێكی به دەوروبەری خۆيدا گێڕا هيچی نەبينی، بەڵام بۆنه خۆشەكه سات به سات زياتر دەبوو و ئەو ناوەی پڕكرد، ژێر سەوزەكان گەڕاو چاوی به قۆپەنه گوڵێكی بچكۆله كەوت، كه چووه نزيكترەوه له بۆنی خۆشيان مەست بوو، زۆری كـەيف بـەوەهات كـه ئاقيبـەت گـوڵی دڵخـوازی خـۆی دۆزيوەتـەوەو لـه گوڵـەكانی پرسـی: **"ناوتـان چيه؟ چەند بۆنخۆش‌و جوانن!"**

گوڵـەكان بـه شـەرم‌و شـكۆوه سـەريان دانەوانـدو وەڵاميـان دايـەوه: **"ئێمـه شـەوبۆين‌و تـەنيا بـه شەوان بۆنمان دەڕوات‌و بڵاودەبێتەوه."**

ئاسكەكه، كەوته بيری ئەمەی كه تكايان لێبكات تا بێن بۆ باخەكەی ئەوو لەگەڵ گوڵـەكانی ديـدا جوانيـــەكی زيـــاتر بـــه گوڵخانەكـــەی ببەخشـــن. ئـــەوانيش ئـــەم پێشـــنيازەی ئاســـكەكەيان بـــه خۆشحاڵيەوه بەگەن كردو پێيـان گـوت كـه دەتوانێت چـەند چڵێك لـه بنجـه گوڵەكه هەڵكـەنێ‌و لـه گوڵخانەكەی خۆيدا بيڕوێنێ‌و ئاويان بدات تا گەورەو جوان بن. بەمجۆره ئاسكەكه چەند چڵێكی لێيـان جيـاكردەوەو بـه خۆشـحاڵيەوه بـەرەو گوڵسـتانەكەی بەڕێكـەوت‌و ئيـدی لەوسـاوه، گـوڵی شەوبۆش بوو به يەكێك له گوڵەكانی ناو جەنگەڵ‌و لێرەكه.

## ٢٣- هاوينه باران

هاوينه باران له پڕێكا دەست پێدەكات‌و به ڕێژنه دەبارێت‌و لـه پڕێكـاش دەوەسـتێتەوەو تـەواو دەبێت. هەندێجار له بەشێكی دەشت‌و بياباندا باران دەبارێ‌و لـه بەشـەكەی تريـدا بـاران نابـارێ، ئەمـه خـاڵێكی گرينگـەو پێويسـته سـەرنجی بـدەينێ، وەكـو چـۆن سـابرێنی نـاو چيرۆكەكەمان سەرنجی داوه.

مام سابرێن لەبەر خۆيەوه گوتی: **"چ رۆژێكی خۆشه!"**

ئەوسا چوو لێفەکەی لە گۆشەیەکی حەوشی ماڵەکەی خۆیدا هەڵخستو کەوتە بیری ئەوەی بڕوات تا لە بناری چیادا بای باڵێکی خۆی بداتو تاوێك بلەوەڕێو تێر گیای شیرین بخواتو بگەڕێتەوە. بەم خەیاڵە بەرەو بناری چیا بەڕێکەوت.

لە کاتێکا سەرگەرمی گیا خواردن بوو لە پڕ هەستیکرد ئاسمان تاریك بوو، سەری هەڵبڕیو چاوێکی بە ئاسماندا گێڕا، پەڵە هەورێك هاتبووە ئەو ئاستە، دوای تۆزێك با هەڵیکردو بروسکەو هەورە تریشقەش دەستی پێکردو بارانێکی توند دەستی پێکرد. سات بە سات بارانەکە توندتر دەبوو، و مام سابرێن تەڕی تەڕ بوو.

مام سابرێن بیری کەوتەوە کە لێفەکەی لە حەوشەدا هەڵخستووەو داوەتە بەر هەتاو، بێگومان ئێستا تەڕ بووە، بۆیە بە هەشتاو بە چیاکەدا هەڵگەڕا. بەناو لێرەوارەکەدا تێپەڕی، بە بن تاوێرو کەڤری چیاکەشدا ڕۆیی و گەییە سەری شاخەکە. تا زیاتر سەر دەکەوت بارانەکە هێواشتر دەبووە، کە گەییە لوتکەی چیاکە، سەیری کرد هەتاوی جوان دەدرەوشێتەوە.

مام سابرێن یەکسەر بەرەو لای لێفەکەی ڕۆیی، سەیری کرد لێفەکە لە جێگای خۆیەتی، نە تەڕ بووەو نەهیچ. مام سابرێن لە دڵی خۆیدا گوتی هەڵبەتە یەکێك لە دۆستو ئاشنا باشەکانم لێفەکەمی بردووەتە ژوورەوەو کە بارانەکەش خۆشی کردووەتەوە هێناویەتیەوە دەرێو لە جێگاکەی خۆی هەڵیخستووەتەوە. کە چاوی بە توتەڵەیەكو کەروێشکێكو پشیلەیەکی نەرمو نۆڵ کەوت لەو دەوروبەرە گەمەیان دەکرد، چوو بۆ لایانو لە توتەڵەکەی پرسی: **"ئەرێ تۆ لێفەکەت بردوومەتە ژوورەوەو دوایی هێناوتەتە دەرەوە؟"**

توتەڵەکە گوتی: **" من هەرگیز دەستم لە لێفەی تۆ نەداوە."**

ئەوسا لە کەروێشکی پرسی، بەڵام ئەویش وتی نەخێر.

مام سابرێن لەبەر خۆیەوە گوتی: **"زۆر سەیرە، ئا ئێستا بارانێکی توند باری، ئەدی کێ لێفەکەی لە تەڕ بوون بۆ پاراستووم؟"**

توتەڵەکەو کەروێشکەکەو پشیلەکە بەیەك دەنگ گوتیان: **"چی؟ گوتت چی؟ باران لە کوێ باریوە؟"**.

مام سابرێن گوتی: **"من کە لەو خوارەوە بووم لە پڕ بارانێکی توند دایکرد، تەماشا، بزانن جلەکانم چۆن تەڕ بوون"**.

توتەڵە کە وەڵامی دایەوە: **"لەوبەری چیایەکە باران باریوە، بەڵام لێرە، لەم بەر، تاقە دڵۆپێك نەباریوە!"**.

مام سابرێن لە دڵی خۆیدا گوتی: **"هاوینە باران چەند سەیرە!"**

حەوت هاوڕێ بڕیاریان دا بچن بۆ کەنار دەریاو مەلە بکەن. کە گەییشتنە دەریاکە، خۆیان کرد بە ئاوەکەداو تێر مەلەیان کرد. کە شەکەت بوون هاتنە دەرێ و لەسەر لمەلاَنەکە ڕاکشان. بەلاَم لە پڕ دیتیان یەکێکیان دیار نییە. بە ترس و نیگەرانیەوە تەمەشای ناو ئاوەکەیان کرد، بەلاَم دەریا ئارام بوو، و هیچ کەسێکیشی تیادا نەبوو. منداڵەکان زۆر ترسان و یەکە یەك دەستیان بە گریان کرد. بەلاَم گریان هیچی لێدروست نابێ. بڕیاریاندا بکەونە تاقیبی هاوڕێکەیان ئیدی بوون بە سێ دەستەوەو هەر دەستەیەکیان روویکردە شوێنێ.

دەستەی یەکەم بەرەو گردۆلکە لمەکانی کەنار دەریاکە ڕۆییشتن و ئەوێندەر گەڕان، دەستەی دووەم بەرەو خانووەکانی دەوروبەری دەریاکە ڕۆییشتن و دەستەی سێیەم بە نیگەرانیەوە کەوتنە گەڕان بە کەنار دەریاکەدا. بەلاَم چەند گەڕان هیچیان بە هیچ نەکرد، هیچ هەواڵێکیان لە هاوڕێکەیانەوە نەزانی. تەنانەت شوێن پێیەکی بچووکیشیان نەدۆزییەوە کە نیشانەی شوێن پێی منداڵ بێت، ئیدی وەختی نیوەڕۆ بوو، منداڵەکان هەموویان ناڕەحەت و نیگەران بوون، لەم کاتەدا پیاوێکی ماسیگر کە بەو ناودا تێدەپەڕی، کە سیمای خەمباری منداڵەکانی بینی، لایدایە لایان و هۆی خەمباریەکەیانی پرسی و ئەوسا بڕیاری دا هاوکاریان بکات و لەگەڵ ئەواندا بۆ هاوڕێکەیان بگەڕێ. لەم کاتەدا لەپشتەوە دەنگی پێکەنینێك وەئاگای هێنانەوە، ئاوڕی پشتەوەیان دایەوە، سەیریان کرد هاوڕێکەیان بەدەم قاقای پێکەنینەوە بەرەو ئەوان دەهات. منداڵەکانیش کە بە دیتنی هاوڕێکەیان خۆشحاڵ بوو بوون بەرەو پیری چوون، کوڕە بە دەم پێکەنینەوە پێی گوتن کە لە هەموو ئەو ماوەیەدا ئەو لە دوورەوە دیتوونی و هەر بۆ سوعبەت و شۆخی قسەی نەکردووە،و ئێستاش لەبەر ئەوەی کاتی نیوەڕۆژەیە، لە برسا هاتووەتەوە بۆلایان. بەلاَم هەموو دۆستەکانی پەست بوون،و بە ڕوو گرژی و توڕەییەوە لێیان دەڕوانی. کابرای ماسیگر هاتە پێشەوەو بە کوڕیژگە لاسارو شۆخیبازە نەفامەکەی گوت کە کارێکی زۆر خراپی کردووەو نابێ ئەمجۆرە سوعبەتانە دەگەڵ هیچ کەسێکدا بکات. نابێ نیگەرانی و ناڕەحەتی دۆستان، بکەی بە مایەی کەیف و ڕابواردنی خۆت، چونکە لەوەیە ئەو هاوڕێ و دۆستانە لەپێناوی دۆزینەوەی تۆدا تووشی گرفت و مەترسی گەورە بهاتنایە. کوڕیژگەکە کە گوێی لەم قسانە بوو، و سیمای توڕەی هاوڕێکانی بینی، بۆی دەرکەوت کە چەند کارێکی خراپی کردووە، بۆیە داوای بوردنی لە یەك بە یەکی هاوڕێکانی کرد. بۆ قەرەبووی هەڵەکەشی تکای لە هاوڕێکانی کرد کە ببنە میوانی ئەوو بچن بۆ ماڵی ئەوان و تکا لە دایکی بکەن تا میواندارییەکی باشیان بکات و خواردنێکی باشیان دەرخوارد بدات.

## ٢٥- گوڵی هەنار..

لەگەڵ هاتنی کیژی بەهاردا، قۆخ و هەرمێ و سێو گوڵیان کرد. پەپولان لە خۆشیاندا کەوتنە سەما، هەنگان خۆیان بۆ مژینی شیلەی گوڵان ئامادە کرد. پەپولە، هەنگ و پەڕندەو فڕندەی

بچووك بەدەم سوڕو سەماوە کەوتنە گۆرانی وتن‌و هەمووان بە هاتنی کیژی بەهار شادو دڵخۆش بوون!.

دار هەنارێکی تەنیا لەلایەکەوە وەستا بوو، زۆری پێ ناخۆش بوو کە تاقە گوڵێکیشی پێوەنەبوو، لقەکانی تەکان داو لە درەختی قۆخی پرسی: **"کێ شکۆفەی سوور بە تۆ دەدات؟"**

قۆخەکە گوتی: **"کیژی بەهار!"**

ئەوجا لە هەرمێی پرسی: **"کێ شکۆفەی سپی بە تۆ دەدات؟"**

وەڵامی دایەوە: **"کیژی بەهار!"**

ئەمجارەیان لە درەختی سێوی پرسی: **"کێ شکۆفەی پەمەیی بە تۆ دەدات؟"**

ئەویش وەڵامی دایەوە: **"کیژی بەهار!"**

دار هەنارەکە کە گوێی لە وەڵامی دۆستەکانی بوو، بە دڵی شکاوەوە، نارەحەت‌و خەمبار لە دڵی خۆیدا گوتی: **"کیژی بەهار، چەند شتێکی بەد ڕەسەنە، لەوەیە بەغیلی بە جوانیکەی مندا بەرێ یان خۆشی نەوێم!"**

زۆری نەبرد کە کیژی هاوین، بە کراسی ئاڵاو واڵاوە پەیدا بوو، کە دار هەنارەکەی بە تووڕەیی بینی، پێکەنی‌و گوتی: **"دار هەنار، پەلە مەکە، گوڵەکانی تۆ بە منە."**

کیژی هاوین، کۆمەڵێك گوڵی وردو جوانی لە تورەکەکەی دەرهێناو دایێ تا بەسەراپای خۆیدا بڕێژێ،و هەنگێ پێی گوت: **"ئێمەمانان، بەغیل نین، چونکە کیژی بەهار بەرپرسی گوڵی چەند درەختێکە، من لە چەند درەختێکی دیکە بەرپرسم‌و پاشان پاییزی خوشکە چکۆلەمان دێت‌و ئەویش گوڵ بە چەند درەختێکی دیکە دەدات، تەنانەت لە زستانیش دا هەندێ درەخت هەن کە گوڵ دەگرن‌و گوڵ دەکەن.**

دار هەنارەکە پەی بە هەڵەکەی خۆی بردو تەریق بووەوە زۆری پێناخۆش بوو کە وای مەزەندە کردبوو کە گوایە کیژی بەهار خۆپەرست‌و بەغیلە. لە کاتێکا کە هێدی هێدی سەری دادەنەواند، گوڵە سەوزەکانی لە شەرمدا سوور هەڵگەڕان.

## ٢٦- پێشبڕکێیەکی گەورە.

بڕیاردرا پێشبڕکێیەکی گەورە لە بەینی منداڵانی گەڕەکدا ئەنجام بدرێت. دەبوایە هەر منداڵەو لە لقێکی وەرزشدا یا هونەرێکدا بەشداری بکات. ڕۆژی پێشبڕکێیەکە دیاری کرا. هەموو منداڵەکان کەوتبوونە جۆش‌و خرۆش، هەرکەسەو بەو خەیاڵەی کە لە پێشبڕکێیەکەدا براوە بێ، مەشقی دەکرد. بەڵام (جانگ)ی چکۆلە چونکە هیچ هونەرێکی تایبەتی نەدەزانی، چونکە هێشتا لە هیچ لقێکی وەرزشدا کارامە نەبوو بوو، نەیدەتوانی لە پێشبڕکێیەکەدا بەشداری بکات. زۆر لەوە نارەحەت بوو کە دەیبینی هەموو منداڵەکان سەرگەرمی کارن‌و شەوق‌و زەوقێکی زۆر هەموویانی گرتووەتەوە، تەنیا ئەو لەو ناوەدا بێکارەو ، ناتوانێ هیچ کارێك بکات. کاتێ کە

دەچووە لای هەر یەکێك لە منداڵەکانەوە، داوایان لێدەکرد دوور بکەوێتەوەو وازیان لێ بێنێ تا لەو ماوە کەمەدا کە بە دەستیانەوەیە، مەشق بکەن، هێندەی دی ناڕەحەت دەبوو.
جانگی چکۆلە هەمیشە بە ئاواتی کەمانجەژەنییەوە بوو، بەڵام چونکە هێشتا منداڵ بوو و کەمانجەشی نەبوو، بە عەزرەتەوە دەیڕوانییە "لانگ"ی دۆستی کە لە کەمانجەژەنیدا زۆر کارامە بوو، بەڵام هەرجارێ کە دەیویست قسەی دەگەڵدا بکات، لانگ یەکسەر بە ئاماژەی سەر، بە جانگی دەگوت لێی دوور بکەوێتەوەو سەرقاڵی نەکات. ئەنجام رۆژی پێشبڕکێیەکە هات. جانگیش وەکو هەموو منداڵەکانی دی تووشی دڵەڕاوکەو نیگەرانی بوو بوو، چەند کاتی دەستپێکردنی پێشبڕکێیەکە نزیکتر دەبووەوە، ئەو زیاتر کەڵکەڵەی بەشداری دەکەوتە سەر.
یەکەمین پێشبڕکێ بۆ دەستەی ڕاکەڕان بوو.
دووەمین پێشبڕکێ بۆ جومناستیکبازان بوو، و دوای ئەوان نۆرەی دەستەی مۆسیقاو کەمانجەژەنان بوو.
جانگ لە پڕ بیرێکی بە مێشکدا هات، بەپەلە خۆی گەیاندە پشتی شانۆو بە هێمنی و بەبێ دەنگی بەرەو کەمانجەکەی لانگ، کە لە سوچێکا دانرا بوو، چوو. هەڵیگرت و یەك دووجار ئارشەکەی بە ژێیە ناسکەکانیدا هێنا، بەڵام لە جاری سێیەمدا لە پڕ یەکێك لە تەلەکانی (ژێیەکانی) کەمانجەکە پچڕا، ڕەنگی جانگ بوو بە جاوی سپی. بە پەلە کەمانجەکەی لە جێی خۆی دانایەوەو ئەوسا بەلەز بەرەو دەرێ رۆیی و لە نێو ئاپۆرای خەڵکەکەدا دانیشت، بەڵام روحی پێ نەبوو. چونکە دەیزانی چ کارێکی خراپی کردووە،و لەوەش خراتر لە جیاتی دان بە هەڵەکەیدا بنێت، بە بێدەنگی لە نێو ئاپۆرای خەڵکەکەدا دانیشتووە. جومناستیکبازەکان کاری خۆیان تەواو کردو نۆرەی دەستەی مۆزیکژەنان هات، ئەندامانی دەستەی مۆزیك هەموو لەسەر جێگای خۆ دانیشتن و خەڵکەکە بە بێدەنگی چاوەڕوانی ئەنجامدانی بەرنامەکە بوون. بەڵام جانگ چەند چاوی گێڕا لانگی نەبینی. بە ئەسپایی هەستاو چوو بۆ هەمان ژووری پشتەوە کە کەمانجەکەی تیا بوو. کە دەرگای ژوورەکەی کردەوە لانگی بینی کە لە سەر عاردی دانیشتووەو کەمانجەکەی لە باوەش گرتووەو دەگری. جانگ زۆر ناڕەحەت بوو، لە لایەوە دانیشت و نەیدەزانی چی بکات.
لەو کاتەدا مامۆستاکەی لانگ هاتە ژوورەوە، بە سەرسامی هاتەلای لانگەوەو بە شپرزەیی پێی گوت: **"لانگ بۆچی لێرە دانیشتووی، هەموو ئەو خەڵکە چاوەڕوانی تۆن؟"**.
دوای ئەو قسانە، چاوی بە فرمێسکەکانی لانگ و ئەوسا بە تەلە پچڕاوەکەی کەمانجەکە کەوت، بەپەلە کەمانجەکەی لە دەستی لانگ وەرگرت و کەوتە چاککردنەوەی. دوای تۆزێك مامۆستا کەمانجەکەی دایە دەست لانگ و گوتی: **"هانێ، چاك بووەوە، خێراکە، دەمێکە چاوەڕوانی تۆن."**
لانگ بە خۆشحاڵییەوەو بە دەم سڕینی فرمێسکەکانیەوە دەستی جانگی گرت و بەرەو شانۆکە رۆیی. بەڵام جانگ لە تەریقی و لە عەزابی ویژداندا نە چاوانی هیچ کوێیان دەبینی و نە گوێی هیچیان دەبیست.
ئەنجام بەرنامەکەی دەستەی مۆزیکژەنان ئەنجام دراو زۆریش جوان و سەرکەوتوو بوو. بەڵام جانگ هێشتا هەر ناڕەحەت بوو. لە کۆتایی بەرنامەکەدا ئەویش بڕیاری خۆی دا، چوو بۆ لای

لانگو هەموو شتێکی بۆ گێڕایەوە، چونکە راستگۆیی و دان نان بە هەڵەی خۆدا، باشترین سیفەتە. جانگ ئەوەی باش دەزانی. لانگ بەڵێنی پێدا بە جۆرێ فێری کەمانجەژەنینی بکات کە لە پێشبڕکێی داهاتوودا جانگیش بتوانێ بەشداری بکات.

## ٢٧- راستگۆیی پیرە کوند

بایەکەی خستو بارانیش وەستا. رۆژێکی خۆشو جوان دەستی پێکردبوو و پەلکە رەنگینەیەکی یەجگار جوان لە ئاسماندا دەرکەوت. پەلکەرەنگینەکە سەرێکی لە دەریاچەیەکی بچووکدا بوو و سەرەکەی تری تا سەر کێوان رۆیی بوو. ئەو بەیانییە جوانە هاوینەیە، گیانلەبەرانی جەنگەڵەکەش هێنابووە سەر کەیفو سەفاو جەنگەڵەکە جەنجاڵو قەرەباڵغ بوو بوو.

کلاونەیەك کە بەسەر درەختێکەوە هەڵنیشتبوو بانگی کرد: **"ئەهای گیانلەبەرانی جەنگەڵ، باڵندان، وەرن ببینن من بە زەبری پەڕەکانم چ پەلکە رەنگینەیەکی جوانم لە ئاسمان دروستکردووە!"**

پەپوە سلێمانکە بەم قسانە ناڕەحەت بوو و بە توڕەیی گوتی: **"ئەم قسەیە چیە؟ کێ دەڵێ وایە، پەلکە رەنگینە لە خۆشی دەنگی منا لە ئاسمان پەیدا بووە! ئەدی نابینی ئەو پێنج ڕەنگە جوانە، لەبەر خاتری دەنگو ئاوازی من لە ئاسماندا پەیدا بوون!"**.

کلاونەکە گوتی: **"هەموو کەس دەزانێ پەلکە ڕەنگینە حەوت ڕەنگە، هەرگیز پەلکەرەنگینە پێنج رەنگ نەبووە!"**.

ئەوسا بە توڕەیی دەمەلاسکێی پەپوەسلێمانکەکەی کردەوە. پەپوەسلێمانکەکەش وەڵامی دایەوە: **"باوەڕ ناکەی؟ دەتوانی بە چاوی خۆت ببینی کە من بۆ هەر کوێ هەڵفڕم پەلکەڕەنگینەکەش لەگەڵمدا دێت"**.

کلاونەکەو پەپوەسلێمانکەکە پەیتا پەیتا دەمەلاسکێی یەکیان دەکردەوەو کەسیان ئامادە نەبوون بێدەنگ بن. لەم بەینەدا سوڵتانی باڵداران، واتە تاوسی جوان کە لە سەرەتاوە گوێی لە قسەکانی وان گرتبوو، برۆکانی وێکهێنانەوەو گوتی: **"بەسە، بیبڕنەوە، شەڕ مەکەن!"**

ئەوسا بەلارو لەنجە چوو بۆ شوێنێك و باڵەکانی کردنەوە. تێکڕای باڵندەکان نوقمی جوانی پەڕەکانی تاوس بوون. سوڵتانی باڵندان لەسەری رۆیی: **"ئێوە دەتانزانی کە پەلکە رەنگینەو ئاسمانو بگرە هەوری نارنجیو ڕەنگین کە جار جار لە ئاسماندا پەیدا دەبن، هێزو توانای خۆیان لە باڵەکانی منەوە وەردەگرن؟!"**

هەموو باڵندەکان یەکسەر باوەڕیان کردو سەریان بۆ لەقاند. کلاونەو پەپوەسلێمانکەکەش بێدەنگ بوونو قسەی تاوسەکەیان سەلماند.

پیره کوندێك کە لە لای تاوسکەوە هەڵنیشتبوو بە دەنگی بەرز پێکەنی و گوتی: **"ئەی پاشای بەڕێز! ئێمە ڕێزو حورمەتمان بۆت هەیە. بەڵام نابێ کارێك کە خۆمان خاوەنی نەبووبین و خۆمان دامان نەمەزراندبێ و خۆمان نەمان کردبێ، بە درۆ بەهی خۆمانی لە قەڵەم بدەین. ئاخر تۆ بە چ حەقێ دەڵێی پەلکە ڕەنگینە لەبەر خاتری ڕەنگینی باڵەکانی تۆ دێتە ئاراوە؟"**

تاوس گوتی: **"تۆ، تۆ لە کوێ دەزانی کە وانیە؟"**

تاوسەکە کە دەیبینی هەموو باڵندەکان ئاگاداری ئەم گفتوگۆیەن، نەیدەویست توڕەیی خۆی دەربڕێ.

کوندەکە گوتی: **"باوەڕ ناکەیت؟ ئا لەم شوێنەوە تەمەشا بکە، پەلکە ڕەنگینە دوای مودەتێك خۆ بە خۆ نامێنێ. پەلکەڕەنگینە دیاردەیەکی سروشتییە، بەرەنجام و زادەی ئەو هۆکارانەیە کە خودا دروستی کردووە، دەستی باڵندەو گیانلەبەران و بەشەرانی تیا نیە."**

بە ڕێکەوت لەگەڵ تەواو بوونی قسەی کوندەکەدا، پەلکە ڕەنگینەکەش بەرە بەرە نەما، تاوسی جوانیش بە ئەسپایی باڵەکانی دادایەوەو بەشەرمەزاری سەری داخست و هەموو باڵندەکانیش ستایشی قسە ڕاست و دروستەکانی کوندەکەیان کردو ئافەرینی ئەو جورئەت و ئازایەتیەیان کرد کە بە زەبری ڕاستگۆیی، درۆی تاوسەکەی ڕەتکردەوە.

## ٢٨- بورجی کۆن و وێستگەی تەلەفزیۆن

مرۆڤ هاتن، لە پاڵ بورجێکی زۆر کۆندا، بورجێکی ئاسنینیان دروستکرد کە زۆر لە بورجە کۆنەکە بەرزتر بوو، و سەراپایان لە ئاسن دروستکرد بوو. کاتێ کە لە دروستکردنی بورجە ئاسنینەکە بوونەوە، بورجە کۆنەکە تەماشایەکی بورجە تازەکەی کردو باش دیقەتی دا، ئەوسا گوتی: **"سەیرە، شێوەی تۆ بە هیچ جۆرێ لە من ناچێت، تەمەنم نزیکەی هەزار ساڵە، بەم زووانە پێ دەنێمە ناو هەزار ساڵییەوە، ئەوەندەم بەشەرانی جیاوازو شتی عەجیب و غەریب دیتوون، کە چەندیان باس بکەم هەر تەواو نابێ، بەڵام تا ئێستا بورجی وەکو تۆم نەدیتووە، نازانم تۆ بورجی یان نا؟هەم بەرزی و هەم باریك و لاواز، تا بەرزتر دەبیتەوە باریکترو لاوازتر دەبێ، هیچ کەسێکیش چاودێری و ئاگاداریت ناکات تا خەراپ نەبیت و دیوارو سابیتەکانت وەکو من نەڕزێ و دانەڕوخێت..."**

بورجە ئاسنینەکە کە گوێی لەو قسانە بوو هەڵوەستەیەکی کردو بەوپەڕی هێمنی گوتی: **"من پێویستم بەوە نیە کە یەکێك بەردەوام چاودێریم بکات. پێویست بەوەش ناکات هیچکەسێك بە سەرما سەر بکەوێ تا لەو بەرزییەوە تەمەشای دیمەنانی دەوروبەر بکات، من وێستگەی تەلەفزیۆنم، کاری من ئەوەیە کە بەرنامانی تەلەفزیۆنی بۆ خەڵکی پەخش بکەمەوە."**

بورجە کۆن و پیرەکە بەسەر سامی برۆکانی وێکهێنانەوەو گوتی: **"چی؟ گوتت چی؟ تەلەفزیون چیە؟ پەخشی بەرنامە مانای چیە؟"**

**بەمجۆرە وێستگەی تەلەفزیۆنەکە بەکاوەخۆ تەلەفزیۆن و کارەباو پەخشی بەرنامەی بۆ بورجە کۆنەکە باسکرد. هەروەها بۆی باسکرد کە هۆی بەرزییەکەی ئەمەیە تا بتوانێ بەرنامانی پتر لە ڕێگای کەناڵانی جیاوازەوە بە خەڵکی بگەیەنێت.**

**بورجە کۆنەکە زۆر شت فێر بوو کە تا ئەو کاتە نەیدەزانی، هەڵبەتە هێشتاش زۆر شتی تر مابوو کە نەیدەزانی و زۆر پرسیاری هەبوون کە دەبوایە بەرە بەرە لە وێستگەی تەلەفزیۆنەکەی بپرسێت.**

## ٢٩- گوڵی نیلۆفەر

**هاوین هات (وانی)و دایکی چوون بۆ گوندی بۆ ماڵی پوری وانی. ماڵەکەی پوری وانی زۆر جوان و گەورە بوو، حەوزێکی بچکۆلەی تیا بوو بۆ گەمەی منداڵان. هەروەها ژمارەیەکی زۆر دارحەیزەرانیشی تیا بوو، ئەمە جگە لە گوڵخانەیەکی گەورە.**

**ڕۆژێك کە وانی دەگەڵ پوری دا بۆ گوڵخانەکە ڕۆیی بوون، لە پوری پرسی: "پوریَ گیان، ئەو گوڵە سوورو پەمەییانە چین، چ جۆرە گوڵێکن؟"**

**پوری وەڵامی دایەوە: " گوڵی نیلۆفەرن، تۆ بڕوانە ناوەکەی لە ئەستێرەی ئاسمان دەچێت. لە گوندەکەی ئێمەدا زۆر جار منداڵان بەم گوڵە دەڵێن گوڵی ئەستێرەیی."**

**لەم کاتەدا بایەکی توند هەڵیکرد و ژمارەیەکی زۆری لە گوڵی نیلۆفەرەکە هەڵکەندو بردی. وانی گوتی: "وای، وای، تەمەشا بایەکە هەموو گوڵە نیلۆفەرەکانی هەڵکەندو بردی، با بڕۆم کۆیان بکەمەوەو بیان هێنمەوە."**

**پوری گوتی: "باشە بڕۆ، بەڵام زۆر دوور نەکەویتەوە، لە پەرژینی باخەکە بەولاوە نەڕۆی چونکە گوم دەبیَ".**

**وانی، شادو دڵخۆش بە غاردان بەناو گوڵخانەکە کەوت. بە دوای گوڵە نیلۆفەران دا بەملاو بەولادا دەڕۆیی.**

**پەپولەو هەنگانیش، بەسەر سەرییەوە دەسوڕانەوە، وانی پاش ئەوەی گوڵەکانی ئەو ناوەی کۆکردنەوەو کردنیە ناو سەبەتەیەکەوە، دیسان کەوتە غاردان بە دوای گوڵەکانی تردا، تا گەییە پەرژینی گوڵخانەکە. پەپولەکان لە پەرژینەکە تێپەڕین، وانیش بە دوای ئەواندا لە پەرژینەکە ئاودیو بوو، هەر ڕۆیی ڕۆیی ڕۆیی و لە گوڵخانەکە دوورکەوتەوە.**

**لە پڕ وەستاو بە خۆی گوت: "وای، چی بووە، ئەدی گوڵە نیلۆفەرەکان، ئەی پەپولەکان؟ ئەی هەنگەکان کوان، کێوەچوون؟"**

**وانی ڕێگای ماڵەوەی ون کردبوو. لە ترسا دەستی بەگریان کرد. پەپولەکان کە گوێیان لە دەنگی گریانی وانی بوو، کەوتنە سوڕانەوە بەسەر سەرییەوە، ئەویش دوای پەپولەکان کەوت، بردیان**

بردیان تا گەیاندیانە نزیکی گوڵخانەکە. پوری وانی لە پڕ لە دوورەوە دیتنی و بەرەو لایان هات. وانی زۆر خۆشحاڵ بوو، و سوپاسی پەپولەکانی کرد کە ڕزگاریان کردبوو.
پوریَ پێی گوت: **"چونکە تۆ یارمەتی نیلۆفەرەکانت دا، پەپولەکانیش یارمتی تۆیان دا، یارمەتیدانی خەڵکی کارێکی زۆر باشە."**

## ٣٠- هاوینی گەرم

ژووری لەیستۆك‌و گەمەکان زۆر گەرم بوو. هیچ یەکێك لە گەمەکان لە تاو گەرما خەویان لێنەدەکەوت.
کەروێشکێکی چکۆلەی سپی، لە تاو گەرما لە بەینی گەمەکانی دیکەدا هەر هەڵبەزو دابەزی بوو و دەیگوت: **"وای لەم گەرمایە. خەریکە دەخنکێم."**
بووکە پەڕۆینەیەك گوتی: **"خۆزگە بارانێك دەباری."**
دوای ئەو قسەیە زۆربەی جلەکانی داکەند.
فیلێکی پلاستیکی تەکانێکی داو گوتی: **"ئەگەر باران بباریَ دنیا زۆر فێنك دەبێت.."**
هەر هەموو گەمەکان بە یەك دەنگ هاواریان کرد: **"باران، خێرا وەرە! باران خێراکە وەرە!"**
تەنیا مەیموونێکی چکۆلە لە نێو گەمەکاندا، هیچ قسەیەکی نەدەکرد. لەبەر خۆیەوە بیری کردەوە: **"فایدەی چیە ئێمە باران بانگ بکەین، دەبیَ کاریَ بکەین ژوورەکە فێنك بکەینەوە"**.
ئەوجا بیری کردەوەو بیری کردەوە تا سەرەنجام بیرۆکەیەکی بە مێشکدا هات. هاوارێکی کرد تا هەمووان بێدەگ بن. ئەوسا روویکردە هاوڕێکانی‌و گوتی: **"هەمووتان گویَ بگرن، من رێگەیەکی باشم بۆ فێنك کردنەوەی ژوورەکە دۆزیوەتەوە."**
کەروێشکە چکۆل بە خۆشحاڵییەوە گوتی: **"بەڕاستتە؟ تەمەشاکەن، مەیموونە چکۆل بەڕاستی ئاقڵە، رێگەیەکی باشی دۆزیوەتەوە."**
مەیموونەکە تەمەشایەکی فیلە گەورە پلاستیکییەکەی کردو گوتی: **"هاوڕیَ گیان، بیَ زەحمەت ئەو گەرما پێوەی قەد دیوارەکەم بدەیە."**
فیلە پلاستیکییەکەش هێدی هێدی بەرەو لای دیوارەکە ڕۆیی‌و بە لوتە درێژەکەی گەرماپێوەکەی قەد دیوارەکەی هەڵگرت‌و دایە دەست مەیموونەکە.
مەیموونەکە بێئەوەی هیچ قسەیەکی دی بکات، بەرەو لای پانکەی قەراخ ژوورەکە رۆیی، گەرما پێوەکەی بە هەردوو دەستی گرتبوو، و گوتی: **"برادەرانی ئازیز، باش تەمەشا بکەن، ئێستا**

**پلەی گەرما سی و پێنج پلەی سەدیە. من بە هەڵکردنی پانەکەکە پلەی گەرما دێنمە خوارەوە. و لە ئەنجامدا هەوا فێنك دەبێت!"**

هەندێ لە گەمەکان بەم قسانەی مەیموونەکە خۆشحاڵ بوون و گوتیان چەند ڕێگەیەکی باشە، بەڵام هەندێکیانیش باوەڕیان بە قسەکانی نەکرد. مەیموونە چکۆل پانکەکەی پێکرد، ئەوسا گەرما پێوەکەی لە بەرانبەر پانکەکەدا ڕاگرت و ئەویش پێ بە پێی پانکەکە کە بە ڕاست و بە چەپدا وەردەچەرخا، بەڕاست و بە چەپدا غاری دەداو لە ماندوویەتی و لە گەرما ئارەقەی شین و مۆری دەردا بوو. دوای ئەوەی ماوەیەك بەسەر ئەم کارەی ئەودا تێپەڕی، هیچ گۆڕانێك بەسەر گەرما پێوەکەدا نەهات، و هەر لەسەر پلەی سی و پێنج وەستا بوو.

هەموو گەمەکان لە دەوری خڕبوونەوە. کەروێشك گوتی: **"ئاخر چۆن بە هەڵکردنی پانکەکەشەوە گەرماپێوەکە نەگۆڕاوە؟"**

فیلە بۆر گوتی: **"هێشتا گەرماکە وەکو خۆیەتی، تۆ کڵاوت کردینە سەر!"**

کوندێکی پلاستیکی لە هەراو زەناو غەڵبەغەڵبی لەڕادەبەدەری گەمەکان خەبەری بووەوە، چاوانی هەڵێنان و باوێشکێکی داو گوتی: **"بۆچی ناخەون، ئەم هەراو زەنایە چیە، منیشتان لە خەو کرد."**.

گەمەکان، حاڵ و حیکایەتەکەیان بۆ پیرە کوند گێڕایەوە، ئەویش بە دەم پێکەنینەوە گوتی: **"ئێوە نابێ لۆمەی مەیموونە چکۆل بکەن. چونکە ئەو مەبەستی چاکە بووە. بەڵام ئەوە بزانن کە پانکە ناتوانێ پلەی گەرما بێنێتە خوارێ. مرۆڤ کە پانکە پێدەکەن بۆ ئەوەی ئارەقەی بەدەنیان وشك بکەنەوەو لەشیان فێنك ببێتەوە. بەڵام دڵ لە دڵ مەدەن، کە دنیا زۆر گەرم ببێ، بە زۆری باران دەبارێت."**

دوای تەواو بوونی قسەکانی پیرەکوند، بە ماوەیەکی کەم دەنگی بروسکەو هەورە تریشقە بەرز بووەوەو ڕێژنەی باران دایکرد، دنیا فێنك بووەوەو گەمەکان بە ئاسوودەیی خەویان لێکەوت.

## ٣١- کێ ئاقڵترە؟

(مالیا) کچۆڵەیەکی حەوت ساڵان بوو، لەگەڵ دایك و باوکیا لە یەکێك لە شارەکانی چین دا دەژیان. مالیای چکۆلە زۆری بیر دەکردەوە، بیری لە هەموو شتێك دەکردەوە، لە دەشت، لە بیابان، لە گوڵ، باڵندە، گیانلەبەران و... زۆرجار لەسەر چیمەنەکەی نزیکی ماڵی خۆیان ڕادەکشاو بیری دەکردەوە.

ئەو ڕۆژە، دنیا خۆش و دڵگیر بوو، وەکو خووی هەمیشە لەسەر چیمەنەکە ڕاکشا بوو، دایکی بانگی کرد تا بێتە یارمەتی و جلی لەگەڵدا بشوات. مالیا چووە یارمەتی دایکی، بەدەم جل شتنەوە لە فکران ڕاچوو بوو، لە پڕ چاوی بە بەشەرێکی ڕۆبۆتی کەوت، ڕۆبۆتەکە بە دیار مالیاوە وەستاو سڵاوی لێکردو پێی گوت کە ناوی (بویا)یە. مالیا لێی پرسی کە دەتوانێ چ

کارێك بكات‌و ئەویش وەڵامی دایەوە: **"زۆر كارم لە دەست دێت، من باڵام زۆر بەرز نیە، بەڵام دەتوانم گۆرانی بڵێم، چیرۆك بگێڕمەوە، پەرداخێ شیری گەرم لە دایكت وەربگرم‌و بۆ تۆی بێنم، وەڵامی تەلەفۆن بدەمەوەو..."**

مالیا لەبەر خۆیەوە گوتی: **"رۆبۆت چەند بە كارە، كاری ئەوتۆ دەكات كە ئادەمیزادی ڕاستەقینە دەرەقەتی نایەن؟"**

مالیا بیرێكی بە مێشكدا هات. ڕوویكردە رۆبۆتەكەو گوتی: **"من هێشتا دەرسی بیركاریەكەم نەنووسیوەتەوە، دەتوانی یارمەتیم بدەیت؟"**

رۆبۆتەكە قایل بوو، مالیا بە خۆشحاڵی‌و پێكەنینەوە دەفتەری بیركارییەكەی هێنا.

– **"ئێ، من پرسیار دەكەم‌و تۆ وەڵام بدەوە: بیست‌و سێ جاران سێ دەكاتە چەند؟"**.

– **"شەست‌و نۆ"**.

– **"ئافەرین، ئەی چل‌و سێ جاران سێ دەكاتە چەند؟"**

– **"سەدو بیست‌و نۆ."**

مالیا، بەمجۆرە مەشقی بیركارییەكەی تا كۆتایی بە هاوكاری رۆبۆتەكە نووسییەوە. لە هەمان كاتدا هەستیكرد یەكێك ڕایدەتەكێنێ، دایكی بوو. مالیا كە روانیە دەوروبەری خۆی رۆبۆتەكە نەمابوو، بەڵام جلە چڵكن‌و نەشۆردراوەكان بە چوار دەوریا بڵاوبووبوونەوە. یەكسەر بۆی دەركەوت كە هەموو ئەو شتانەی لە خەون‌و زندە خەوندا دیتووە، یەكسەر داوای بوردنی لە دایكی كردو بە جددی كەوتە كاركردن‌و جل شۆردن.

شەوێ كە باوكی بۆ ماڵ هاتەوە، مالیا كۆمەڵێ پرسیاری دەربارەی رۆبۆت لێكرد. باوكی بەدەم پێكەنینەوەو لەگەڵ دایكی دا، بەوپەڕی هێمنی‌و ئارامی وەڵامی گشت پرسیارەكانیان دایەوە. ئیدی كاتی نووستنی مالیا بوو، شەوباشی لە باوك‌و دایكی كردو چوو بۆ سەر جێگاكەی خۆی. لە گەرمەی بیركردنەوەدا بوو كە دیسان رۆبۆتە بەشەرییەكەی لەلای خۆیەوە بینی. مالیا بە دیتنی خۆشحاڵ بوو و سڵاوی لێكرد، رۆبۆتەكەش وەڵامی دایەوەو پێكەوە دەستیان بە قسان كرد. باسی زۆر شتیان كرد. باسی ناوی باڵندەو گیانلەبەران، گوڵ‌و دارو درەختان‌و زۆر شتی تریان كرد. مالیا دەفتەرەكەی هێناو بە (بوبا)ی گوت كە ناوی خۆی بۆ یادگاری لە دەفتەرەكەی ئەودا بنووسێت، بەڵام بوبا پێی گوت ناتوانێ پەنجەكانی بۆ نووسین بەكار بێنێ‌و هێشتا شتی وایان فێر نەكردووە. مالیا پێی گوت كەواتە جلم بۆ بشۆ، ئەمجارەش بوبا داوای بوردنی كردو بە مالیای گوت كە هێشتا زۆر كار هەن ناتوانێ بیانكات. ئەو كارانەشی كە دەتوانێ بیانكات، ئادەمیزادان خستویانەتە كۆمپیوتەری مێشكییەوە، دەنا ئەو تەنیا ئامێرێكی ئاسنەو دەستكاری مرۆڤە.

مالیا، دیسان هەستیكرد كەسێك تەكانی دەدا، دایكی بوو، كە بانگی دەكرد تا بڕوات بۆ قوتابخانە. مالیا چاوانی هەڵێنان‌و زانی هەموو ئەو شتانەی كە دیتوونی لە خەویا دیتوونی، هەنگێ پەی بە گەورەیی خودا برد كە مرۆڤی بەو هەموو بەهرەمەندییە دروستكردووە، مرۆڤ

دەتوانن کاری زۆر بکەن، دەتوانن مێشکیان بخەنە کارو رۆبۆت یان بەشەری رۆبۆتی دروست بکەن، بەڵام رۆبۆتان دەتوانن هەندێ کاری کەم ئەنجام بدەن.

ماليا سوپاسی خودای کردو بە خۆشحاڵییەوە ڕۆیی تا خۆی بۆ چوونە قوتابخانە ئامادە بکات.

## ٣٢- خواردنی گیانەوەرانی دنیا

لە باخی گەورەی گیانلەبەرانی شاردا، مەیموونێکی چکۆلە لەگەڵ دایكو باببیدا دەژیا. ئەم بێچووە مەیموونە زۆر زیتەڵو زرینگ بوو. حەزی دەکرد سەر لە هەموو شتێك دەربکات. دایمەی خوا پرسیاری لە دایكو باوکی دەکرد.

چەند ڕۆژێك بوو کە مەیموونێکی تری لە نەژادو ڕەسەنێکی دی هاتبووە باخەکە، بێچوە مەیموونەکە حەزی دەکرد ببێ بە دۆستی مەیموونە تازەکەو هەندێ پرسیار لەویش بکات. شەوێك لەگەڵ دایكو باوکیدا چوونە دیدەنی مەیموونە تازەکە، کە بوو بوو بە دراوسێی ئەوان. مەیموونە تازەکە چونکە تەمەنێکی بەسەر بردبوو زۆر ئاقڵو دانا بوو، ئامادە بوو کە هەموو رۆژێ بێچووە مەیموونەکە فێری دەرسێکی تازە بکات.

بۆ سبەینێی ئەو رۆژە بێچووە مەیموونەکە هەرکە لە خەو هەستا، چوو بۆ دیدەنی مەیموونە تازەکەو داوای لە مەیموونی زانا کرد وەڵامی ئەو پرسیارەی بداتەوە کە باوكو دایکیو زۆری تریش هێشتا نەیانتوانی بوو، وەڵامێکی دروستی بدەنەوە. مەیموونی زانا قەبوڵی کرد. بێچوە مەیموونەکە لێی پرسی: **"بۆچی بنیادەمان، حەیوانات دەکرن و گۆشتەکەی یان شیرەکەی دەخۆن، ئایا ئادەمیزادان بوونەوەری زۆر بەدو خراپن کە حەیوانات ڕاو دەکەن؟"**

مەیموونی زانا بەدەم پێکەنینەوە سەرێکی لەقاندو بە بێچوە مەیموونەکەی گوت: **"پرسیارێکی باشت کرد، کوڕی من، هەموو بوونەوەرانی دنیا دەبێ خواردن بخۆن. ئیدی لە حەیواناتەوە بیگرە تا دەگاتە گیاو ڕوەكو دارو درەختو بەشەران، هەر هەموو ئەم گیانەوەرانە پێویستە بە جۆرێك لە جۆران خواردن بخۆن. هەرچی گیاو درەختو ڕوەكو هەیە بەخاكو خۆراکی ناو خاكو هەواو ئاو دەژینو نەشونماو گەشە دەکەن. حەیوانات لە سەر ئەم گیایانە دەژین، لە ڕاستیدا لەسەر ڤیتامینی ناو گیاو ڕوەکان دەژین. باڵندەش بە هەمان شێوە یان لەسەر گیا یان لەسەر خۆراکی ناو خاكو زەوی دەژین. مرۆڤو ئادەمیزادیش بە هەمان شێوە لەسەر گۆشتی هەندێ لە گیانلەبەرانو پەلەوەران یان گیاو ڕوەکان دەژین. تۆو باوكو دایکیشت بە هەمان شێوە دەژین، وەلحاسڵ هەر هەمووان لەم دنیا گەورەیەدا لەسەر یەکترو بەکۆمەكو یارمەتی یەکتر دەژین، ئەگەر ئاو نەبێ، خاكو زەوی نەبێ، گیاو ڕوەکان شین نابن، ئەگەر گیاو ڕوەك نەبێ حەیوانات ناتوانن بژینو وەکو پێویست زیاد بکەنو گەشە بکەن، هەروەها ئەگەر حەیوانات نەبێ هەندێ حەیوانی دی یان ئادەمیزادان ناتوانن بژین."**

بێچوە مەیموونەکە بەو ڕوونکردنەوەیە زۆر شت فێر بوو کە تا ئێستا نەیدەزانی. زۆر دڵی بەوە خۆش بوو کە وەڵامی پرسیارەکەی دەستکەوتووەو ئێستا کەسێك هەیە، کە هەرکاتێ وەڵامی پرسیارێکی لێ عاسی بوو، پەنای وەبەر بەرێت.

## ٣٣- کە با هەڵدەکات

ئالاکە بەدەم باوە دەشەکایەوە. سێ باڵندە لەسەربانی قوتابخانەیەك نیشتبوونەوە، کۆترێك‌و چۆلەکەیەك‌و پەڕەسێلکەیەك. کۆترەکە ڕووی کردە دووانەکەی ترو گوتی: **"من مەتەڵێکتان لێ دادێنم بزانم کێتان دەتوانن هەڵی بێنن: ئەوە چیە ئەگەر بە توندی بەرجامێ ئاو بکەوێ، ئاوەکەی ناوی بە تەواوەتی دەشڵەقێ‌و لەوەشە بڕژێ، ئەگەر بەر درەخت بکەوێ میوەو بەرو گەڵاکانی دەوەرێ، ئەگەر بە گوڵان بکەوێ پەڕەکانی دەوەرێ،و ئەگەر بەر هەوران بکەوێ، هەورەکان یەکسەر لە بەری هەڵدێن، کەچی ئێوە هەموو ڕۆژێ تووشی دەبن."**

پەڕەسێلکەکە گوتی: **"سەیرە ئەمە چیە؟"**

و ئیدی لە فکران ڕاچوو.

چۆلەکەکەش گوتی: **"سەیر ئەوەیە کە ئێمە هەموو ڕۆژێ دەیبینین، بەڵام نازانین چیە!"**.

پەڕەسێلکەکە بە خۆشحاڵییەوە کەوتە هەڵبەزو دابەزو گوتی: **"دۆزیمەوە، ئەوە بایە! ئەگەر بەر درەختان بکەوێ بەرو گەڵاکانیان دەوەرێ‌و ئەگەر بەر گوڵان بکەوێ پەڕەکانیان دەوەرێ، چەند شتێکی خراپە ئەم بایە"**

لە پڕ، دەنگێکی گەورەو گڕ گوتی: **"من لەگەڵ ئێوەدا نیم."**

باڵندەکان ڕاچڵەکین‌و زۆر ترسان. ڕوانیانە دەوروبەری خۆیان، بەڵام کەسیان نەبینی.

چۆلەکەکە گوتی: **"تۆ کێی، تۆ لە کوێی؟"**

دەنگەکە دووبارە بووەوە: **"من هەوام، لە دەوروبەری ئێوەم"**.

چۆلەکەکە گوتی: **"من نەمگوت تۆ شتێکی خراپی، گوتم با شتێکی بەدو خراپە!"**

**- "فەرق ناکات، هەردووکیان یەك شتن. با منم،و هەواش بایە! ئێمە کاتێ کە دنیا گەرمەو بنیادەم پانکە هەڵدەکەن، هەوای دەوروبەر دەست بە جوڵان دەکات‌و با دێت‌و کاتێ کە هەوای دەرەوە سارد دەبێت، با هەڵدەکات، یانی هەوا خێرا تر دەجوڵێت‌و دنیا فێنك دەبێت."**

هەرسێ باڵندەکە پەیان بە هەڵەکەی خۆیان بردو گوتیان: **"بەڕاستی با شتێکی باشە، ئێمە ناتوانین بەبێ هەوا بژین‌و بەبێ باش تووشی زەحمەت‌و کێشە دەبین، ئەگەرچی کاتێ کە با تووڕە دەبێت بنیادەم‌و گیانلەبەرو پەلەوەران دەترسێنێ. بەڵام ئەوەندەی چاکە هەیە کە بوونی پێویستە"**.

## ٣٤-چلورەی جادوویی

"خوالو" چلورەیەکی کڕیو بڕیاری دا کە گەییشتەوە ماڵێ ئەوسا بیخوات، بەڵام چلورەکە لە رێگادا لە ناکاو هاتە زمانو بە (خوالو)ی گوت: **"سەبر بکە، ئەگەر یەکسەر نەمخۆیت، بەرنامەیەکی جوانت پێشکەش دەکەمو زۆر شتی باشت فێر دەکەم."**

(خوالو) بەسەرسامی گوتی: **"یانی تۆ سەرباری قسەکردن، دەتوانی بەرنامەی جوانیش پێشکەش بکەیت؟"**

چلورەکە وەڵامی دایەوە: **"بەڵێ، ئەگەر کاغەزەکەی دەورم بکەیتەوە، شتی باشت فێر دەکەمو دوای ئەوە دەتوانی بمخۆیت."**

خوالو پێکەنی، کاغەزەکەی دەوری چلورەکەی کردەوە، چلورەکە گوتی: **"ئاگاداربە، هەر ئێستا "دووکەڵێکی سپی" لە بەدەنمەوە هەڵدەستێ.."**

خوالو، نیگایەکی چلورەکەی کردو ئەوسا گوتی: **"بەڵام ئەمە دووکەڵی سپی نییە، ئەمە هەڵمەولە ئەنجامی گەرمی هەواکەی دەوروبەرتەوە دروست دەبێت."**

چلورەکە پێکەنیو گوتی: **"ئافەرین".**

دوای ئەوە هەندێ گەردیلەی سپی لە چلورەکە هاتە دەرێو دەتگوت ئاردی سپییە. چلورەکە بە خوالوی گوت: **"کێ ئەم ئاردە سپییەی پێدا پرژاندووم؟".**

خوالو بزەیەکی بۆ کردو گوتی: **"ئەمە ئاردی سپی نییە، لەبەر ئەوەی تۆ هەوای گەرمی دەوروبەری خۆت هەڵمژیوە،و لە ڕاستیا ئارەقت کردووەتەوە، ئەم گەردیلانەش، ئەو ئارەقەیەیە کە تۆ کردووتەوە".**

چلورەکە دیسان پێی گوت ئافەرین. لەم کاتەدا چلورەکە هەڵبەزییەوەو خۆی بەناو ئەو پەرداخەی سەر مێزەکەدا کرد. دوای تۆزێک چەند دڵۆپێکی وەکو فرمێسک بە دیواری پەرداخەکەوە دەرکەوتن، چلورەکە بە پێکەنینەوە گوتی: **"من بە پەرداخەکەم گوت بگری، ئەویش یەکسەر گریا، دەبینی چۆن فرمێسک دەڕێژێ!"**

خوالوش پێکەنیو گوتی: **"ئەمانە فرمێسک نین، بەڵکو ئاونگن، بۆیەش دروست بوون، چونکە هەوای ناو پەرداخەکە بە هۆی تۆوە ساردەو هەوای دەرەوە گەرمترە، بۆیە پەرداخەکە لە راستیدا ئارەقەی کردووەتەوەو ئەو ئاونگەی پێوە دەبینرێ."**

بەمجۆرە خوالو، وەڵامی دروستی هەموو پرسیارەکانی چلورەکەی دایەوە. چلورەکەش پێی گوت: **"مادامێکی وەڵامی دروستی هەموو پرسیارەکانت دامەوە، خێرا بمخۆ تا نەتواومەتەوە.**

## ٣٥-هاوکاری گیانلەبەران لە نێو یەکدا

بەورێکی گەورە لە بێشەڵانێکدا دەژیا، ڕۆژێك بەیانی کە لە خەو هەستا، بە دوای ڕاووشکاردا بەناو بێشەڵانەکە کەوت، ماوەیەك گەڕا تا نێچیرێکی گرت و خواردی. کەوتە بیری ئاو خواردنەوە. گەییە گۆلاوێك و لایدا تا ئاو بخواتەوە. چەند سوهرەیەك بەدەم فڕینەوە بە سەر سەریا دەسووڕانەوە. ئەمانە چاوەڕوان بوون تا بەورەکە بخەوێ و خواردنەکەیان بخۆن. هەڵبەتە پێت سەیرە کە بۆچی چاوەڕوانی خەوتنی بەورەکە بوون. کاری ئەم سوهرە بچووکانە ئەمە بوو کە دوای خەوتنی بەورەکە بچنە ناو دەمیەوەو ئەو ریزۆڵە گۆشتانەی بەینی ددانەکانی دەربێنن و بیخۆن. یانی بەو شێوەیە هەم خۆیان تێر ببن و هەم دانی بەورەکەش پاك بکەنەوە.

کاتێ بەورەکە نووست، سوهرەکان چوونە نێو زارە نیمچە کراوەکەیەوە، ریزۆڵە گۆشتەکانی بەینی دانیان دەرهێناو خواردیان. سوهرەکان دوای ئەوەی تێرو پڕیان خواردو مڕ بوون لە زاری بەورەکە هاتنە دەرەوەو لەسەر درەختێك هەڵنیشتن، ئیدی وردە مێروانی دیکەش لەو ریزۆڵە گۆشتانەی کە بەدەم و لەوسی بەورەکەدا ڕژابوو، ئالان و ئەوانیش تێریان خوارد. لە ڕێگەی ئەو ئاوەشەوە کە بەورەکە خواردییەوە کۆمەڵێك ڤایرۆسی تریش چوونە ناو گەدەی بەورەکەوەو خواردنی خۆیان خوارد. بەمجۆرە زندەوەرانێکی زۆر، کە یەکێك لەوانە بەورەکە بوو، تێریان خوارد،و گیانلەبەرەکانی بێشەکە بەم شێوەیە یارمەتی یەکتریان دا.

## ٣٦-وڵاتی دەنگی بەرز

لەو وڵاتەدا هەموو دەنگەکان بەرزو ناخۆش بوون. ئەگەر یەکێك دەرگای پێوە بدایە، زۆر بە توندی دەیدا بە یەکا. یەکێك هاواری دەکرد، یەکێك بە دەنگی بەرز وەڵامی دەدایەوە. لەوە دەچوو هیچکەسێك لەو وڵاتەدا لە دەنگی هێدی و ئارام نەگات.

ڕۆژێ لە ڕۆژان کوڕی پاشا، داوای لە بابی کرد تا بەرزترین دەنگی بە گوێدا بدات! حەزدەکات گوێی لە بەرزترین دەنگ بێت! پاشا بڕیاری دا لە ڕۆژێکی دیاریکراودا هەموو خەڵکی لە یەك شوێندا خڕ بکاتەوەو هەنگێ گشتیان بە یەك دەنگ هاواربکەن و بەرزترین دەنگ بە گوێی کوڕەکەی بگەیەنن.

خەڵکی لەو ڕۆژە بە دواوە دایمە باسی بەرزترین دەنگیان دەکرد. حەزیان دەکرد بزانن بەرزترین دەنگ چ دەنگێکە. جارێك، ژنێك بە مێردەکەی گوت: "ئەگەر هەمووومان لە شوێنێکی تایبەتیدا کۆ ببینەوەو هاواربکەین، چۆن دەزانین بەرزترین دەنگ، دەنگی کێیە؟ خۆ ئەگەر هەر خۆمانیش هاواربکەین. هەنگێ تەنیا دەنگی خۆمان دەبیستین!"

مێردەکەی وەڵامی دایەوە: "بەڵێ، ڕاستدەکەی، کەواتە باشتر وایە تەنیا زارمان بکەینەوەو وا بنوێنین هاوار دەکەین، بەڵام هاوار نەکەین تا ئێمەش بتوانین گوێمان لە بەرزترین دەنگ ببێ."

بۆچوونێکی باش بوو. ئیدی ئەو جووتە جگە لەوەی بڕیاری خۆیاندا، نیازەکەی خۆیان بە دۆستو ئاشنایانیش گوت، ئەوانیش گوتیان تەگبیرێکی باشەو قاییل بوون کە بۆ بیستنی بەرزترین دەنگ، بێدەنگ بنو هاوار نەکەن.

ئەنجام رۆژی دیاریکراو هات، هەمووان لە مەیدانی شاردا خڕ بوونەوە، ئاپۆڕای خەڵکەکە لە مەیدانەکەدا شەپۆلی دەدا. پاشاو کوڕەکەی لە شوێنی تایبەتی دانیشتبوونو چاوەنۆڕی بیستنی بەرزترین دەنگ بوون. کات تێدەپەڕیو ساتی دەستپێکی هاوارەکە نزیك دەبووەوە، چارەکێك... دە دەقیقە... پێنج دەقیقە... یەك سانیە! هەموو خەڵکەکە زاریان کردەوە، بەڵام دەنگ لە زاری کەسەوە نەهاتە دەرێ، هەموو چاوەڕوانی بیستنی بەرزترین دەنگ بوون، بەڵام دنیا کڕو کپو بێدەنگ... هیچ دەنگێك نەدەهات. سەدساڵیش دەبوو کە هیچ کەسێك بە بیری نەدەهات لەم وڵاتەدا بێدەنگیو ئارامی هەبووبێ. پاشا، لە خۆشیا دەستی بە پێکەنین کرد، چونکە ئەمە یەکەمجار بوو کە گوێی لە دەنگی ئاوازی مەلو خوڕەی جوانی دەبوو. یەکەمجار بوو کە خەڵکی تامی بێگدەنگیان دەچەشت. هەمووان تێگەییشتن کە ئارامیو هێمنیو بێدەنگی چەند خۆشە. لەو رۆژە بە دواوە ئیدی هەموو شتێك لەم وڵاتەدا گۆڕا. ئیدی کەس مافی ئەوەی نەبوو هاواربکات، بە دەنگی بەرز قسە بکات، یان دەرگا بە توندی دابخات. رێگە بە کەس نەدەدرا کە بە دەنگی بەرز، خەڵکی ئەزیەت بدات.

ئەگەر خەڵکی ئەم وڵاتە، سەد ساڵ لەوە پێش پەیان بە بەهای دەنگی نزمو هێدیو ئارام ببردایە، لەوە بوو هیچ کاتێك بە دەنگی بەرز قسەیان نەکردبایە.

## ٣٧-جلەکانی دارچنار

دار چنارێکی ئەستوورو بەرز لە حەوشەی زارۆکستانێکدا هەبوو. قەدی ئەو دار چنارە ئەوەندە ئەستوور بوو کە ئەگەر دوو منداڵ دەستی یەکیان بگرتایەو باوەشیان بەدارەکەدا کردبایە، زۆر بە زەحمەت دەستیان دەگەییەوە یەکتر.

بەهار هاتبوو، بەڵام دارچنارەکە هێشتا گەڵای دەرنەکردبوو، رووتو قووت بوو، زۆری پێنەچوو کە لقوپۆپی درەختەکە چرۆی کرد، لەگەڵ یەکەمین بارانی بەهاردا لق و پۆی دارچنارەکە بوون بە یەکپارچە گەڵای کەسكو جوان. دنیا بەرە بەرە گەرم دەبوو و هاوین دەهاتە پێشێ. پێدەچوو دارچنارەکە بزانێت کە منداڵانی زارۆکستانەکە حەزدەکەن لە سێبەرەکەیدا دانیشنو یاری بکەن. بۆیە لە ماوەیەکی کەمدا گەڵا وردەکانی گەورە بوون. گەڵای دارچنارەکە بۆ منداڵەکان وەکو چەتر وابوو، لە گەرماو تیشکی ڕاستەوخۆی خۆر دەیپاراستن. تیشکی خۆرەکە بۆ ئەوەی بگاتە سەر زەوی ناچار بوو لە بەینی گەڵا پانەکانی دارەکەوە تێپەڕێت، و کاتێ کە با هەڵیدەکردو گەڵاکان دەجوڵان، دیمەنێکی یەجگار جوانی پەیدا دەکرد.

ڕۆژێك (لوبی)و (چینگمی) لە سێبەری دارەكەدا دانیشتبوون و قسەیان لەگەڵ یەكتردا دەكرد، لە ناكاو لوبی لە جێی خۆی ڕاپەڕی و بە ترسەوە بە چینگمی گوت: **"دەڵێی شتێك چووەتە لەشمەوە، ڕەنگە مێروو بێت!"**

چینگمی گوتی: **"ڕەنگە مێش یان زەردەواڵە بێ، مەجوڵێ با یارمەتیت بدەم."**

ئەوسا لە شوێنی خۆی هەستاو زۆر بە هێمنی لە پشتەوە دەستی بە ژێر كراسەكەی لوبی دا كردو مێرووەكەی دەرهێنا! بەڵام ئەوەی بە دەستی چینگمییەوە هاتبوو مێروو نەبوو، بەڵكو پارچە توێكڵێكی دارچنارەكە بوو. كە چاویان بە توێكڵە دارەكە كەوت پێكەنین گرتنی. لە پڕ بایەكی هەڵكردو پارچە توێكڵێكی دیكەش لەدارەكە بووەوەو كەوتە خوارەوە. چینگمی تەمەشایەكی درەختەكەی كرد. هەندێك لە توێكڵی دارەكە ئەگەرچی هێشتا نەكەوتبوو، بەڵام درزی بردبوو و لە كەوتندا بوو، ئەو شوێنانەی كە توێكڵەكەی لێ بوو بووەوە زۆر سەوزو ناسك و تازە بوو.

لوبی گوتی: **"جلە كۆنەكانی دارەكە بە بەری تەنگ بووە، بچووك بووەتەوەو بە قەد خۆی نەماوە، دەیەوێ جلەكانی بگۆڕێ و جلی نوێ لەبەر بكات."**

چینگمی گوتی: **"كەواتە دەبێ ئێمەش یارمەتی درەختەكە بدەین. چونكە ئەو دەستی نیەو ناتوانێ جلەكانی دابكەنێ، لوبی وەرە یارمەتیم بدە!"**

هەردووكیان زۆر خۆشحاڵ بوون بەوەی كە گەرەكیانە یارمەتی دارەكە بدەن.

لوبی گوتی: **"بەڵام، ئێمە ناتوانین توێكڵەكەی لێبكەینەوە، چەند ڕۆژێ لەمە پێش كە پێستی دەستی من ڕوشا، زۆر یەشا، بێگومان دارەكەش ئازاری دەگاتێ."**

چینگمی گوتی: **"باشە، وەرە تاقی بكەینەوە، ئەگەر ئازاری بگاتێ، دیارە ڕادەچڵەكێ."**

ئیدی بە دوو قۆڵی چەند پارچەیەكیان لە توێكڵی وشكی دارچنارەكە كردەوە. بەڵام درەختەكە كەم و زۆر ڕانەچڵەكی. یانی ئەمە نیشانەی ئەوە بوو كە درەختەكە ئازاری ناگاتێ، بۆیە هێدی هێدی كەوتنە كردنەوەی توێكڵی وشكی درەختەكە. لەگەڵ شنەی بایەكەدا گەڵاكانی دار چنارەكە بەر یەكتر دەكەوتن و دەنگێكی زۆر خۆشیان لێوە دەهات و لەتۆ وایە دارەكەیەو دەڵێت: **"سوپاستان دەكەم، كە یارمەتیم دەدەن تا جلە نوێیەكەم لەبەر بكەم."**

## ٣٨-ڕاستگۆیی باشترین كارە

(شیاوجی) كوڕێكی زۆر باش بوو، لە زۆر كاردا یارمەتی باوك و دایكی دەدا. ڕۆژێك باوكی شیاوجی تەورێكی چكۆلەی پێشكەش كرد. تەورێكی تازەو پاك و خاوێن بوو، و شیاوجی زۆر دڵی پێی خۆش بوو. لەبەر خۆیەوە گوتی: **"باوكە بە تەورە گەورەكەی درەختی گەورەو ئەستوور دەبڕێتەوە، بێگومان منیش دەتوانم بە تەورە چكۆلەكەم درەختانی بچووك ببڕمەوە، دەبێ تاقی بكەمەوە."**

بەم خەیاڵەوە تەورەکەی هەڵگرت و چوو بۆ باخەکەیماڵەوە. دوو ریزە درەختی چکۆلە بەم بەرو بەو بەری باخەکەوە بوون. شیاوجی بە خۆشحاڵییەوە بەرەو درەختەکان رۆیی و تەورەکەی توند گرت و چەند تەورێکی لە یەکەمین درەخت دا، درەختی یەکەمی بڕییەوەو کەوتە سەر عاردی، نۆرە هاتە سەر درەختی دووەم،و بەو جۆرە نۆرە هاتە سەر سێیەم و چوارەم و.... و.... و.... هەردوو ڕیزە درەختەکەی بڕینەوە.

شیاوجی، لقی درێژی یەکێك لە درەختەکانی هەڵگرت و لە جیاتی ئەسپ سواری بوو و تەورەکەشی لە جیاتی تفەنگ بە دەستەوە گرت. وەك ئەوەی لە مەیدانی شەڕدا بێ، دەستی بە ئەسپ سواری و تیرەندازی کرد.

دوای سەعاتێك، باوکی بۆ ماڵ گەڕایەوە، هەرکە هاتە ناو حەساری باخەکەوە چاوی بەو دار گێلاس و قۆخانە کەت کە تازە ناشتبوونی. هەر هەموویان لە عاردیدا کەوتبوون، زۆر تووڕە بوو، یەکسەر شیاوجی بانگ کردو لێی پرسی: **"تۆ بە تەورەکەت ئەم دارە بەستەزمانانەت بڕیوەتەوە؟"**

شیاوجی، یەکسەر زانی کە چ کارێکی خراپی کردووە، لە دڵی خۆیدا گوتی: ئەمڕۆکە بەم کارە خراپەم باوکم زۆر تووڕە کردووە... بەڵام چونکە تا ئێستا تاقە درۆیەکی نەکردبوو، بە باوکی گوت: **"باوکە! بمبورە، بەڵێ من بە تەورەکەم بڕیمنەوە، دەمویست تاقی بکەمەوە، بەڵام هیچ ئاگام لە خراپی کارەکەم نەبوو."**

شیاوجی ئەو قسەیەی کردو خۆی بۆ سەرزەنشت و تەمبێ کردن ئامادەکرد. بەڵام بەوپەڕی سەرسامی بینی باوکی لە باوەشی گرت و بێئەوەی قسەی پێ بڵێ یان لێی بدات، سەری ماچ کردو گوتی: **"کوڕە باشەکەم، باوك ئامادەیە هەزاردار قۆخ لە دەست بدات، بەڵام کوڕەکەی تاقە درۆیەك نەکات. من بە راستگۆیی تۆ زۆر خۆشحاڵم، بەڵام هیوادارم بەر لەوەی دەست بدەیتە هەر کارێك، لە پێشا باش باش بیری لێ بکەیتەوە ئەوسا جێبەجێی بکەی، تا وەکو ئەمڕۆ، درەختانی بێ گوناح نەبڕیتەوە"**.

شیاوجی، لە حاڵێکا کە سەری ڕەزامەندی دەلەقاند، قەولی بە باوکی دا کە هەمیشە هەمیشە راستگۆ بێت و بەر لە ئەنجامدانی هەرکارێك، بە باشی بیری لێ بکاتەوە.

## ٣٩-شەش برای ڕەنگاو ڕەنگ

لە زەمان و رۆژگارانی زۆر کۆندا، شەش قەلەم بۆیە کە هەموویان برا بوون و بە خۆشی و شادی پێکەوە دەژیان. ئەو شەش برایە بریتی بوون لە ڕەنگی زەرد، سوور، سەوز، شین، رەساسی و پەمەیی.

قەڵەمەکان، رۆژێ بڕیاریان دا تا پێکەوە بچنە گەشت و گەڕان. بەیانی زوو لە ماڵ وەدەرکەوتن، بەدەم خۆشی و پێکەنینەوە کەوتنە ڕێ، هەر رۆییشتن رۆییشتن تا گەییشتنە دەشتێك کە سپی

سپی بوو، تا چاو هەتەری دەکرد هەر سپێتی بووو بەس. یەکێك لە برایەکانی رووی کردە ئەوانی ترو گوتی: "**ڕەنگی سپی جوان نییە، وەرن با پێشبڕکێ بکەین، بزانین کاممان دەتوانین نیگارێکی ڕەنگینی جوانتر لەسەر ئەم دەشتە سپیە بکێشین**".

پێنج برایەکەی تر بە قسەی برایەکەیان قایل بوون. برای سەوز لە پێش هەموویانەوە دەستی پێکردو لەسەر ئەرزەکە وێنەی درەختێکی جوانی کێشا. ئەوسا نۆرە هاتە سەر برای زەرد، ئەویش نیگاری هەتاوێکی جوانی کێشا کە پرشنگی تیشکەکەی دەگەییە سەر زەوی. ئەوسا برای سوور هاتە قسەو گوتی: "**منیش دەتوانم گوڵە باخی سووری جوان وێنە بکێشم.**"
و دەستی بە کێشانی وێنەی گوڵی هەمە جۆرو ژمارەیەك سێوە لا سوورەی ئاوداری خستە سەر هەر دارێك، ئەوجا برای پەمەییش یارمەتی ڕەنگی سووری داو وێنەی چەندین گوڵی پەمەیی کێشا.

قەڵەمی شین گوتی: "**ئەمڕۆ چەند ڕۆژێکی گەرمە وەرن با مەلە بکەین!**"
ئەوسا بەدەم هەڵبەزو دابەزەوە وێنەی کۆمەڵێك دڵۆپە ئاوی فرەی کێشا، دانیە دەم یەکەوەو وێنەی دەریاچەیەکی کێشا. بە هاوکاری ئەو چەند برایە، دەشتە سپییەکە زۆر جوان بوو، تەمەشای هەر شوێنێکت دەکرد هەر سەوزی‌و گوڵ‌و ئاو بوو. قەڵەمی ڕەساسی (کەوەیی) کاتێ بینی هەموو لایەك پڕ لە گوڵ‌و گیاو ئاو بووە،و بێئەوەی ئەو هیچ وێنەیەك بکێشێت هەموو شوێنێك جوان بووە، کەمێ دڵگیر بوو. لەبەر خۆیەوە گوتی: "**ئەدی من وێنەی چی بکێشم؟**"
تەمەشایەکی ئاسمانی شین‌و ساف کرد، بە دارێکدا هەڵگەڕاو ئاسمانی ڕەساسی‌و کەوەیی کرد، هیچ بە بیریاندا نەدەهات کە ئەو گۆڕانە گەورەیە دروست بکات. لە ناکاو دەنگی هەورەتریشقە بەرز بووەوە، بارانێکی توند دەستی پێکرد، هەموو بە ناڕەحەتی ڕوویانکردە ئەوو گوتیان: "**بۆچی ئەو ڕۆژە هەتاوو سایەقەیەت لێ کردین بە هەورو هەڵڵاو باران، دەبێ هەر ئێستا بۆ ماڵ بگەڕێینەوە.**"

قەڵەمە ڕەساسییەکە کە هەستی بە نیگەرانی برایەکانی کردبوو گوتی: "**نا نا، بۆ ماڵ ناڕۆینەوە، وەرن با هەر یەکەمان خەتێك لەم سەری زەوییەوە بۆ ئەو سەری بکێشین‌و کۆڵکە زێڕینەیەك دروست بکەین، ئەوسا بارانیش خۆش دەکاتەوە**".
بە قسەیان کردو کۆڵکە زێڕینەیەکی جوانیان دروست کرد.

### ٤٠-تەنیا مێشان بەخەبەرن

دوای نیوەڕۆژە بوو، دایك‌و بابی جیلو دەیانویست بخەون. دایە گەورەو بابە گەورەش دەیانویست ئیسراحەت بکەن، بەڵام جیلو نەیدەویست بنوێ‌و بە دەنگی بەرز هاواری دەکرد: "**من دەمەوێ وازی بکەم، نامەوێ بنووم.**"

دایه گەورە گوتی: "**جیلو تۆ لە زارۆکستاندا منداڵێکی زۆر باشیت. دەبێ لەماڵیشەوە بە قسەی گەورەکان بکەی. ئەگەر بنووی، عەسر کە لە خەو ڕابوویت، شووتی شیرینت دەدەمێ.**"

جیلو سەری دانەواند بوو و هێشتا قاییل نەبوو کە بخەوێ.

باوکی، کە چارەی دابوو بە یەکدا، بە جیلوی گوت: "**ئەگەر یەکسەر نەڕۆی بخەوی، لێت دەدەم ها.**"

جیلو بەو هەڕەشەیە قەڵس بوو، چارەی گرژ بوو، لێوی کەوتە لەرزین‌و دەستی بە گریانکرد. پوری جیلو گوتی: "**باشە، مەگری، وەرە من دەتبەمە دەرێ تا وازی بکەی.**"

جیلو بە خۆشحاڵییەوە دەستی پوری گرت‌و پێکەوە هاتنە نێو حەوشە. جیلو بە پوری گوت دەیەوێ بچێتە دیدەنی ئەو گوڵە داودیانەی کە لە باخچەکەی نێو حەوشەدا ڕوابوون، و یاریان لەگەڵدا بکات، بەڵام پوری گوتی: "**ئێستا نیوەڕۆیەو دنیا زۆر گەرمە، هەموو داودییەکان نوستوون...**"

سەری گوڵە داودییەکان کەمێك خوار بوو بوونەوەو دەتگوت بەڕاستی خەتبوون.

جیلو بڕیاری دا بچێ بۆ دیدەنی خاتوو مریشك دەگەڵ ئەوو جوجەڵەکانیا یاری بکات. بەڵام خاتوو مریشکیش پاش ئەوەی جوجەڵەکانی لە حەوزەکەی ماڵەوە مەلەیان کردبوو، ماندوو بوو و بەدیار جوجەڵەکانیەوە وەنەوزی دەدا. سەگە زەردی ماڵەوەش لەبەر لانەکەیدا خەو بردبوویەوە. ماسیەکانی ناو حەوزەکەش چوو بوونە قوڵایی‌و بنی حەوزەکەوە تا خۆیان لە گەرمای تیشکی هەتاوەکە بپارێزن، ئەوانیش خەوتبوون. ناو حەوشەکە بێدەنگی بێدەنگ بوو، هەمووان خەوتبوون، تەنانەت گەڵای درەختەکانیش نەدەجوڵان.

لە ناکاودا مێشێك بە گیزەگیز بەسەر سەری جیلوو پورییەوە پەیدا بوو. پورێ ڕوویکردە جیلو و گوتی: "**تەنیا مێشان بە خەبەرن، ئایا تۆ کە کوڕێکی باش‌و پاك‌و خاوێنی دەتەوێ دەگەڵ مێشاندا گەمە بکەی؟ ئێستا کە هەمووان نوستوون، باشتر نیە تۆش ئیسراحەتێ بکەیت‌و دوای نیوەڕۆ کە لە خەو هەستایت ئەوسا یاری بکەی؟**"

جیلو، لە شەرما سوور بووەوە. زانی کە پوری ڕاست دەکات. مێش بوونەوەرێکی پیسە، و جگە لە مێش، ئیدی هەموو ئەوانی تر خەوتوون. باشتر وایە ئەویش لە مەی پتر پوری ئەزیەت نەدات‌و وەکو منداڵێکی سەلار بخەوێت. بۆیە گۆنای پوری ماچ کردو داوای بوردنی کردو پێکەوە بۆ ژوورەکە گەڕانەوە. جیلو بە هەمان دەقەوە کە لە باوەشی پوریدا بوو، چاوی لێکناو خەوت.

## ٤١-مێش هەنگی قارەمان

هەنگێك بە دەرو دەشتدا دەگەڕا تا گوڵی تەڕوتازە بدۆزێتەوەو شیلەیان بمژێ. کە نیوەڕۆ هات، ماندوو بوو بوو، ئاخر ئەو ڕۆژە زۆر گەڕابوو، شیلەیەکی زۆری مژی بوو. لە پڕ چاوی بە

کوڕیژگەیەك کەوت کە لەبن داراندا وەستا بوو و نیگارکێشی دەکرد. تۆزێ چووە پێشترەوە. کوڕیژگەکە فڵچەیەکی بە دەستەوە بوو، و بە بۆیەی ئاوی وێنەی درەختی دەکێشا. بە ڕێکەوت فڵچەکەی لە بۆیەی سەوز هەڵسوو بوو و خەریك بوو وێنەی درەختی دەکێشا. هەنگەکە لەو کاتەدا، بەبێ ئەوەی بەخۆی بزانێ بەسەر سەری کوڕیژگەکەدا فڕی، کوڕیژگەکە کە بە هەنگەکە ناڕەحەت بوو و دەستی نەدەچووە کارەکەی بە دەست هەنگەکەی دەرکرد، بەڵام هەنگەکە دەستبەردار نەبوو. کوڕیژگەکە بە فڵچەکەی دەستی کێشای بە هەنگەکەدا، و هەنگی چیرۆکەکەمان سەوزی سەوز بوو، ڕێك وەکو گەڵای درەختان. کوڕیژگەکە پێکەنی. هەنگەکە تەمەشایەکی خۆی کردو سەری لە ڕەنگە سەوزەکەی سوڕما. بڕیاری دا بۆماڵەوە بگەڕێتەوەو ڕەنگە تازەکەی بە هاوڕێکانی نیشانبدات. بەڵام کە گەییە ماڵەوە، هەمووان گاڵتەیان پێکردو دەستیان بە پێکەنین کرد، پاشان بێچوە هەنگەکانیش دەوریان داو دەستیان کرد بە گاڵتە پێکردن و پێکەنین. هەنگەکە زۆر ناڕەحەت بوو، بە نیگەرانی سەری داخست و لە ماڵ وەدەرکەوت. بەرەو بێستانێکی نزیکی ئەو ناوە ڕۆیی. بە نیگەرانی لەسەر لقی دارێك نیشتەوە. لە ناکاو دەنگی ژاوە ژاوێکی بەر گوێ کەوت. لەوە دەچوو پۆلە هەنگێ بێ و بەرەو ئەو ناوە بێت. کە جوان دیقەتی داو تەواو ورد بووەوە، سەیری کرد پۆلە زەردەواڵەیەکی دژمن، خەریکە بەرەو لانەکەی ئەوان دەڕۆن تا هەنگەکان بکوژن و هەنگوینەکەیان تاڵان بکەن. چونکە ڕەنگی هەنگەکەی لەمەڕ خۆمان سەوز بوو بوو، زەردەواڵەکان هەستیان پێنەکردو نەیانناسییەوە، لەو نزیکانە لەسەر لقەدارێك نیشتنەوە تا ئیسراحەتێك بکەن. هەنگەکە کە ئەو وەزع و حاڵەی بینی، هێدی هێدی،و بە شێوەیەك کە نەیناسنەوە، لەوێ هەڵفڕی و بەرەو هێلانەکەی خۆیان ڕۆیی،جا چونکە هێلانەکەیان و گیانی هەموو هەنگەکان لە مەترسیدا بوو، زیز بوون و تۆرانەکەی خۆی فەرامۆش کردو چوو حاڵ و حیکایەتەکەی بۆ هەموویان گێڕایەوە، ئەوانیش بە بیستنی هەواڵەکە خۆیان ئامادە کرد تا شەڕی دژمن بکەن. دوای تۆزێك زەردەواڵەکان گەیینە سەریان، هەنگە سەوزو قارەمانەکەش، لەگەڵ هەنگەکانی دیدا، کەوتە پەلاماردانی دژمن، چونکە ڕەنگی سەوز بوو، بە ئاسانی بە بەینی درەختەکاندا دەڕۆیی و هێرشی دەکردە سەر دژمن.

بەمجۆرە هەموو زەردەواڵەکان یان کوژران یان بریندار بوون و هەڵاتن. هەنگەکان سوپاسی هەنگە قارەمانەکەیان کردو داوای بوردنیان لێکرد. دۆستانی هەنگەکەش دەوریان داو هورایان دەکێشا: "**بژی هەنگە سەوزی قارەمانانمان**".

هەنگەکەش زۆر دڵخۆش بوو بەوەی کە هاوڕێکانی لە مەترسی مردن ڕزگار کردووە.

## ٤٢- ئەسپ و گاجووت

ئەسپێك‌و گاجووتێك، بە دوو قوڵی هەوجاڕێکی گەورەیان ڕادەکێشا. هەوجاڕەکە زۆر قورس بوو، و هەردووکیان ماندوو بوو بوون. ئارەقیان کردبووەوە،و هانکە هانکیان پێکەوتبوو،و شتاقیان قسەیان نەدەکرد.

قەلێك، بە قەراخ ئەو جادەیەدا کە ئەسپ‌و گاجووتەکە لێی دەپەڕینەوە، دەفڕی. قەلەکە چاوی بەجەستەی لە ئارەقا هەڵکشاوی ئەسپەکە کەوت. ئارەقە بە شان‌و مل‌و پشتیدا دەهاتە خوارێ. قەلەکە گوتی: **"زۆر سەیرە، تۆ تەمەشا ئەم ئەسپە چەند ماندووە، چۆن ئارەقە لە سەراپای دەچۆڕێ، کەچی گایەکە ماندوونییە. ئەوەتا ئارەقەی لێناچۆڕێ!"**

گایەکە بێئەوەی چ قسەیەك بکات سەری داخستبوو،و بەرێی خۆیدا دەڕۆیی. ئەسپەکە، کە گوێی لەو قسانەی قەلەکە بوو، سەیرێکی گایەکەی کرد، چونکە دەیزانی گایەکەش وەکو ئەو زۆر ماندووەو ئارەقەی رشتووە، خۆی پێنەگیراو بە قەلەکەی گوت: **"قەلی ئازیز، تۆ چۆن ئارەقەی گایەکە نابینی، بەڵام هی من دەبینی، تۆ ئاگادار نیت کە گایەکەش چەند ماندووەو چەندی ئارەق رشتووە؟"**

قەلەکە وەڵامی دایەوە: **"گایەکەش ئارەقی کردووەتەوە؟ ئەدی بۆ من نایبینم؟"**

ئەسپەکە گوتی: **"ئاخر ئەسپ‌و گاجووت لە رووی هەندێ خەسڵەت‌و تایبەتمەندییەوە لێکدی جیاوازن. ئەو شوێنانەی کە لە مندا ئارەقڕێژن جیاوازن لە شوێنانی ئارەقڕێژی گاجووت، من لە شان‌و مل‌و تەوێڵ‌و ناوچەوانەوە کە زەق‌و زۆپ بە بەرچاوەوەن، ئارەق دەردەم‌و دەڕێژم، بەڵام گاجووت لەلالغاوەو لە پێیەکانی‌و لە ناو پەڕەی لووتیەوە ئارەقە دەردەدات‌و دەڕێژێ."**

قەلەکە، یەکسەر پەی بە هەڵەکەی خۆی بردو روویکردە گایەکەو داوای بوردنی لێکرد کە زۆر بە پەلە حوکمی داوەو تەنیا ڕواڵەتی ڕەچاو کردووە.

## ٤٣-کیژۆڵەی مێریڤان

کچۆڵەیەکی مێریڤان‌و دایکی لە گوندێکدا دەژیان. ماوەیەك بوو کە لە گوندەکەیاندا باران نەباری بوو و دنیا زۆر گەرم بوو. بیرەکان وشکیان کردبوو، رووبارەکەی نزیکی ئاواییش وشکی کردبوو. دایکی کیژێ نەخۆش بوو، تای هەبوو، دەمی وشك بوو بوو. دایکە ڕوویکردە کیژەکەی‌و گوتی:

**"ئاو، ئاو دەخۆمەوە!"**

کیژێ دەبوایە چی بکردایە؟ نە رووبارەکە ئاوی تیا بوو، نە بیرەکان! بەڵام کیژۆڵەی مێریڤان لەبەر خاتری دایکە نەخۆشەکەی سەتڵێکی بەتاڵی هەڵگرت‌و کەوتەڕێ. هەر رۆیی، رۆیی،و رۆیی، نەیدەزانی چەندی ڕێگا بڕیوە، بەڵام دنیا تەواو تاریك بوو بوو. کچۆڵەی میهرەبان بە تەواوەتی ماندوو بوو بوو، لە ماندوویەتیدا پشتی بە درەختێکەوە داو بەرەبەرە خەو بردییەوە.

کاتیٚ لە خەو ڕابوو، شتێکی سەیری بینی، سەتڵەکەی پڕ بوو لە ئاو! کیژیٚ بە دیتنی ئاوی زولاڵو خاوێن هەم سەرسامو هەم خۆشحاڵ بوو بوو. خۆیشی چەند ڕۆژێك بوو کە ئاوی نەخواردبووەوە، زۆری تینوو بوو زاری لە سەتڵەکە نزیك کردەوە تا ئاو بخواتەوە، بەڵام بیری کەوتەوە کە دەبیٚ بەپەلە ئاوەکە بگەیەنێتە دایکە نەخۆشەکەی.

لە ڕێگای گەڕانەوەدا، تووشی سەگێکی نەخۆش بوو. یەکسەر مشتیٚ ئاوی لە سەتڵەکە دەرهێناو کردیە دەمی سەگەکەوەو گوتی: **"هیوادارم بە زووترین کات چاك ببیتەوە."**

هەرکە ئەو قسەیەی کرد سەتڵە دارینەکەی گۆڕاو بوو بە سەتڵێکی زیوین. کچۆڵەی تاین گەییشتەوە ماڵیٚ، یەکسەرو بە پەلە بۆ لای دایکی ڕۆیی و گوتی: **"دایکە، ئاوم هێنا، وەرە بخۆرەوە!"**

دایکی هەرکە نیگای لە لێوە وشکەکانی کچۆڵەکەی هەڵەنگوت، گوتی: **"نا گیانەکەم، دەبیٚ تۆ هەوەڵجار بخۆیتەوە، تۆ ماندوو بوویتو تینووتە."**

لەم کاتەدا سەتڵە زیوینەکە گۆڕاو بوو بە زێڕ. ئەنجام هەردووکیان لە ئاوی سەتڵەکەیان خواردەوەو پاراو بوون. ڕێك لەم کاتەدا لە تەقەی دەرگا درا. یەکێك لە دەرگا بوو. کچۆڵەکە ڕۆیی و دەرگای کردەوە. پیرەمێردێك لەبەر دەرگا بوو و داوای ئاوی دەکرد. کچۆڵەکە خوڵکی کردە ژوورەوەو سەتڵە زێڕینەکەی، کە هێشتا پڕ بوو لە ئاو، هێناو دایی تا ئاو بخواتەوە. پیرەمێردیش بزەیەکی کردو گوتی: **"نەخۆشیەکەی دایکت بە زووترین کات دەپەڕیٚ، ئەگەر مرۆڤ، لە هەموو کارێکدا خەڵکانی تری لە بیر بیٚ، بە خەمی خەڵکانی ترەوە بیٚ، کێشەو گرفتەکانی خۆیشی یەك یەك چارەسەر دەبیٚ."**

پیرەمێرد دوای ئەو قسانەو پاش ئاو خواردنەوە، خوا حافیزی لێکردنو ڕۆیی، قسەی کابرای پیرەمێرد هاتە دیو نەخۆشیەکەی دایکە پەڕی. ئیدی لەو ڕۆژە بە دواوە لە جاران زیاتر هاوکاری خەڵکانی تریان کرد.

## ٤٤-تیشکی ئێکس

ڕۆژ بووەوە، خاتو خۆر بەدەم بزەوە هەڵهات. خەڵکی پەنجەرەکانیان کردەوەو بە خۆریان گوت: **"بەخێرهاتی بۆ ماڵی ئێمە، زۆر سوپاس کە گەرماو ڕوناکیمان بۆ دێنیٚ".**

هەندێك پێیان گوت: **"سوپاس کە میکرۆبان لە نێو دەبەی."**

هەندێکی دیکەش گوتیان: **"ئێمە بە ئیلهامی تیشکی تۆوە، سوود لە ئاگر وەردەگرینو خواردن دەکوڵێنین."**

بە کورتی و کرمانجی هەر هەموو خێر هاتنیان کرد تەنیا....

لە ناو خەستەخانەدا، ژوورێك هەبوو کە هیچ پەنجەرەیەکی نەبوو،و بە هیچ جۆریٚ ڕێگەی هەتاویان نەدەدا بچێتە ئەو ژوورە، تاقە شوێنێك بوو کە خێر هاتنی خۆرو تیشکی خۆری

نەدەکرد. تیشکی زێڕینی خۆر ئەمەی زۆر بە دڵ نەبوو. لەبەر خۆیەوە دەیگوت بۆچی ڕێگەم نادەن بچمە ئەو ژوورەوە؟ لەم کاتەدا پیاوێکی سپی پۆش کە کڵاوێکی سپی لەسەرو دەمامکێکی سپی بە دەمەوە بوو لە ژوور وەدەرکەوت. تیشکی خۆر لێی پرسی: **"دکتۆر، بۆچی ئێوە لەم ژوورەدا خێرهاتنی من ناکەن؟"**

دکتۆر وەڵامی دایەوە: **"چونکە یەکێك لە برایەکانی تۆ لەو ژوورەدا حەپسە، بۆیە تۆ ناتوانی بچیتە ژوورەوە!"**

تیشکی خۆر بە سەرسامی پرسی: **"کام برام؟"**

دکتۆر گوتی: **"ئەو برایەی کە تۆ ناتوانی بیدینی!"**

تیشکی خۆر کە خەریك بوو لەسەرسامیدا شێت ببێ، گوتی: **"یانی چی، کام برایەیە کە من ناتوانم بیدینم؟"**

دکتۆر گوتی: **"تیشکی ئێکس. بریتییە لە کۆ تیشکێك کە بە چاو نابینرێت، ئەم تیشکە دەتوانێ بچێتە بەدەنی مرۆڤەوە. ئێمە داوای لێدەکەین کە بێتە یارمەتیمان تا بتوانین نەخۆشیان دەست نیشان بکەین. ئەم تیشکە بەناو جلو گۆشتو پێستی مرۆڤاندا تێدەپەڕێو دەچێتە ناو بەدەنیەوە."**

تیشکی خۆر، لە فکران ڕاچوو، ئەوسا گوتی: **"ئاوها، یانی لە دنیادا تیشکی وا سەیرش هەیە!"**.

## ٤٥-مەیموونو نەمان ناشتن

هەبوو نەبوو مەیموونێکی چکۆلە هەبوو، ئەم مەیموونە خانوویەکی بۆ خۆی دروستکرد بوو. زەویەکی گەورە لە چوار دەوری ماڵەکەی بوو. ئەم دەشتە پانو بەرینە تاقە درەختێکی تیا نەبوو. ڕۆژێك مەیموونە چکۆل. دار قۆخێکی ناشت. زۆری پێنەچوو کە بارانێکی توند دایکرد، باران سات بە سات پتر توند دەبوو، ئەنجام نەمامەکەی دا بە عاردیدا. بەڵام مەیموونە چکۆل ورەی بەر نەدا، چاوەڕوانی کرد تا باران خۆشی کردەوە. دووبارە نەمامەکەی ناشتەوە. دوای ماوەیەك با بە گڤو هوڕ هەڵیکرد. بەرە بەرە بوو بە گڕەباو گێژەڵۆکە، ئەمجارەش نەمامە قۆخ هەڵکەندراو لە شوێنێکی دووردا کەوتەوە. مەیموونە چکۆل دیسان نەترەی بەرنەدا، چاوەڕوانی کرد تا باو باهۆزەکە بە تەواوەتی نیشتەوە. جارێکی دیکە نەمامەکەی ناشتەوە. ڕۆژی دواتر هەتاوی پرشنگدار بەسەر عاردیدا داباری. عاردی وشکی وشك بوو، مەیموونە چکۆل ڕۆیی تا لە دەریاچەیەکی نزیکی ئەو ناوە ئاو بێنی، بەڵام ئاوی دەریاکەش وشکی کرد بوو! مەیموونەکە بە هەزار حاڵ توانی تۆزێك ئاو پەیدا بکاتو بۆ دار قۆخەکەی بەرێ، بەڵام قۆخەکە تینوویەتی نەشکا، بۆیە بە مەیموونەکەی گوت: **"تکات لێدەکەم هانا بۆ دۆستانو برایانو هاوڕەگەزانی من ببەو داوای یارمەتیان لێبکە"**.

مەیموونە چکۆڵ بە غار ڕۆیی و ڕۆیی ڕۆیی تا گەییە سەری کێو، بەسەر هاتی دار قۆخەکەی بۆ دارو درەختانی ئەوێ گێڕایەوەو داوای یارمەتی لێکردن، ئەوانیش گوتیان: **"زۆر باشە، ئێمە دێین!"**.

زۆری نەبرد هەزاران درەخت، لە هەر چوار لای کۆجاڕەکەوە بەرەو ئەو دەشتە کاکی بە کاکی و ڕووتەنە کەوتنە ڕێ، کە گەییشتنە ئەوێ، ئەو دەشتە چۆڵ و هۆڵە بوو بە لێڕەوارێکی چڕە دارستانی یەکپارچە سەوز، ئەمامە قۆخەکە هەستیکرد ئومێدێکی تازەی بۆ پەیدا بوو. لە پڕ ئاسمان تاریك بوو، هەموو گوتیان: **"هەر ئێستا بارانێکی توند دەست پێدەکات، وەرن با بە توندی چنگ لە خاك و گڵەکانی ژێرمان گیر بکەین، تا باران نەتوانێ ڕای بماڵێت."**

دار قۆخەکە زۆر ترسا بوو، بەڵام درەختێکی زەلام کە لە تەنیشتیەوە بوو، گوتی: **"لە چ دەترسیت، ئێمە بە گەڵاکانمان دات دەپۆشین تا بارانەکە ئاسیوت پێ نەگەیەنێ."**

باران دایکرد. بە توندی دەباری، بەڵام نەیدەتوانی خاك و گڵەکانی ژێر درەختەکان ڕابماڵێت، چونکە درەختەکان زۆر بوون و چوو بوون بە ناو یەك داو لق وپۆو گەڵایەکی فرەشیان هەبوو. درەختەکان بە دەم پێکەنینەوە گوتیان: **"باران بباری، ئێمە گوێمان لە توندی یان هێواشی تۆ نیە، تێر ئاو دەخۆینەوەو ئەگەر لێمانیش زیاد بوو، لە ژێر عاردیدا عەماری دەکەین بۆ ڕۆژی تەنگانە."**

بەو جۆرە بارانەکە نائومێد بوو، و خۆشی کردەوە، دوای تۆزێك گژەباو باهۆز بەگڤ و هوڕ هەڵیکردو گوتی: **"لق و پۆو گەڵاو گوڵتان دەشکێنم"**

بەڵام دارستانەکە یەك زەڕەش نەترسا،و بە دەنگی بەرز هاواریکرد: **"وەرە! وەرە ئەی با، چۆنت دەوێ وەرە، ئێمە پێکەوەین و ڕێگەت نادەین، زیانمان پێ بگەیەنیت!"**

ئەنجام خۆری دەم بە خەندە لە پشت هەورانەوە دەرکەوت و تیشك و گەرماکەی بۆ سەر زەوی نارد. بەڵام تاقە یەك درەختیش هەستی بە ناخۆشی، تینوویەتی یان گەرما نەدەکرد. چونکە ئاوێکی زۆریان خواردبووەوە، تیشك و گەرمای خۆرەکەیان زۆر لە گیان خۆش بوو. دەریاچەکەش پڕ بوو بوو لە ئاو. ئیدی درەختەکان و دار قۆخەکەش زۆر باش گەشەیان کرد.

لە بەهاری ئەو ساڵەدا دار قۆخەکە شکۆفەو گوڵی دنیای کرد، جا چەند جوان بوون! کە هاوین هات، قۆخی ئاودارو مەزەداری گرت. لەم بەینەدا مەیموونە چکۆڵەش کە گەورەتر بوو بوو، زۆر خۆشحاڵ بوو، دارستانەکەی زۆر خۆشدەویست و لەوێدا هەستی بە ئاسوودەیی و ئەمان دەکرد.

## ٤٦-دایکی بێ دەم.

چێشتێکی خۆشی بەتام لەسەر ئاگر بوو و دەکوڵا. سونگلی خوا خوای بوو، ساتێ زووتر بکوڵێ، دەست بە خواردنی بکات. ئەنجام چێشتەکە پێگەیی، دایکە چێشتی بۆ سونگلی تێکرد. سونگلی بە دەم فووکردنەوە لە چێشتی ناو کەوچکەکەی، سوپاسی دایکی کردو سەرگەرمی

خواردن بوو. له پڕ تەقە لە دەرگادرا، دایکه بێئەوەی دەمی لە چێشتەکە دابێ، قاپە چێشتەکەی نایەلایەکەوەو بەرەو دەرگا ڕۆیی تا بزانێ کێیە.

سونگلی قاپی یەکەمی تەواو کرد، چووە سەر مەنجەڵەکەو قاپێکی دیکەی بۆ خۆی تێکرد، زۆر بە پەلە قاپی دووەمیشی تەواو کرد،و تەمەشایەکی قاپە چێشتەکەی دایکی کرد،و لە دڵی خۆیدا گوتی چ چێشتێکی بەلەزەتو تامە، بریا دایکه زووتر هاتباو چێشتەکەی خواردبا. لەم کاتەدا دایکه، کە دەگەڵ ژنە هاوسێکەیاندا لە قسان بوو بووەوە، هاتو لە پشت مێزەکەوە دانیشت تا چێشتەکەی بخوات. سونگلی بە دایکی گوت: **"دایکه، حەزم لە چێشتە"**.

دایکە ئەمجارەش بێئەوەی دەم لە چێشتەکە بدات، کەوچکەکەی دانا، هەستاو چوو بەلای مەنجەڵەکەوە تا بزانێ چەندی چێشت تیا ماوە، سونگلی، وای زانی دایکە نایەوێ چێشت بخوات، بۆیە بە دایکی گوت: **"دایکە تۆ چێشت ناخۆی؟"**

دایکە. سەری لەقاندو گوتی: "نەخێر ناخۆم".

(سونگلی)ش یەکسەر قاپە چێشەکەی دایکی هێنایە بەردەم خۆیو دەستی بە خواردنی کرد. بەدەم چێشت خواردنەوە لە فکران ڕاچوو. باشە چێشتێك بەم خۆشیە بۆچی دایکە حەز ناکات بیخوات! و ئەنجام خۆی پێنەگیراو لە دایکی پرسی: **"دایکە، بۆچی چێشت ناخۆی؟"**

دایکی گوتی: **"چونکە دایك دەمی نیە."**

سونگلی، بەسەرسامی نۆڕییە دایکیو ئەوسا لە دەمو زارو سەروسیمای جوانی دایکی ورد بووەوەو لە دڵی خۆیدا گوتی ئەدی ئەم دەمە چیە؟ دایکە دەمی نیە! سونگلی لە پڕ لە مەبەستی دایکی حاڵی بوو و لە شەرما سەری داخست. بە ئەسپایی قاپە چێشتەکەی خستە بەردەم دایکی گوتی: **"دایکە، منیش دەمم نییە! تۆ بیخۆ!"**

دوای ئەو قسەیە لێوی خۆی گەست. بەڵام ئەو ڕۆژە دەرسێك لە دایکییەوە فێر بوو،و پەندێکی لێوەرگرت کە بە عەمراتی لە بیری نەچووەوە. تێگەیی کە مرۆڤ نابێ تەنیا لە خەمی خۆیدا بێت، بەڵکو دەبێ بیر لە خەڵکانی دیکەش بکاتەوە.

## ٤٧- جوجکۆکەو فێر بوونی مەلە

قەرار بوو لە گوندیدا پێشبڕکێی مەلە لە نێوان مراویو هەموو باڵندە مەلەوانەکانی دیدا ساز بکرێت. مراوییەکان خۆیان ئامادە دەکرد. (شیاوبەی) کە مراوییەکی باڕ بوو، هەموو ڕۆژێ دەچووە گولاوەکەوەو پرۆڤەو مەشقی دەکرد. جوجکۆکەیەکیش کە دۆستی (شیاوبەی) بوو تەمەشای ئەوی دەکردو کە جۆشو خرۆشو شەوقو زەوقی مراوییەکەی دەبینی، خۆزیای دەخواست کە ئەویش بتوانێ مەلە بکاتو بەشداری پێشبڕکێیەکە بکات. بۆیە روویکردە

مراوییەکەو گوتی: **"بێزەحمەت منیش لەگەڵ خۆتا بۆ گۆلاوەکە ببە، منیش حەزدەکەم فێری مەلە ببم."**

شیاوبەی گوتی: **"تۆ ناتوانی مەلە بکەی، بۆیە ناتوانم لەگەڵ خۆمت ببەم."**

بەلام جوجکوکەکە گوتی کە مامۆستاکەی پێی گوتووە هەر کەسێك پێویستە ئەو کارانەی کە نایانزانێ فێر ببێ. شیاوبەی قاییل بوو و جوجکە چکۆلی دەگەڵ خۆیدا برد. کە گەیینە گۆلاوەکە، شیاوبەی پێشکەوت، خۆی بە گۆلاوەکەدا کردو کەوتە مەلەکردن، جوجکۆکەکەش دوا بە دوای ئەو خۆی بە گۆلاوەکەدا کرد، بەلام چونکە مەلەی نەدەزانیو پێکهاتەی بەدەنی بۆ ئەو کارە نەدەشیاو لە بار نەبوو، چیوای نەمابوو کە بخنکێ. ترس لە سەراپای نیشتبوو.

پاش ئەوەی چەند قولپە ئاوێك چووە گەرویەوە هاواری کرد: **"ئەی هاوار، هاوار، فریام بکەون..."**

شیاوبەی بە هەشتاو بۆ پاشەوە گەڕایەوەو بەرەو جوجگۆکەکە رۆیی. بە دەنووك هەڵیگرتو لە گۆلاوەکەی دەرهێنا. ئازای بەدەنی جوجگەگە تەڕی تەڕ بوو بوو، و بەو دەقەوە بۆ ماڵ گەڕایەوە. دایکی بە دیتنی زۆر تووڕە بوو. سەرزەنشتی کردو گوتی: **"نەدەبوو بەبێ پرسی من بۆ مەلە بڕۆیت، کارێکی زۆر خراپت کردووە."**

**ئەمە زۆر باشە کە دەتەوێ فێری مەلە کردن ببی، بەلام دەبێ ئەمە بزانی کە فێربوونی هەر کارێك هەلومەرجی خۆی هەیەو دەبێ ئەو هەلومەرجانە لەبەر چاو بگری. تۆ ئەگەر مەرجی مەلە کردنت تیا نەبێ هەرگیز ناتوانی ببی بە مەلەوانێکی باشو لەوەشە بە هۆی ئەم کارەوە گیانی خۆت لە دەست بدەیت.**

جوجگۆکەکە گوتی: **"بەلام جیاوازییەکی زۆر لە نێوان منو شیاوبەی دا نیە، هەردووکمان پەڕمان هەیە، ئایا ئەمە مەرجێکی هاوبەش نیە؟"**

دایکی وەلامی دایەوە: **"نە."**

دایکەکە، جوجگوکەکەی دەگەڵ خۆیدا بۆ بەشی مراوییەکان برد،و لە نزیکەوە پێی نیشاندا کە پەڕی مراویان چەورە، و لە ئاودا لەشیان تەڕ نابێت، هەروەها پێیان پەردەدارە کە لە مەلە کردندا یارمەتیان دەدات.

جوجگۆکەکە دەگەڵ دایکی دا بۆ ماڵ گەڕایەوە،و بە زانیارییەکانی دایکی خۆشحاڵ بوو. لەبەر خۆیەوە گوتی: **کەواتە دەبێ کارێك بکەم بەو شێوەیە تەڕ نەبمو بتوانم بە کۆمەکی شتێکی دیکە مەلە بکەم..**

## ٤٨- کچۆڵەی زمان پیس

جونگچی، کیژۆڵەیەکی زمان پیس بوو،و بەو زمانە پیسەی خۆی دڵی زۆر کەسی رەنجاندبوو. رۆژێك بە قەراخ روبارێکدا پیاسەی دەکرد. هەڵبەتە وەکو هەمیشە بە تەنیا بوو، چونکە هیچ

کەسێك حەزی نەدەکرد قسە دەگەڵ کچۆڵەیەکی بەد زواندا بکات، بۆیە هیچ دۆستو هاوڕێیەکی نەبوو. لەو کاتەدا پیرەمێردێك بە کەنار رووبارەکەدا تێپەڕیو لە نزیکی ئەوەوە دانیشتو پێیەکانی خستنە ئاوەکەوە تا بیانشوات. کچۆڵەکە تەمەشایەکی پیرەمێردەکەی کردو بە بێ ئەدەبییەوە، بێئەوەی سڵاو بکات گوتی: **"مەگەر کوێری، چاوت نییە. بۆچی ئاوم پێدا دەکەی، برۆ ئەولاترەوە دانیشە!"**

پیرەمێرد، بە سەرسامی روانیە جونگچیو بە نەفرەتەوە گوتی: **"بەڕاستی کچۆڵەیەکی دەم پیسی، مەگەر زەحمەتێکی زۆر بکێشیت، ئەوجا قەدری نیعمەتی بە ئەدەبی بزانی."**

دوای ئەو قسانە، جونگچی لە پڕ هەستیکرد لێوەکانی هاتنەوە یەكو ڕەقو باریك بوون، کاتێکی بە خۆ زانی بووە بە باڵندە. جونگچی زۆر ترسا، بەڵام تازە کار لە کار ترازا بوو. دەنگی پێیەکی هاتە گوێو لە ترسی ئەوەی نەبا کەسێك بیدینێ لە شەقەی باڵی داو بەرەو جەنگەڵو لێرەواران هەڵفڕی. تا شەوێ هەر فڕیو فڕی، پاشان شەکەت بوو، لەسەر درەختێك نیشتەوە، لە ناڕەحەتیدا چەند دڵۆپە فرمێسکێك لە چاوانی هاتنە خوارێ. دایکی بیرکەوتبووەوە کە چەندی ئامۆژگاری دەکرد کە کاری چاکە بکات، نابێ بەدزمان بێت. بەڵام ئەو قەت بە گوێی دایکی نەدەکرد. ئێستا پەشیمان بوو. حەزی دەکرد ببێتەوە بە کچۆڵە جوانو بچووکەکەی جاران تا قەرەبووی هەموو کارە خراپەکانی بکاتەوە.

ڕۆژی دووەم کە لە خەو ڕابوو، دیسان کەوتە فڕین. لە کاتێکا وێڵو سەرگەردان، بێ هیچ ئامانجێك دەڕۆیی، چاوی بە قەدی درەختێکی پیر کەوت کە هاواری دەکردو داوای کۆمەکی دەکرد. داگەڕاو گەییە بن درەختەکە.

درەختەکە گوتی: **"کۆمەڵێك کرم داویانەتە لاشەم. تێم بەر بوونو خەریکە دەمخۆنو ئیدی ئۆقرەم لەبەر بڕاوەو هەراسم لێهەڵگیراوە."**

باڵندە چکۆلەکە بە دەنووك بەر بووە توێکڵی قەدی دارەکە، دەستبەردار نەبوو تا توێکڵی دارەکەی شەق کردو گەییە کرمەکان، ئەوجا یەك یەك لە بەدەنی دارەکەی دەرهێنان، درەختەکە ئۆخەی کردو بە جونگچی گوت: **"سوپاس بۆ تۆ کە دەردت دەرمان کردم."**

ئەگەرچی دەنووکی جونگچی هاتبووە ژان، بەڵام لە کانگای دڵەوە، بەو کارە باشەی کە کردبووی، خۆشحاڵ بوو.

دیسان کەوتە فڕین، لە ئاسمانەوە چاوی بە بەرخۆلەیەك کەوت کە خەریك بوو دەگریا. یەکسەر دابەزیو لەلای بەرخۆلەکە نیشتەوەو پێی گوت:

**"برا چکۆلەکەم، ئایا دەتوانم یارمەتیت بدەم؟".**

بەرخۆلەکە گوتی: **"من ڕێگام گوم کردووەو لە گورگان دەترسم، دەتوانی بمگەیەنیتەوە لای دایکم؟**

باڵندەی چکۆلەی میرەبان کەوتە پێشیو پێی گوت کە دوای بکەوێ. لە پێشەوە دەڕۆییو ڕێنوێنی بەرخۆلەکەی دەکرد. هەڵبەتە چاودێری ئەوەشی دەکرد کە نەبا دڕندەیەك خۆی بۆ مەڵاس دابێ. بەمجۆرە ڕۆییشتن تا گەییشتنە گوندی، بەرخۆلەکەی بردەوە بۆ لای دایکی.

چونکە ماوەیەك بوو کە دایكو جگەرگۆشە یەکتریان نەبینی بوو، توند یەکیان لە هەمێز گرتو فرمێسکی شادیان ڕشتو سوپاسی کچۆڵەکەیان کرد. جونگچیش دایکی بیر کەوتەوەو کزە لە جەرگییەوە هەستا. بە ئەسپایی لە شەقەی باڵی داو ڕۆیی. لەو کاتەدا کە بە ئاسمانی گوندەکەدا تێدەپەڕی، چاوی بە کۆمەڵێك منداڵی زۆر کەوت کە لەو دەرو دەشتەدا غاریان دەداو کەیفو شادیان دەکرد. لە نێو ئەوانەدا کوڕیژگەیەك بە تەنیا لە سوچێکەوە دانیشتبوو. لاقی زامدار بوو، زۆر بەوە غەمگین بوو کە نەیدەتوانی دەگەڵ منداڵەکانی دیدا وازی بکات. جونگچی چوو و لەلای ئەوەوە نیشتەوەو بۆ ئەوەی دڵخۆشی کوڕەکە بداتەوە هەڵیکردە گۆرانیەکی خۆشو جوان. کوڕیژگەکە بە پێکەنینەوە گوتی: "**بەڕاستی دەنگت خۆشە، لەدەنگی بولبولیش خۆشترە.**"
لە پڕ باڵندە چکۆلەکە نەما، کوڕیژگەکە سەیری کرد کچۆڵەیەکی جوان بەرانبەر بەو وەستاوە. تومەز ئەم کچە جونگچییەکەی لەمەڕ خۆمان بوو. ئەنجام چاکەکارییەکانی جونگچی، فریای کەوتو رزگاری کرد. ئیدی لەوە بە دواوە جونگچی رەفتاری گۆڕا، زۆر بە ئەدەبو بە نەزاکەتەوە قسەی دەگەڵ خەڵکیدا دەکرد. ئیدی بوو بوو بە کیژێکی بە ئەدەبو مێریڤان.

## ٤٩-چیرۆکی قەلە رەشو ڕێوی

ڕۆژێك، قەلەباچکەیەك، پلە گۆشتێکی بچووکی بە دەمەو گرتبوو و بۆ هێلانەکەی دەبرد. لە ناکاو ڕێوییەك کە بەو ناوەدا تێدەپەڕی، قەلەکەی بینیو بە تەماحی گۆشتەکە لێی نزیك بووەوە. لە کاتێکدا ئاو زایی بووە دەمی روویکردە قەلەکەو گوتی: "**سڵاو پایزە برا! ماوەیەکی زۆر ناتبینمو گوێم لە دەنگە خۆشەکەت نەبووە. دەیسا هەنووکە لوتف بکەو گۆرانیەکم بۆ بڵێ!**"
قەلەباچکەکە بە دیتنی ڕێوییەکە تووڕە بوو. قسەکانی باپیری بیرکەوتنەوە کە دەیگوت ڕێوی هەمیشە بە تەماحی ئەو گۆشتو خۆراکەی کە قەلان بە دەمیانەوەیە، داوای گۆرانیان لێدەکەن، ئیدی کاتێ بەخۆ دەزانن گۆشتەکەیان لەدەم دەکەوێو ڕێوی فێڵباز بە ئاواتی خۆی دەگات، پڕی دەداتێو دەیبات. بۆیە قەلەباچکەکە، گۆشتەکەی لەسەر لقی درەختێك دانا و ئەوجا بە دەنگە ناسازەکەی گۆرانی بۆ مام ڕێوی گوت. ڕێوییەکە کە فێڵەکەی سەری نەگرت زۆر ناڕەحەت بوو، کە سەیری کرد نەك هەر گۆشتەکەی بە دەست نەهێنا، بەڵکو ناچارش بوو گوێ لە دەنگی ناسازی قەلەکەش بگرێ، ملی ڕێی گرتو ڕۆیی.
دوای چەند ڕۆژێك مام ڕێوی شەپقەیەکی پوشی لەسەر ناو تەورێکی دا بەشانیاو، عەینەکێکی شکاوی لە چاو کردو خۆی گەیاندە بن ئەو درەختەی کە قەلەکە هێلانەی لەسەر کردبوو. تەورەکەی بەدەستەوە گرتو قەلەکەی بانگ کرد. قەلەکە لەو سەرەوە گوتی: "**کێی؟**"
ڕێوی وەڵامی دایەوە: "**من جەنگەڵەوانمو هاتووم تا ئەم دارە ببڕمەوە، ئیدی چارم ناچارەو دەبێ هێلانەکەی تۆش تێکبدەم**".

قەلەکە سەری سوڕماو گوتی: "تکا دەکەم، کاری وا مەکە. هێلانەکەم لەسەر درەختەکەیەو پڕە لە فەرخە. سەبرێکم لێبکە، بەو زووانە باڵەفڕە دەبن و ئەوسا هەموومان لە شەقەی باڵ دەدەین و لێرە دەڕۆین."

ڕێوی گوتی: "نابێ، من هەر ئێستا درەختەکە دەبڕمەوە."

قەلەکە هەمدیس کەوتە تکاو پاڕانەوەو گوتی: "نا، پیاوی چاك بەو ئەم کارە مەکە."

ڕێوی گوتی: "ئەگەر دەتەوێ هێلانەکەت نەڕوخێ دەبێ یەکێك لە فەرخەکانتم بدەیتێ."

قەلەکە، بەدەم فرمێسك ڕشتنەوە هەستیکرد هیچ چارێکی نیە، جگە لەوەی یەکێك لە فەرخەکانی بکات بە قوربانی و بەلاوەگێڕی ئەوانی دیکە. ڕێویەکەش پاش ئەوەی فەرخەکەی وەرگرت، تەورەکەی نایە سەر شانی و لەوێ دوور کەوتەوە.

کە شەو داهات، قەلەباچکەکە خەمگین و دڵشکاو، چوو بۆ لای باپیرە زاناکەی و حاڵ و حیکایەتەکەی بۆ گێڕایەوە. باپیرە سەرێکی لەقاندو گوتی: "لەوە دەچێت ئەمە کەتنی ڕێوی بێ، چونکە جەنگەڵوان هیچ کاتێ حەیوانات ئەزیەت نادەن و درەختان نابڕنەوە."

ڕۆژی دوایی، باپیرەو قەلەباچکە، بە نهێنی بەرەو لانەی ڕێوییەکە هەڵفڕین. لە پشت درەختەکانەوە دیتیان کە پەڕوپۆو ئێسك و پروسکی فەرخە قەلەکە لە دەوروبەری لانەکەی مام ڕێوی پەرش و بڵاوبووەتەوە. قەلەباچکەکە کەوتە گریان، باپیرە پێی گوت: "مەگری، ڕێگایەکی باش دەدۆزمەوە تا بۆ حەوت پشتی تەمێی بکەم".

دوای چەند ڕۆژێك، مام ڕێوی دیسان کڵاوی لەسەر ناو، تەورەکەی دا بە شانیاو هاتە بن داری گۆڕین و بە قەلەباچکەکەی گوت: "خێرا ئەم ناوە چۆڵ بکە، دەمەوێ ئەم دارە ببڕیمەوە."

قەلەکە، دیسان لێی پاڕایەوە کە دارەکە نەبڕێتەوە، لە جیاتی ئەوە، تورەکەیەکی ڕەشی دایە کە فەرخە قەلێکی دیکەی تیدا بوو. ڕێویەکەش تورەکە ڕەشەکەی وەرگرت و بەکەیف خۆشی بۆ ماڵ گەڕایەوە. بەڵام هەر کە دەمی تورەکەکەی کردەوە، یەك دنیا زەردەواڵەی بچووك و گەورە، ڕژان بەسەریا، مام ڕێوی بەدەم هاوارو داوای کۆمەك و یارمەتییەوە غاری دەدا، بەڵام زەردەواڵەکان دەستبەرداری نەدەبوون، و بەردەوام بە سەرو چاو و لەشیانەوە دەدا. ڕێوی لە ترسی گیانی، خۆی گەیاندە روبارێك،و بۆ ئەوەی لە شەڕی زەردەواڵەکان ڕزگار بێت خۆی بە رووبارەکەدا دا. بەڵام چونکە مەلەی نەدەزانی، بە سزای کردەوەکانی خۆی گەیی و لە رووبارەکەدا خنکا.

## ٥٠-چیرۆکی گیانلەبەرانی دەریایی

کوڕیژگەیەك بە شۆرتێکەوە لە قەراخ دەریایەك دا ڕاکشا بوو و بیری لە گیانلەبەرانی دنیا دەکردەوە. لەو دەمەدا کە نقومی جوانیی شەپۆلی دەریاکە بوو چاوی بە بوونەوەرێك کەوت کە بەسەر ئاوەکەوە بەرزو نزم دەبووەوە. ئەو بوونەوەرەی کە بەسەر ئاوەکەوە بەرزو نزمم دەبووەوە،

بەرەبەرە لەو نزیك بووەوەو گەییە كەناری دەریاكە، كیسەڵێكی گەورە بوو. كیسەڵەكە بە هۆی گوشاری ئاوەكەوە كەوتبووە سەر پشت. بۆیە داوای لە كوڕیژگەكە كرد كە یارمەتی بداتو بیخاتەوە سەر قاچ. كوڕیژگەكەش خستیەوە سەر قاچەكانی. ئەوسا بە دوو قۆڵی، لەسەر لمەلانی كەنارەكە دانیشتن. لە پڕ كوڕەكە سەیری كرد شتێك بەسەر ئاوەكەوە دەجوڵێ، كوڕە بە كیسەڵەكەی گوت: "**تەمەشای ئەوێندەر بكە، دەڵێی بوونەوەرێك بەسەر ئاوەكەوەیە.!**"

كیسەڵەكە سەری هەڵبڕیو ڕوانیە ئەو شوێنەی كە كوڕیژگەكە ئاماژەی بۆ دەكردو گوتی: "**ئەو شتە سەیرە خەیاری* دەریاییە. ماڵی لە ناو دەریادایەو لە دەرێی ئاودا ناژی**".

كوڕیژگەكە گوتی: "**باشتر، كەواتە با بچین گەمەی لەگەڵدا بكەین.**"

بە دوو قۆڵی دوای خەیارەكە كەوتن. خەیارەكە كە بینی ئەوان بە مەلە بەرەو ئەو دێن، پێی وەغارەونا.

خەیارەكە لەو دەمەدا كە دەڕۆیی شتێكی سپی درێژ لە دەمیەوە دەرچوو، كوڕژگەكە، شتەكەی هەڵگرتەوەو گوتی: "**خۆ ئەمە ریخۆڵەیە!**"

ئەوسا هاواری كرد: "**ئەهای خەیاری دەریایی، ریخۆڵەت كەوت، راوەستە با بۆت بێنمەوە**".

بەڵام خەیارەكە خێراتر دەڕۆیی، كوڕیژگەكەو كیسەڵەكەش بۆ ئەوەی بیگەنێ زیاتر تاویان دایە خۆ. دیسان شتێكی تر لە لەشی خەیارەكەوە هاتە دەرێ، كوڕیژگەكە لە ئاوەكەی هەڵگرتەوەو سەیری كرد ئەمە گەدەی خەیارەكەیە، هاواری كرد: "**راوەستە، گەدەت لێ كەوت.**"

خەیارەكە، ئەنجام گەییە ماڵەكەی خۆی، و چووە ژوورەوەو دەرگای توند لە خۆی داخست. كوڕیژگەكەو كیسەڵەكەش گەییشتن، ماڵی خەیارە دەریاییەكە لە بنی دەریادا بوو. كوڕیژگەكە لە دەرگای داو گوتی: "**خەیاری دەریایی، من گەدەو ریخۆڵەكانم بۆ هێناویتەوە!**".

خەیارە دەریاییەكە، بە ئەسپایی سەری هێنایە دەرێو گوتی: "**لەوە دەچێ تۆ بە نیازی ئەزیەتو ئازاردانی من نەبی، كەواتە دەتوانی بێیتە ژوورەوە.**"

كوڕیژگەو كیسەڵەكە وەژووركەوتن. خەیارەكە گوتی: "**ئێمە، خەیارانی دەریایی، بۆ ئەوەی لە كاتی خەتەرو مەترسیدار خۆ لە ئازاری مرۆڤو حەیوانات دووربگرین، سوود لەو بەهرەو توانایە وەردەگرین كە خواوەند پێی بەخشیوین،و مادەیەك فرێ دەدەین كە زۆر لە گەدەو ریخۆڵە دەچێت، جا ئەوانەی دوامان دەكەون، كە چاویان بەوە دەكەوێ، بۆ ماوەیەك مژول دەبن،و ئێمەش فرسەت دێنینو لەو ماوەیەدا بۆ خۆی هەڵدێین**"

كوڕیژگەكە، كە گوێی لەو قسانە بوو، لە سەرسامیدا چاوانی ئەبڵەق بوونو گوتی: "**من تا ئێستا شتی وام نەبیست بوو.**"

خەیارە دەریاییەكە گوتی: "**جا لەوەش سەیرتر ئەمەیە كە لە هەمان كاتدا گەدەو ریخۆڵەیەكی تازە لە لەشماندا دروست دەبێتەوە**".

كوڕیژگەكە زۆر خۆشحاڵ بوو بەوەی كە شتی زۆر فێر بووەو هاوڕێی تازەی گرتووە. كە بینی دنیا روو لە تاریكی بوو، خودا حافیزی لە خەیارە دەریاییو كیسەڵەكە كردو بەرەو ماڵی خۆیان گەڕایەوە.

***خـەیاری دەریـایی:** گیانلەبـەرێکی دەریـایی نەرمەلیقەیـە، وەکـو خـەیار درێـژو لوولەکییـە، پێستەکەی زبرە (٢٠- ٣٠) شاخەك بە دەوری دەمیەوەیە. لە وشکانیدا ناژی.*

## ٥١-باشترین دەنووك

بێچوە پەڕەسێلکەیەك دەگەڵ دایکیا، لە جەنگەڵێکدا دەژیان. دەنووکیان زۆر ناسكو بچکۆلە بوو، دەیانتوانی بە ئاسانی وردە مێرووان بگرنو بیخۆن. ڕۆژێك لەگەڵ دایکیدا لەسەر چڵی درەختێك نیشتنەوە تا چەند کرمو مێروویەك ڕاوبکەن. فەرخە پەڕەسێلکەکە پاش ئەوەی کرمو مێروویەکی زۆری خوارد، رووی کردە دایکیو گوتی: **"دەنووکی ئێمە زۆر باشە، کەس دەنووکی وەکو دەنووکی ئێمەی نیە."**

دایکی گوتی: **"نابێ لە خۆت بایی ببیت."**

لەم کاتەدا تووتیەك لەسەر دار سەروویەکەوە هەڵفڕیو هات لەسەر لقێکی هەمان ئەو درەختەی کە پەڕەسێلکەکانی لەسەر نیشتبوونەوە، نیشتەوە. فەرخە پەڕەسێلکەکە بە دایکی گوت: **"کە دەنووکێکی ناشیرینی هەیە، بۆچی دەنووکی ئەوەندە خوارە؟"**.

دایکی دیسان سەرزەنشتی کردو گوتی: **"نابێ ئەم قسەیە بکەی، دەنووکی ئەویش بۆ خواردنی هەندێ شتی تایبەتی، بەو جۆرە دروست بووە. تەمەشاکەو بزانە ئەو چی دەخوات"**.

تووتیەکە، بە هەڵبەزو دابەز، بە دەنووك بادەمی لەم چڵو لەو چڵ دەکردەوەو دەیخواردو توێکڵەکەی فڕێ دەدایەوە. فەرخە پەڕەسێلکەکە بە دایکی گوت: **"بەڵێ قسەی تۆیە، بزانە چۆن بادەمو پستە دەخواتو توێکڵەکەی فڕێ دەداتەوە، کەچی ئێمە ناتوانین شتی وا بکەین، بۆیە نەدەبوو گاڵتەم پێ بکردایە."**

لە ناو دەریاچەیەکەوە کەڵەکێك (سەقاقوش)ی ماسیخۆر هێدی هێدی بەرەو لای ئەوان هات. دەنووکی لە کیسە دەچوو. فەرخە پەڕەسێلکەکە کە بینی، لە پێشا زۆر ترسا. کەڵەکەکە دیسان بۆ ناو دەریاچەکە گەڕایەوەو خۆی بە ئاوەکەدا کردو ماوەیەك مەلەی کرد. ماسیەکی گەورەی دۆزییەوەو بە خشکەیی خۆی گەیاندێو یەکسەرو بە ساغی قووتی دا. بێچوە پەڕەسێلکەکە بە دایکی گوت: **"دایکە، ئەوە چۆن دەتوانێ ئەو ماسیە گەورەیە بە جارێ قووت بدا؟"**

دایکی گوتی: **"ماسیەکە ناخاتە ناو سکییەوە، بەڵکو لەو کیسەیەی بەر گەردنیا هەڵی دەگرێ، پاشان بۆ ماڵی دەباتەوەو دەرخواردی بێچوەکانی دەدا"**.

فەرخە پەڕەسێلکەکە زۆر خۆشحاڵ بوو بەوەی کە ئەو ڕۆژە باڵندەی جیاوازی دیتبوونو ناسیبوون. هەروەها ئەو ڕۆژە زۆر شت فێر بوو بوو، و تێ گەیشتبوو کە نابێ گاڵتە بە خەڵکی دیکە، لەبەر ئەوەی وەکو ئەو نین، بکات.

## ٥٢- پێنج کیژی چاکەکاری هاوپۆل

باران خۆشی کردبووەوە، خاتوو جانگ کە مامۆستای قوتابخانە بوو، لە پۆلەکەی خۆیدا لە بەردەم تەختە ڕەشەکە وەستا، ڕوویکردە منداڵەکانو گوتی: "دوێنێ، دوێنێ پێنج کەس لە قوتابیانی پۆلەکەی ئێمە یارمەتی پێنج کەسیان داوە. ئایا دەتوانن بە مەزەندە بزانن ئەوانە کێن؟".

منداڵەکان، هەموو بە بێدەنگی دەیانڕوانیە مامۆستا. ئەویش لەسەر ڕۆیی: "وەکو دەزانن دوێنێ بەیانی بارانێکی توند دەباری، بەڕێوەبەری قوتابخانەکەمان، خاتوو لی، لەبەر ئەوەی چەتری پێ نابێ لەبەر دوکانێکا بەدەم چاوەڕوانیەوە وەستا بوو تا باران خۆشی بکاتەوە. لەو کاتەدا کیژۆڵەیەك دەیگاتێ، چەترەکەی بۆ دادەنێو بە خۆی بە غاردان دەڕوات. خاتوو بەڕێوەبەر، سەروسیمای نابینێ، بەڵام لە یادی ماوە کە تەنوورەیەکی سووری لەبەردا بووە".

هەموو منداڵانی پۆلەکە یەکسەر ئاوڕ لە (ئاڤین) دەدەنەوە. چونکە ئەو بە زۆری تەنوورەی سووری لەبەر دەکردو تەنوورەکەی زۆر خۆشدەویست، هەمووان ئەمەیان دەزانیو (ئاڤین)ش سەری دانەواندبوو. منداڵەکان چەپڵەیەکی قایمیان بۆ لێدا. خاتوو مامۆستا لەسەری ڕۆیی: "لە حەوشی قوتابخانەکەدا تەختەرەشێك هەبوو، چونکە لە پۆلەکاندا جێگا نەبوو بوو، لە حەوشەیان دانابوو، دوێنێ یەکێك بە نایلۆنو پارچە پەڕۆیان دای پۆشیوە تا تەڕ نەبێت. فەڕاشی قوتابخانەکە نەیدیتووە، بەڵام لە بیری ماوە کە کیژێ پێڵاوی زەردی لە پێدا بووە".

قوتابیەکان ئاوڕی لای (هالی)یان دایەوە، چونکە هەموویان دەیانزانی کە ئەو زۆری حەز لە ڕەنگی زەردە، قوتابیەکان چەپڵەیەکی قایمیان بۆ لێدا. خاتوو مامۆستا لەسەری ڕۆیی: "یەکێك لە منداڵەکانی پۆلی یەکی قوتابخانەکەی خۆمان، دوێنێ کە چەتری پێ نەبووەو بە ژێر بارانەکەدا بەغار ڕۆییوە، لە پڕ دوو لاقی تری لە تەنیشت خۆیەوە دیتوەو چەترێکی لەسەر سەری ڕاگرتووە، وێنەی دوو ورچ بەسەر جلەکانی ئەو کەسەوە بووە کە چەترەکەی بەسەر سەریەوە ڕاگرتووە."

منداڵەکان ئاوڕی لای (لیون) دەدەنەوە. چونکە هەر ئەو حەزی لە ورچ بوو،و ڕەسمی ورچی کۆ دەکردەوە. یەکسەر چەپڵەیەکی قایمیان بۆ لێداو ئافەرینیان کرد، ئەویش بەدەم خەندەوە سەری داخستبوو.

خاتوو مامۆستا لەسەری ڕۆیی: "پیاوێکی ڕۆژنامەفرۆش، کە هەموو ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی خستبووە سەر عارەبانەیەکو بۆ فرۆشتنی دەگێڕان، لە کاتی بارانەکەدا نە چەتری پێ بووە،و نە پارچەیەکو نە نایلۆنێکی پێ نەبووە بیدات بەسەر گۆڤارو ڕۆژنامەکانیا تا تەڕ نەبن. بەڵام کچۆڵەیەك لێی دەچێتە پێشێو بارانییەکەی خۆی دەدات بەسەر عارەبانەی کابرای ڕۆژنامەفرۆشداو تا بارانەکە خۆشی نەکردبووەوە لەوێ لەلای کابرای ڕۆژنامە فرۆش وەستا بوو

**تا گۆڤارو ڕۆژنامەکانی تەڕ نەبن. کابرای ڕۆژنامەفرۆش هەر خەتە شینەکانی کراسی کچەکەی بیر ماوە."**

لەم کاتەدا ئیدی منداڵەکان چاوەڕوانی تەواو بوونی قسەکانی مامۆستایان نەکردو بەیەك دەنگ گوتیان: **"لەنچی!"**

و چەپڵەیەکی قایمیان بۆ لێداو ئافەرینیان کرد.

خاتوو مامۆستا بەردەوام بوو: **"لە وێستگەی پاسدا خانمێك کە منداڵێکی بچووکی بە باوەشەوە دەبێت، لەسەرما توند منداڵەکەی بە خۆیەوە دەگوشێ. لەو کاتەدا چەترێك بەسەر دایكو منداڵەکەوە دەگیرێو تا کاتی هاتنی پاسەکە خاوەنی چەترەکە کە کیژێکی جل سەوز بووە، بە دیاریانەوە دەوەستێ تا باران ئەو دایكو منداڵە تەر نەکات."**

منداڵەکان هاواریان کرد: **"سوئی!"**

بەڵێ دوا کیژۆڵەی چاکەکاری ئێمە سوئی بووە.

خاتوو مامۆستا ڕوویکردە منداڵەکانو گوتی" **"پێنج کچۆڵەی باشی پۆلەکەمان، بەو کارە باشانەی کە دوێنێ کردوویانە، بوونەتە مایەی خۆشحاڵیو سەربەرزی ئێمەو ئەوەیان سەلماند کە مرۆڤ دەبێ هەمیشە لە خەمی خەڵکانی دیکەشدا بێ، ئەگەر کەسێك پێویستی بە یارمەتی بوو، یارمەتی بدات. ئێوەش هەوڵبدەن کە بەلای کەمەوە ڕۆژی یەك کاری باش بکەن.**

## ٥٣-دەستە پاکەکانی ئینا

"ئینا" دوو دەستی سپیو پاكو خڕپنی هەبوو. هەر کەسێ بیدبیا، حەزی لە دەستەکانی دەکرد. تەنانەت سێو، مۆز، پرتەقاڵ، هەموویان حەزیان دەکرد ئینا بە دەستە پاكو خاوێنەکانی بیانکاتەوەو بیانخوات. منداڵان حەزیان دەکرد هاوڕێتی بکەن، چونکە کیژێکی زۆر پاكو خاوێن بوو، و قەت نەخۆش نەدەکەوت.

ئینا هەمیشە داوای لە دایکی دەکرد، نینۆکەکانی بۆ بکات. تا وای لێهات نینۆکە درێژو زیادەکانی ئینا حەسوودیان پێ بردو بڕیاریان دا نەیەڵن ئینا نینۆکەکانی بکاتو بە خاوێنی بمێنێ. بۆیە کاتێ ئینا کە دەیویست بڕواتو دەستەکانی کە پیس بوو بوون بشوات، نینۆکەکان پێیان گوت:

**"تۆ چەند بێ ئەقڵی، ئەگەر دەستەکانت بشۆی، پیرەلۆك دەبنوو تا زیاتریان بشۆی پیرەلۆکتر دەبنو پێستی دەستەکانت تیا دەچن."**

ئینا، بە نە باوەڕییەوە لە نینۆکە درێژەکانی پرسی: **"بە ڕاستانە، یانی من دەستەکانم لە دەست دەدەم، تیا دەچن؟"**

گوتیان: "**هەڵبەتە بەڕاستمانە، بۆچی باوەڕمان پێناکەیت، ئێمە بۆ تۆمانە، بڕۆ دەستەکانت بشۆ، بەڵام ئەگەر پێستی دەستەکانت تیا چوو، گلەیی نەکەی!**".

ئینا زۆر ترسا، نینۆکەکان لەسەری ڕۆییشتن: "**ئەگەر نینۆکەکانیشت بکەی، بەرە بەرە نینۆك‌و پەنجەکانت لە بەین دەچن**".

ئینا، لە ترسا، ئیدی نە دەستەکانی شت،و نە نینۆکەکانی کرد. ئیدی میکرۆبان لە بنی نینۆکەکان‌و قرێژی دەستەکانیدا کۆ بوونەوە.

ڕۆژێك میکرۆبەکان بە نینۆکە درێژەکانیان گوت: "**ئێوە زۆرتان یارمەتی ئێمە دا، ئەگەر ئێوە نەبوایەن، ئێمە نەمان دەزانی لەکوێ خۆراك بخۆین. ئێمە دۆستی باشین بۆ یەکتری.**"

ئەوە بوو کە میکرۆبێکی زۆر لە بن نینۆکەکانی ئینادا کۆ بوونەوەو دەستیان بە ژیان کرد. ئیدی ئەو دەستە سپی‌و خاوێن‌و خرپنانەی جاران نەمان.

ڕۆژێك کە دەیویست سێو بخوات، هەرکە دەستی بۆ سێوەکە برد، سێوە لاسوورەکە چارەی گرژ کردو گوتی: "**لاکەوە، دەست بەمنەوە نەدەی.**"

ویستی نان بخوات، نانیش ڕووی گرژ کرد. دەچوو بەلای هەر خواردنێکەوە، خواردنەکە ڕوی لێ وەردەگێڕا. ئینا زۆر تەنیا بوو بوو، هاوڕێکانیشی لێی دوور کەوتبوونەوە. تەمەشایەکی دەستەکانی کردو گریان گرتی. میکرۆبەکانیش بە خۆشحاڵی‌و پێکەنینەوە، گاڵتەیان پێدەکرد، ئەنجام میکرۆبەکان لەگەڵ خواردنێکدا چوونە ناو بەدەن‌و لەشی ئیناوە، لەوێ بوون بە کرمێکی گەورە، کرمە دەستی بە گەرا خستن کردو هەموو ریخۆڵەکانی ئینا پڕ بوون لە کرمی بچووك. بەمجۆرە ئینا نەخۆش کەوت. دایکی ئینا، کە زۆری بەزەیی پێدا هاتبووەوە، بۆی ڕوونکردەوە کەچۆن بە نەکردنی نینۆکەکانی نەخۆش کەوتووەو لە ڕاستیدا یارمەتییەکی زۆری میکرۆبەکانی داوە. لە ئەنجامدا یەکسەر نینۆکەکانی کرد، دەستەکانی شت‌و لێبڕا کە چیتر چەپەڵ‌و پیس نەبێ‌و بە بەردەوامی پاك‌و تەمیزی ڕەچاو بکات‌و ئاگای لە سەلامەتی‌و تەندروستی خۆ ببێ.

## ٥٤- نەخۆشکەوتنی دایك

دایکی شیاوچوان نەخۆش بوو. شیاوچوان ئەمەی زۆر لەبەر گران بوو. بەڵام نەیدەزانی چیبکات تا دایکی چاك ببێتەوە . بەیانیان کە لە خەو ڕادەبوو ، چێڵ و پەزەکانی بۆ لەوەڕ دەبرد، دوانیوەڕوانیش بۆماڵی دەهێنانەوە.

ڕۆژێك کە حەیوانەکانی بۆ لەوەڕ دەبرد لە لێڕو دارستاندا تووشی پیرەمێردێك بوو . پیرەمێردەکە پێی گوت دەتوانێت یەك خۆزیا بخوازێت و بۆی بێنێتە دی . ئەویش واتا

شیاوچوان لە بری ئەمە دەبیَ تا سیَ رۆژ ،سیَ کاری باش ئەنجام بدات. شیاوچوان خوزیای خواست کە بە زووترین کات دایکی چاك ببێتەوە . ئەوسا خودا حافیزی لە کابرای پیرەمێرد کرد و حەیوانەکانی بۆ لەوەڕ برد و شەویَ بۆ ماڵ گەڕایەوە . شیاوچوان بەیانی رۆژی دوایی لە خەو ڕابوو و وەکو رۆژان حەیوانەکانی بۆ لەوەڕ برد و شەویَ بۆ ماڵ گەڕایەوە . بەڵام دایکی هەر وەکو خۆی بوو ،چاك نەبوو بووەوە . رۆژی دووەمیش بە هەمان شێوە تێپەڕی ، دایکی چاك نەبووەوە. شیاوچوان زۆر خەمگین و نارەحەت بوو بوو ، لە هەمان کاتدا سەری سووڕمابوو کە بۆچی پیرەمێردەکە درۆی لەگەڵ کردووە. ئەنجام رۆژی چوارەم شیاوچوان بۆ هەمان شوێنی یەکەمجاری پیرەمێردەکە رۆیی ،تا بەڵکو دیسان بیدینیَ و هۆی چاك نەبوونەوەی دایکی لێبپرسێت. لەو کاتەدا دەنگی خشەخشی گەڵایان وەئاگایان هێنایەوە ، ڕوانییە دەورو بەری خۆی ، سەیری کرد ئاسکێکی جوان لەسەر عاردی کەوتووەو لاقی چەپی زامدارە. یەکسەر چوو بەلایەوە . هەندیَ گیای کێوی کە بۆ زام و برینان باش بوو ، لە عاردی هەڵکەند و نایە سەر زامی ئاسکەکە و ئەوجا بە تیلماسکێك لە جلەکانی خۆی لاقی ئاسکەکەی بەست .ئاسکەکە بە ئەسپایی هەستاو بە شەلەشەل لەویَ دوورکەوتەوە . شیاوچوان کەوتە ڕیَ . هێشتا ماوەیەکی کەم رۆیی بوو کە گوێی لە دەنگی جووکە جووکی فەرخە تەیرێك بوو. فەرخە تەیرێکی چکۆلە لە هێلانەکەیەوە کە لەسەر لقەدارێکی بەرز بوو، کەوتبووە خوارەوە. فەرخەکەی نایە گیرفانی ، بە دارەکەدا هەلزنا و فەرخەکەی نایەوە ناو هێلانەکەی. دیسان دابەزی و ملی رێگای گرت ، گەییە هەمان ئەو شوێنەی کە یەکەمجار کابرای پیرەمێردی لێدیتبوو. لەپڕ چاوی بە بلێسەی ئاگر کەوت . بە واقی وڕەوە بەرەو ئاگرەکە چوو ، سەیری کرد بڕێك لە پووش و گەڵای وشك ، لەبەر خەمساردی کەسێکی دی کە بەر لەو بەوێدا رۆییوە ئاگری گرتووە . یەکسەر بە پێیان خاك و خۆڵی عاردەکەی بەسەر ئاگرەکەدا کرد . بە دەستەکانیشی خۆڵی خڕکردەوەو کردی بەسەر ئاگرەکەدا ، ئەنجام ئاگرەکە کوژایەوە .شیاوچوان گوێی لە دەنگی کۆکەکۆکی کابرای پیرەمێرد بوو ، ئاوڕی پاشەوەی دایەوە ، پیرەمێردەکە بە پێکەنینەوە سەیری کرد . شیاوچوان سڵاوی لێکرد . پیرەمێردەکە پێی گوت : **"کوڕەکەم ئیستا دایکت چاکبووەتەوە ، تۆ ئەو رۆژەی کە لە من جیا بوویتەوە ، قەول و بەڵێنەکەی خۆت لە بیرکرد ، قەول بوو سیَ کاری باش ئەنجام بدەی . تۆزیَ لەمەپێش ، بە هۆی ئەنجامدانی سیَ کاری باشەوە ، دایکت لە نەخۆشی رزگارکرد . "**

شیاوچوان کە لە خۆشیاندا پێی عاردی نەدەگرت ، بە غاردان بەرەو ماڵ بووەوە . سەیری کرد دایکی ساغ و سەلامەتە و خەریکی چیلکەو دارشکاندنە و بەرەو لای ئەو غاری دا و باوەشی پێدا کرد و لە دڵی خۆیدا لێبڕا کە هەموو رۆژێك بۆ شوکرانەی سەلامەتی دایکی ، کۆمەڵێك کاری چاك بکات..

## ٥٥- لاقی کێ باشترە؟

ڕۆژێـك مریشـك و مـراوی و پشـیلە و ئەسـپ لـە بـن دارێـكدا دانیشـتبوون و سـەرگەرمی قسـەو باسان بوون . باسەكەیان لەسەر ئەمە بوو كە لاقی كێیان لە هی هەمووان باشترە.

مریشك گوتی : **" لاقی من لـە هـی هـەمووان باشـترە . پەنجـەی درێـژم هـەن ،باریكن و دەتـوانم ئەرزیان پێ هەڵدڕم و كرم و خۆراكی دی تیا بدۆزمەوە ، خواردنی من لەسەر لاقەكانمە. "**

مراوی گوتی : **"لاقی من لە هی هەموان باشترە ، بنی پێی من پانـە و وەكـو سـەوڵی كەشـتییە ، كە لە ئاودا مەلە دەكەم بە كۆمەكی ئەوانەوە زۆر بە ئاسانی دەڕۆم. "**

پشیلە گوتی : **"لاقی كـەس ناگـات بـە لاقـی منـدا. بە زەبـری چنگەكانم و ئەو هێـز و توانایـەی هەمە دەتوانم بە ئاسانی گۆشت بپچڕم . مشكان زۆر بە زەحمەت دەتوانن لە چنگم دەربازبن! "**

ئەسپ گوتی: **" لاقی كس ناگـات بـە لاقـی منـدا ، مـرۆڤ نـاڵم دەكـەن. نـاڵ لـە پـێڵاوی ئاسـنین دەچێت . دەتوانم بۆ هەر شوێنێكم بوێ غاربدەم و بار هەڵبگرم . هەموو ئەم كارانە بە پشتیوانی لاقەكام دەكەم. "**

پیرەگایەك كە لەو ناوە خەریكی لەوەڕین بوو و گوێی لـە هـەموو قسـەكانی ئـەوان بووبـوو ،ڕووی تێكردن گوتی : **"لاقی هەر هەمووتان باشە و هەر یەكێكتان بە كۆمەكی لاقەكانتان كاری جیاواز دەكەن .ئەگەر لاقتان نەبێت ناتوانن ڕێگا بكەن تووشی كێشەی زۆر دەبن . كەواتە شوكری خودا بكەن كە بە كۆمەكی لاقەكانتان دەتوانن زۆر كاربكەن .**

## ٥٦- كەروێشك و هەڵۆ

لەسەر لوتكـەی چیایـەكی زۆر بـەرزدا ، هەڵۆیـەك دەژیـا و لـە داوێنـی هـەمان چیـادا كەروێشـكێك دەژیا . هەڵۆكە هەمیشە لە بیری ئەوەدا بوو كەروێشـكەكە بگرێـت و بیخـوات .بـەڵام كەروێشـكەكە هەمیشە لە دەست هەڵۆكە هەڵدەهات. چونكە هەڵۆكە زۆر لە خـۆی بـایی بـوو هـەموو حـەیوانات و باڵندەكانی ئەو دەڤەرە لێی ناڕازی بوون.

ڕۆژێ لـە ڕۆژان كەروێشـكەكە لـە قـەراخ دەریاچـەیەكی داوێنـی چیایەكـەدا خـەریكی گیـاخواردن بوو ، هەردوو گوێچكە درێـژەكانی لێكـدا لێكـدا دەجولاند و بـۆ سـاتێكیش لـە جولـە نەدەكـەوتن . ڕۆژەكەی زۆر خۆش بوو. هەتاو بە تیشكی زێڕینی خۆی گـەرمی و ڕونـاكی بـە زەوی دەبەخشـی. كەروێشـكەكە زۆر خۆشـحاڵ بـوو كـە هـەم دنیـا خـۆش و هـەم دەتـوانێ بـە كـەماڵی ئاسـوودەیی ، شادو بێ خەم و خەیاڵ بۆ خۆی یاری بكات. لەم كاتەدا چاوی بـە سێوەلاسـوورەی دارێـك كـەوت، خەریكبوو بەرەو سێوەكان دەڕۆیی كە هەستی بە سێبەری هەڵۆكە، بە سەر سـەری خۆیـەوە كـرد.

هەڵۆکە زۆر بە تیژی بۆی داهاتەوە، کەروێشکەکە لە ترسی گیانی خۆی پێی وەغارێوە نا. ڕۆیی و خۆی لە ژێر لق و پۆپی درەختەکەدا شاردەوە. هەڵۆکە وەکو تێسکەی تفەنگ بەرەو زەوی دادەکشا . بەڵام جگە لە لق و پۆپی درەختەکە هیچی تری نەبینی .کەروێشکەکە کە خۆشحاڵ بوو بەوەی هەڵۆکە نەیبینیوە ، بە ئەسپایی جوڵەیەکی بۆ کرد. بەڵام سەیری کرد ناتوانێ بجوڵێت، تومەز گوێچکەی کەروێشکەکە لە لقی درەختەکە گیر بووبوو. ترسێکی گەورەی لێنیشت. کەوتە خۆ ڕاتەکاندن، ئەمە سەرنجی هەڵۆکەی ڕاکێشا. هەڵۆکەش نەیتوانی خۆی بە بەینی لق و پۆپی درەختەکەدا بکات. بەڵام چونکە زۆر لە خۆی بایی بوو ، بێگوێدان بە لق و پۆپی درەختەکە ، بەرەو کەروێشکەکە ڕۆیی. بەڵام لقەکان بە گیانیا چوون ،بە ترسەوە باڵەکانی پێکادان، بەڵام پەرەکانی هەڵوەرین. کەروێشکەکە تەکانێکی توندی دایە خۆی و گوێچکەکانی لە لق و پۆپی درەختەکە دەرهێنان. هەڵۆکە توڕە بوو بوو ،چونکە نەك هەر پەڕەکانی هەڵوەری بوو ، بەڵکو کەروێشکەکەشی لە دەست چوو بوو. ئەنجام هەڵۆکە هیلاك و ماندوو ڕێگای خۆی گرتە بەر و ڕۆیی. کەروێشکەکەش خۆشحاڵ بوو بەوەی کە ڕزگاربووە.

## ٥٧- قەلەڕەشی دەمشڕ

مێرووله‌خۆرێکی گەورە بە ناو دارستانێك کەوتبوو . لە برسا لاکەی سەری دەهات. بە دووی مێرووله و مێرووستاندا دەگەڕا. دەیروانیە هەر شوێنێ هیچی نە دەبینی، بە عەزرەتی تاقە مێروولەیەکەوە بوو. لە دڵی خۆیدا گوتی: " **دەبێ بیرێ بکەمەوە، تەگبیرێکی حاڵی خۆم بکەم.**" لەسەر سەوزەگیایەك ڕاکشاو لە فکرا ڕاچوو. "**باشە من زمان لووس و دەم تەڕو قسە خۆش نیم؟**"

بۆیە لێبڕا سوود لە زمانی وەربگرێت.

لەم کاتەدا قەلەڕەشێك هات و لەسەر دارێك نیشتەوە. مێرووله خۆرەکە زۆری کەیف پێهات. چونکە دەیزانی قەلەرەش گیانلەبەرێکی دوو زمان و دەمشڕە و دەتوانێ سوود لەم قەلەرەشە وەربگرێت. روویکردە قەلەکەو وتی:"**سڵاو پایزە برا، سڵاو دۆستی ئازیز ، قەلەرەشی میرەبان ئەرێ تۆش حەزدەکەی لە میوانی میرووان‌دا بەشداری بکەی؟**"

قەلەکە بە سەرسامی گوتی:" **میوانی چی؟ لە کوێ؟**"

مێرووخۆرەکە گوتی: " **لە بێخەبەران کەشکەك سڵاوات. ئەدی نازانی لەسەر ئەو تاوێرە گەورەیەی قەراخ دەریاچەکەدا ،میوانیەکی گەورە لەسەر شەرەفی مێرووان سازکراوە! ئەگەر پێت خۆشە دەتوانی خەبەر بە مێرووان بدەیت و بە خۆتیش دەگەڵ ئەواندا لەوێندەر ئامادەببیت .**"

قەلـەرەش خۆشـحالْ بـوو. بـۆ ئـەوەی ئـەم خەبـەرە بـە مێـرووان بگەیـەنێ لـە شـەقەی بـاڵی داو ڕۆیی.ژێر بەردو تاوێران ، درزی داران وبنی درەختان کون بە کون گەڕاو ئەم خەبەرەی بە هـەموو مێرووان گەیاند.

کە شەو داهات، مێرووله خۆرەکـە وەکو بـەرد لـە قـەراخ دەریاچەکە خـۆی مـت کـرد. جوڵـەی لـە خۆی بڕی بوو. زمـانی لـە زاری هێنـابووە دەرێ. بێدەنگ و بێجوڵە دانیشـتبوو. ئیـدی مێـرووان قەتاریان بەست و خۆیان گەیاندە قەراخ دەریاچەکە. مێرووله خۆرەکـەش هـێمن و بێجووڵـە وەکو بـەرد لـە جێـی خـۆی دانیشـتبوو. مێروولـەکان هەسـتیان پێنـەکرد. مێرووخۆرەکە بڕێك هـەنگوین شەکری لە زمانە درێژەکەی هەڵسوو بوو. مێروولەکان کە زۆریـان حـەز لـە شیرینی بـوو ، لەسـەر زمـانی ئـەو خڕبوونـەوە. ئیـدی هـیچ شـوێنێك بـۆ قەلـەرەش نـەمابووەوە. بۆیـە لـە عاردەکـە و لـە لایەکەوە دانیشت. بەڵام ڕێك لەم کاتەدا، لە چاوتروکانێکدا مێوانیی مێرولەکان پێچرایەوە، نەما. دونگی قاقای پێکەنینێك بەرز بووەوە. قەلەرەش بە سەرسـامی ڕوانییە دەوروبـەر. بـەڵام نـەیزانی چـی روویـداوە. میرووخۆرەکـە لـە شـوێنی خـۆی هەسـتا و لـە کاتێکـا کـە هـەموو مێروولـەکانی خواردبـوو، بـە قەلەکـە پێدەکـەنی. قەلەکـە ئەوسـا زانـی چ باسـە.بـە نیگـەرانی تەمەشـایەکی مێرووخۆرەکەی کـرد و لـە ترسـی گیـانی خـۆی هەڵفڕییـە سـەر لقی دارێك. مێرووله خۆرەکە بە قەلەکەی گوت: **" چۆنی دۆستی ئازیز، زۆر سوپاس کە خۆراکێکی بە لەزەتت بۆ پەیداکردم، هیوادارم جاری دیکەش سوود بە یەکتری بگەیەنین."**

ئەوسـا رێـی خـۆی گـرت و رۆیـی. قەلـە ڕەشـەکە زۆر نارەحـەت و قـەڵس بـوو بـوو.چـونکە دەمشڕییەکەی ئەو بووبووە مایەی لە ناوچوونی یەك دنیا مێرووله. ئیدی لەو رۆژەوە بریـاری دا کە ئەم خووە ناپەسندە تەرك بکات..

## ٥٨- شێلم دەرهێنان

بەیانییەکی زۆر زوو باپیرەی سەد ساڵەی (خومی)هاتە نێو باخەکە تا کـەمێك وەرزش و پیاسـە بکات. بەدەم پیاسەوە چاوی بە شێلمێکی گـەورە کـەوت کـە سـەری لـە عـادی دەرهێنـابوو.چووە پێشـەوە. هـەموو هێـزی خـۆی خسـتەکار تـا شـێلمەکە هەڵکـەنێ و دەریبێنـێ. بـەڵام چـەندی کـرد وکۆشا شـێلم لـە جێـی خـۆی نـەجولاْ. باپیرە کوڕەکـەی گـازکرد تـا یارمـەتی بـدات. ئیـدی بـاوکی خومی چـووە یارمـەتی بـابی. بـەڵام ئـەویش چـەندی کردوکۆشا شێلمەکەی بۆ دەرنـەهات. دوای ماوەیەك لە هـەوڵ و تەقەللا نائومێد بوون. مامی خومی-یان بانگکرد. ئەویش هیچی بە هـیچ نەکرد. لەم کاتەدا خۆمی بە دەم سۆزەو نەرمە گۆرانییەوە خۆی بە باخەکـەدا کـرد. کـە چاوی بـە باوك و باپیرو مامی کەوت لە ژێر دارێکدا وەستاون و قسان دەکەن، بە غار بەرەو لای ئەوان چوو. بەسێ قۆڵی باسی شێلمەکەو چۆنیەتی دەرهێنانیان دەکرد. خومی لە ناکاو بیرێکی بە مێشکا

هات و چوو دارێکی زۆ ئەستوور و پەتێکی هێنا. بابی و ئەوان بەسەرسامی سەیریان دەکردو سەریان لەم کارەی ئەو دەرنەدەکرد. خۆمی کە ئەوانی بەسەر سامی بینی، پێکەنی و گوتی: " **واقتان وڕنەمێنیّ ، لە قوتابخانە زانستی جۆراوجۆرمان فێردەکەن. بۆ نموونە لە وانەی زانستدا مامۆستاکانمان فێریان کردووین کە ئەگەر بمانەویّ شتێکی زۆر قورس لە عاردی بەرزبکەینەوە دەبیّ سلینگ بەکاربێنین. جا ئیستا دەتونین بەم ڕێگەیە شێلمەکە لە عاردی دەربێنین."**

هەموویان بە ستایشەوە گوێیان لە قسەکانی خومی گرت و زۆر خۆشحالّ بوون بەوەی کە زانست سوودی زۆری بۆ بەشەر هەیە.ئیدی بەوجۆرە شێلمەکەیان لە عاردی دەرهێنا.

## ٥٩- دوو پشیلەی گەوج

جرجێکی زۆر گەورە خەو و خۆراکی لە دانیشتووانی گەڕەك حەرامکردبوو. شەوانە کە خەڵکی دەنووستن، جرجەکە خۆی بە موبەق، عەمارو هەموو شوێنێکدا دەکرد و هەر خواردنێکی دەستکەوتبا دەیخوارد. هەموو ئەو پشیلانەکانی نزیکی ئەو گەڕەکەی جرجەکەی تیا دەژیا، لەو بچووکتر بوون. لێی دەترسان و لێی هەڵدەهاتن. چونکە دەرەقەتی نەدەهاتن. دوو پشیلە هەبوون کە تازە هاتبوونە ئەو گەرەکە. هەرچەندە دۆستی یەکتر بوون بەلاّم هیچ یەکێتییەکیان لە بەیندا نەبوو. یەکێکیان ناوی (دەخوان) بوو وئەویتریان ناوی (لاوخیی) بوو. هەردووکیان گەورەو بالاّ بەرز بوون..بەردەوام لەسەر شتی بچووك قەرقەشەو شەڕیان بوو.لاوخیی کە بیستی جرجەکە بۆڕی بە هەموو پشیلەکان داوەو چاوترسێنی کردوون و هیچ پشیلەیەك تا ئیستا نەیتوانیوە شەڕی ئەو بکات، توڕە بوو ولێبڕا بچێتە شەڕی جرجەکە.

شەوێکی سارد بوو. لاوخیی گەلێك لە ماڵەکان گەڕا تا ئەنجام جرجەکەی دۆزییەوە. جرجەکە پلە گۆشتێکی بە دەمەوە بوو و مژۆلی خواردنی بوو، وهیچ گوێی بە هاتنی پشیلەکە نەدا. پشیلەکە سەری لە چاوقایمی و بوێری جرجەکە سوڕما. لاوخیی بۆ ئەوەی جرجەکە بترسێنێت مڕەیەکی کرد و باوێشکێکی دا.بەلاّم جرجە لە جێی خۆی نەجولاّ. دوای تۆزێك نیونیگایەکی لاوخیی کرد و بە بیّ موبالاتی گوتی:**"بڕۆ بە ڕێی خۆتا، ئەوەی دەتەویّ لێرە دەسناکەویّ!"**

پشیەکە تووڕە بوو، گوتی: **"ئەگەر جارێکی دی بێڕێزی و بێحورمەتی بکەی، منیش پێتی نیشانەدەم."**

جرجەکە پلە گۆشتەکەی لە سووچێکەوە دانا، هات بەرەو لای پشیلەکەو گوتی: **" ئەگەر بێحورمەتی بکەم چیدەبیّ، چیت لە دەست دێت ها؟ "**

بەو جۆرە دەستیان نایە یەخەی یەکتر و شەڕو کوتەککاری دەستی پێکرد. دوای نیوسەعاتێك لاوخیی بەرەو ماڵ بووەوە. بەلاّم تۆزێك لە کلکی بڕابوو، هەنیّ شوێنی لەشیشی زامدار بوو بوو.

(دەخوان) کە (لاوخیی) بەو حاڵەوە بینی دەستی بە پێکەنین کرد، بەتەشەرەوە گوتی: **"بۆچی ئەوەندە بە پاك و خاوێنی بۆ ماڵ گەڕاویتەوە؟!"**

لاوخیی سەری داخست و هیچی نەگوت. دەخوان لەسەر تانەو تەشەری خۆی بەردەوام بوو، وگوتی: **"تۆ ئابڕووی هەموو پشیلەیەکت بردووە."**

لاوخیی توڕە بوو گوتی: **"قسەی بەلاش مەکە، ئەگەر راستدەکەی خۆت بڕۆو ئابرووی هەموو پشیلەکان بکڕەوە!"**

دەخوان–ش بە تورەیی هاواری کرد: **"باشە، من دەڕۆم و بۆ جرجەی دەسەلمێنم کە حەریفی کێیە. ئەگەر ئەم کارەم نەکرد، من پشیلە نەبم!"**

دوای ئەو قسەیە بە هەشتاو بەرەو گەرەکی جرجەکە رۆیی. بەڵام هەمووی نیو سەعاتێك بەسەرا نەرۆیی بوو کە دەخوان –ش بەسەرو گوێی شکاو و بریندارەوە گەڕایەوە. خوێن لە گوێچکەی دەهات و جێ قەپاڵی جرجەکە بە لەشییەوە دیاربوو.ئەمجارەیان نۆرەی لاوخیی بوو کە بە دەخوان ڕابوێرێ.

چەند رۆژێك بوری. زامی لەشی هەردووکیان ساریژ بووەوە.بەڵام لە ماوەی ئەم چەند رۆژەدا ،ئەو جووتە بریان لە زۆر شت کردەوەو پەیان بە هەڵە گەورەکەی خۆیان برد. تێگەیشتن کە ئەگەر کۆك و تەبا و یەگرتوو نەبن، ناتوانن هیچ بە هیچ بکەن. بۆیە دەستی دۆستایەتیان لە دەستی یەکتر نا و بڕیاریان دا بە دوو قۆڵی بچنە تاقیبی جرجەکە.. ئەم کارەیان کرد و جرجەکەیان بە جۆرێ لەو ناوە ڕاونا کە زاتی نەکرد جارێکی دی بۆ ئەوێ بگەڕێتەوە..

## ٦٠– بێچووە هەڵۆ

تازە لە دەرێی شاردا فرۆکەخانەیەکی تازەیان دروستکردبوو. فرۆکەخانەیەکی زۆر گەورە بوو. فرۆکەیەکی زۆری تیا دەنیشتەوە و هەڵدەستا.بەڵام لەوساوە کە ئەم فرۆکەخانەیە دروستکرابوو ، تێکرای باڵندەکانی ئەو دەڤەرە ئیسراحەتیان لەبەر هەڵگیرابوو.

رۆژێك هەڵۆ بە بێچووەکەی گوت: **"رۆڵەکەم قەت لە فرۆکەو فرۆکەخانەکە نزیك نەکەویتەوە، زۆر خەتەرە ها!."**

بێچووە هەڵۆ گوتی: **" فرۆکەی گەورە زۆر جوانە. من لێی ناترسم!."**

هەڵۆیەکە بیرێکی کردەوەو گوتی: **"نا، نابێ قسەی وابکەیت. چونکە ئەگەر بەر فرۆکە بکەوی، بێگومان یان تیا دەچیت یان گرفت و خەتەر بۆ فرۆکەکە چێدەکەیت."**

چەند رۆژێك بوری. بێچووە هەڵۆکە بۆ دەمێکیش خەیاڵی فرۆکەی لە مێشك دەرنەدەچوو، زۆری حەزدەکرد بۆ فرۆکەخانەکە بڕوات. ئەنجام لێبڕا، بەبێ پرسی باوك و دایکی بۆ ئەوێندەر

بڕوات.بەو خەیاڵەوە، بەرەو فرۆکەخانەکە لە شەقەی باڵی دا. کاتێ گەییە نزیکی فرۆکەخانەکە، چیوای نەمابوو گوێچکەکانی لە دەنگی فرۆکەکان کەڕ ببێت. و لە هەمان کاتدا چەند نەفەرێکی لە عاردیدا بینی کە بەردەوام هەوڵیان دەدا بێچووە هەڵۆکە لەو ناوە دووربخەنەوە. لەو کاتەدا دەنگی ترسناکی فرۆکەیەکی هاتە گوێ، لە ترسا هەترەشی چووبوو. گێژو وێژ بووبوو، ونەیدەزانی چیبکات. فرۆکەکە سات بەسات لە فرۆکەخانەکە نزیکتر دەبووەوە. ئەویش تا هێزی تیابوو باڵەکانی بە یەکدا دەداو بە هەزار حاڵ توانی لەو دەمەیدا کە فرۆکەکە گەییە ئەوێندەر ، تۆزێ لەوێ دووربکەوێتەوە. ئەگەر چەند ساتێك دێرتر لەوێندەر دوورکەوتباوە، بێگومان فرۆکەکە لێی دەدا. جا ئەم کارە هەم بۆ خودی ئەو و هەم بۆ فرۆکەکەو نەفەرەکانی ناوی خەتەر و ترسناك بوو. بۆیە بێچووە هەڵۆکە بریاری دا چیتر لە فرۆکە و فرۆکەخانان نزیك نەکەوێتەوە تا گیانی خۆی و خەڵکی نەخاتە مەترسی و خەتەرەوە..

## ٦١- هاوڕێکەی چانگلی

چانگلی. خوویەکی زۆر خراپی هەبوو. هەرجارێك کەسێك هەڵەو عەیبەکانی پێگوتبا، زویر دەبوو. زۆر دڵناسك بوو. بۆیە کەس حەزی بە هاورێیاتی نەدەکرد. ئاوێنەیەکی باڵانمای گەورەیان لە ماڵەوە هەبوو. هەرکاتێ جلی لەبەرکردبا دەیتوانی لەو ئاوێنەیەدا تەمەشای خۆی بکا. بڕیاری دا کە ببێ بە هاورێی ئەو ئاوێنەیە. بەڵام وەکو هەمیشە کەوتە بیانووگرتن و بە ئاوێنەکەی گوت: **" کاتێ کە من دەگریم تۆ بە ناشیرینی نیشانم دەدەی.کە بەیانیان لە خەو ڕادەبم شپرزەو گرژو مۆن و پیس و پۆخڵم نیشاندەدەی، سەرباری ئەمەش دەتەوێ دۆستایەتیت دەگەڵ بکەم؟!"**

بەیانییەکی زوو دایکی چانگلی بۆ شت کڕین بۆ بازار چووبوو. چانگلی کە لە خەو ڕابوو دایکی نەبینی. دەبوایە خۆی دەستو چاوی بشوات و جلەکانی بە ڕێك و پێکی و پاك و خاوێنی لەبەر بکات.کە جلەکانی لەبەرکرد، لە ئاوێنەکەدا تەمەشای خۆی کرد، لایەکی بلوزەکەی لە لایەکی بەرزتر بوو. ئاوێنەکە گوتی: **" قۆپچەکانت بەرز و نزم داخستووە."**

چانگلی پەی بە هەڵەکەی خۆی برد و دووگمەی بلوزەکەی چاککردەوە.کڵاوەکەی نایە سەری و تەمەشای ئاوێنەکەی کرد. شتێك لەبەرچاوی سەمای دەکرد. پەتی کڵاوەکەی بوو. دیسان ئاوێنەکە پێی گوت دەبێ کڵاوەکەت وەرچەرخێنی تا پەتەکەی بکەوێتە دواوە. پانتۆڵەکەی لە پێکرد. بەڵام هەستی بە نارحەتی دەکرد، کە لە ئاوێنەکەدا سەیری خۆی کرد، ئاوێنەکە پێی گوت پانتۆڵەکەی بەرووپشت لە بەرکردووە.

بەمجۆرە چانگلی جلەکانی بە ریّك و پیّکی لەبەرکرد. دایکی کە لە بازار گەرایەوە و چانگلی بەو حاڵەوە بینی زۆر خۆشحاڵ بوو. چانگلی-ش خۆشحاڵ بوو کە بە کۆمەکی ئاویّنەکە جوان خۆی گۆڕی بوو.. ئیدی لەوە بە دواوە بوو بە هاوڕێی ئاویّنەکە و هەر کەسێك هەڵەو عەیبەکانی پێگوتبا و بۆ راستکردباوە، بە ریّزەوە قەبووڵی دەکرد و ئیدی ڕەنجان و تۆران و دڵناسکی تەرککرد.

## ٦٢- سوودی دەست و پێ

ڕۆژێ کۆمەڵێك بێچوولەی باخی گیانداران لەوانە: بێچووە فیل، بێچووە دۆلفین، بێچووە مەیموون وبێچووە شێری دەریایی بریاریان دا بچنە سەیران. بە کۆمەڵ بە گردۆلکاندا ڕەتبوون،جووتیارانیان بینی کە بە خرماشەو داس زەوی ئامادە دەکەن بۆ تۆو دان. بە جەنگەڵاندا رۆیین و سەیریان کرد کریّکاریّکی زۆر خەریکی بڕینەوەی هەندێ لە دارو درەختانی جەنگەڵەکەن و یەجگار سەرقاڵی کارن. بە قەراخ دەریادا تێپەرین و سەیریانکرد کە ڕاوچییانی ماسی خەریکی ڕاوە ماسین. بێچووە فیلەکە روویکردە هاوریّکانی و گوتی: **"تەمەشا بزانن مرۆڤ بە کۆمەکی دەستەکانیان کاری زۆر گرینگ ئەنجام دەدەن.ئایا ئێمەش دەتونین هەندێ کاران بکەین؟ "**

بێچووە مەیموونەکە پێکەنی و گوتی: **"هەڵبەتە کە دەتوانین، تەمەشای من بکە."**

ئەوجا بە هەردوو دەستی لقەداریّکی شکاندو فریّی دایە ناو ئاوەکەو بازیّکی داو سەرکەوتە سەر درەختەکەو نارگیلیّکی کردەوەو هیّنای. بێچووە شیّرە دەریاییەکەش پێکەنی و گوتی: **" ئیستا نۆرەی منە."**

ئەوجا بازێکی داو خۆی بە ئاوەکەدا کرد. دوای تۆزێك بە سەدەفێکەوە هاتە دەرێ ،سەدەفەکەی کردەوەو دەستی بە خواردنی ناوەخنەکەی کرد.

دۆلفین گوتی: **"منیش دەتوانم بە کۆمەکی بەدەنم خواردنی خۆم بە ئاسانی پەیدا بکەم."**

ئەوجا بازێکی دایە ناو ئاوەکەو کۆمەڵێك ماسی هێناو یەك یەك خواردنی.

بێچووە فیلەکەش بۆ ئەوەی لەبەرچاوی هاوریّکانی خۆی بنوێنێ و پێیان نیشان بدات کە توانای ئەنجامدانی چ کارگەلێکی هەیە، بە خورتومەکەی میوەی لە درەختەکان دەکردەوەو دەیخوارد. ئەوجا روویکردە هاوریّکانی و گوتی: **"هەموو بوونەوەران دەتوانن بە یارمەتی دەست و لاقیان هەندێ کار ئەنجام بدەن. هەڵبەتە بەشەر لە هەمووان باشتر و زیاتر دەتوانن کاری جۆراوجۆر ئەنجام بدەن..**

## ٦٣- پاراستنی گەمەکان

پـوری (نینگلـی) تـازە ئوتـۆمبیلێکی بـۆ کـڕی بـوو. نینگلـی زۆری دڵ پێخـۆش بـوو و خۆشـی دەویسـت.بـەڵام نینگلـی خوویـەکی خراپـی هـەبوو : زۆر زوو تاقـەتی لـە گەمـەکانی دەچـوو، ماوەیەکی کەم یاری پێدەکردن و لە لایەکەوە فڕێی دەدان!

ڕۆژێ نینگلـی، هاوڕێکـەی دەعوەتکرد کـە بـۆ مـاڵی ئـەوان بێـت و پێکـەوە یـاری بکـەن. دوای ماوەیـەك کـە یارییـان بـە گەمـەکان کـرد، نینگلـی ڕوویکـردە هاوڕێکـەی گـوتی مـن گەمـەکانم خۆشناوێن و هیچیان بۆ من تازە نین. ئەگەر تۆ حەزیان لێدەکەی دەتوانی بۆ خۆتیان ببـەیت. من داوا لـە دایکـم دەکـەم تـا گەمـەی تـازەم بـۆ بکڕێـت. هەرکـە نینگلـی لـە قسـەکانی بـووەوە، هـەموو گەمـەکان بـە ئوتۆمبیلـە تازەکەشـەوە کەوتنـە جـم و جـوڵ و حەرەکـەت. سـات بـە سـات خێراتـر دەبوون. نینگلی و هاوڕێکەی زۆر ترسان، یەکسەر داپیرەیان کە لە ژوورەکەی تەنیشت ئەوانـەوە بوو، بانگکرد و داوای یارمەتیان لێکرد. داپیرە بە هەڵـە داوان بـۆ ژوورەکـەی ئـەوان هـات، کـە ئـەو وەزع و حاڵەی بینی پێکەنی و بە نینگلی گوت: **" دەبێ تۆ گەمەکانت توڕە کردبێت، ئەگینا هیچ کاتێك نەیاندەتوانی بکەونە جم و جوڵ!"**

نینگلی کە لە ترسا خۆی بە دیوارەکەوە نووسان بوو، ودەیڕوانییە ئوتۆمبیلە تازەکەی کـە بـە ناوەندی ژوورەکەدا دەسووڕایەوە وگوتی: **"بەڵێ، بەڵێ بێگومان لە قسەی من توڕە بوون، چونکە من گوتم حەزیان لێناکەم، خۆشم ناوێن."**

داپیرە گوتی: **"هەرکەسێك گەمـەی خـۆی خـۆش نـەوێن، گەمەکانیش ئـەویان خۆشـناوێ. خـۆ ناکرێ دایك و باوکت هەمیشە و بەردەوام هەر گەمەی تازەت بۆ بکڕن و تۆ دوای ماوەیەك توڕیان بدەیت. مرۆڤ دەبێ هەموو کاتێك قەدری ئـەو شـتانە بزانێـت و بگرێـت کـە بـۆی دەکـڕن. پـارە بـە ڕەنجـی شـان پەیـدا دەکرێـت. زەحمـەتی زۆری دەوێ. بۆیـە نابێـت چاوەڕوانی ئـەوە بیـت کـە بـە ئاسانی ئەو پارەیە بۆ کڕینی گەمەی جۆراوجۆر بۆ تۆ و منداڵەکانی دی خەرج بکرێت."**

هەنگێ نینگلی پەی بە هەڵە گەورەکەی خۆی برد، داوای بوردنی لـە گەمـەکانی کـرد و داوای لـە هاوڕێکـەی کـرد کـە هـەرکاتێ حـەزیکرد دەتـوانێ بـۆ مـاڵی ئـەوان بێـت و یـاری بـە گەمـەکانی ئـەو بکەن..ئیدی لەوە بە دواوە بە تەواوەتی پارێزگاری گەمەکانی دەکرد.

## ٦٤- بێچووە ورچ و هاوڕێکانی

بێچووە ورچێك چووبووە سەر چیایەك سـەلەیەکی زۆر گـەورە هـەرمێی دەگـەڵ خـۆی هێنـابوو. مەڕێکی میهرەبان دراوسێی بوو، ناوی (خوانگشـن) بـوو، قەرتاڵـەیـەك هـەرمێی بـە دیـاری بـۆ بـرد.

که دیارییەکەی دایە دەستی، بە ئەسپایی پێی گوت: " **ئەمە دیارییە بۆ تۆ بەڵام با ئەوانی دی پێی نەزانن!**"

خوانگشن کە حەپەسابوو هیچی نەگوت. بە دیارییەکە خۆشحاڵ بووبوو، بەڵام لەوە نارەحەت بوو کە داوای لێکردبوو با ئەوانی دی نەزانن.

بێچووە ورچەکە،قەرتاڵەیەکی دیکەشی لە هەرمێ پڕکرد و بۆ دراوسێیەکی تری برد.ئەویش مەرێکی میهرەبان بوو، ناوی (خیشن) بوو. کە دیارییەکەی دابوویێ بە ئەسپایی پێی گوت کە هەرمێکان بخوات و بە هیچ کەسێك نەڵێت. خیشن –ش سەری سووڕما و لەوە نارەحەت بوو کە نابێ بە دۆستەکانی دیکەی بڵێت.

بێچووە ورچ دیسان قەرتاڵەیەکی لە هەرمێ پڕ کرد و بۆ هاورێیەکی هاوبەشی دیکەیانی برد کە ناوی (بیشن) بوو. هەمان قسەی پێشووی بەمیش گوت.

چەند رۆژێك بەسەر ئەم بەسەرهاتەدا بوری، بێچووە ورچ ئەمجارەیان چووە سەر چیاو سەلەیەکی گەورەی پڕ لە پڕتەقاڵی لە گەڵ خۆیدا هێنایەوە. رێك وەکو جاری پێشوو قەرتاڵەیەکی لە پڕتە قاڵ پڕکرد و بردی بۆ خوانگشن و پێی گوت: "**ئەمە دیارییە بۆ تۆ، بەڵام با کەس نەزانێت!**"

ئەمجارەیان خوانگشن ،بە نیگەرانی پێی گوت: "**واچاکە ئەم یارییە بۆ ئەوانی دی ببەی!**"

بێچووە ورچ قەرتاڵەکەی بۆ خیشن برد و گوتی: "**ئەمە دیارییە بۆ تۆ، بەوانی دی..**"

خیشن نەیهێشت قسەکەی تەواو بکات، بە تورەیی گوتی: "**ئەم دیارییە بۆ ئەوانی دی ببە!**"

بێچووە ورچ قەرتاڵە پڕتەقاڵی بردو رۆیی بۆ لای دراوسێی سێیەم، بیشن. هەمان وەڵامی دووەکەی تری لە ئەمیش وەرگرت..بۆیە قەرتاڵەکەی هەڵگرت، سەری داخست و بۆ ماڵ گەرایەوە..بەڵام نەیدەزانی بۆچی هەرسێ دراوسێکەی بەوجۆرە رەفتاریان لەگەڵ کرد. لەپڕ بیرۆکەیەکی بە مێشکدا هات ، مێزێکی جوانی دانا و هەموو میوەکانی لەسەر ریزکرد، ئەوسا چوو بە دوای هەرسێ دراوسێکەیدا و دەعوەتی کردن کە پێکەوە بۆ ماڵی ئەو بچن و هەموو پێکەوە میوە بخۆن. دراوسێکانیشی بە خۆشحاڵییەوە قەبووڵیان کرد، هەموو پێکەوە لە دەوری مێزەکە دانیشتن و میوەیان خوارد. بێچووە ورچەکە تێگەیی کە پێکەوەبوون زۆر باشترە لەوەی دۆستەکانی بە هەڵەدا بەرێ و تەفریقەو ناکۆکیان بکەوێتە بەینەوە..

## ٦٥- ماسی ڕەنگاو ڕەنگ

بێچووە ورچ، بۆ وازی و یاری چوو بۆ ماڵی بێچووە مەیموونی هاورێی. لە ماڵی هاورێکەیدا کۆمەڵێك ماسی رەنگاو رەنگی جوانی بینی. قرمز، سپی، زەرد، بە کورتیەکەی ئاشقی ماسییەکان بوو.

بێچووە ورچ، کاتێ بۆ ماڵ گەڕایەوە بڕیاری دا کە ئەویش ماسی بەخێو بکات. بابی پێی گوت: **"ماسی بە خێوکردن هەلومەرجی خۆی هەیە. خواردنی تایبەتی گەرەکە. دەبێ بەردەوام ئاوەکەیان بگۆڕیت، ئەوەندەش ئاسان نییە وەکو تۆ تەسەور دەکەی."**

بێچووە ورچ وەڵامی دایەوە : **" ئەمە گرینگ نییە، خۆراکی تایبەتیان بۆ دەکرم. بەردەوام ئاوەکەیان دەگۆڕم. باوکە گیان بێزەحمەت تۆ چەند ماسییەکی چکۆلەم بۆ بکرە و هەقت نەبێت."**

بابی هیچ چارەیەکی نەما، ئەنجام بڕیاری دا لە بازاڕ چەند ماسییەکی بۆ بکڕێت. ئەوەبوو چوار ماسی گەش و زیتەڵی بۆ بێچووەکەی کڕی.

هەفتەیەک بوری. پاش نیوەڕۆیەک بێچووە ورچ لە قوتابخانە بۆ ماڵ گەڕایەوە، کە تەمەشای ماسییەکانی کرد، بینی سکیان ئاوساوە وچیوای نەماوە بمرن. بێچووە ورچ دەستی بە گریان کرد، هێدی هێدی فرمێسک بە چاوانیا هاتنە خوارێ. لە ناکاودا بێچووە مەیموونەکەی هاوڕێی بیرکەوتەوەو یەکسەر چوو بە دوایدا و تکای لێکرد فریای بکەوێت و یارمەتی بدات.

بێچووە ورچ پێی گوت : **" کاتێ کە لە قوتابخانە بۆ ماڵ گەڕامەوە، سەیرم کرد هەموویان لە حاڵی مردندان، لە کاتێکا کە بەیانی بۆ قوتابخانە دەچووم، هەموویان حاڵیان باش بوو."**

بێچووە مەیموون بە وردی تەمەشای ئاوەکەی کردن، زۆر خاوێن بوو، ئەدی چی بووە، بۆچی وایان بەسەر هاتووە؟ بەهەرحاڵ داوای لە بێچووە ورچەکە کرد تا باش بیر لە یەک دوو رۆژی رابردوو بکاتەوە.

بێچووە ورچەکەش بە دەم بیرکردنەوەوە گوتی: **"دوێشەو من و دووان لە هاورێکانم پێکەوە مەشقەکانمان دەنووسییەوە، دوای ئەوە من سەیرێکی ماسییەکانم کرد و چونکە خواردنیان نەبوو، بڕێک خواردنی تایبەتیم بۆ کردنە ئاوەکەوە، بەڵام هاورێکانم هیچیان بۆ نەکردنە ئاوەکەوە. ئەمڕۆکە بەیانی، من بۆ یەکەمجار ویستم ئاوەکەیان بگۆڕم، جاران باوکم ئاوەکەی دەگۆڕین، بەڵام چونکە پەلەم بوو کە زوو بۆ قوتابخانە بڕۆم و درەنگ نەکەوم، ئیدی بۆ ئەوەی نەخۆش نەکەون، ئاوی کوڵاوم بۆ لە حەوزەکە کردن و بۆ قوتابخانە رۆییشتم."**

بێچووە مەیموونەکە کە گوێی لە دوا ڕستەی بێچووە ورچەکە بوو پێکەنی و گوتی: **"یانی دەتویست بە ئاوی کوڵاوی ساردەوە بوو، ماسییەکان نەمرن؟"**

بێچووە ورچەکە بە سەرسامی گوتی: **" بۆچی؟ باشە ئاوی کوڵاوی ساردەوە بوو لە ئاوی ئاسایی باشتر و پاکتر نییە؟"**

بێچووە مەیموون وەڵامی دایەوە: **" کاتێ ئاو بکوڵێت بەشێکی زۆر لە مادەو پێکهاتەکانی ناوی دەفەوتێن و ئۆکسجینی ئاوەکەش نامێنێت، تۆ بەو کارەت لە ڕاستیدا ماسییەکانت لە خواردنی خۆیان، یانی لە ئاو وهەواکەی ناو ئاوەکە مەحرووم کردووە. بۆیە دووچاری کێشەی کەمی هەواو گەردیلە وردەکانی ناو ئاوەکە بوون."**

بێچووە ورچ ئەوسا زانی کە چی ڕوویداوە، قسەکانی بابی بیرکەوتنەوە کە دەیگوت: **"ماسی بەخێوکردن هەلومەرجی خۆی هەیە و نابێت پشتگوێ بخرێت. "**

## ٦٦- کەروێشکی میهرەبان

کەروێشکێك لە لێرەواردا دەژیا کە بە مێریڤانی بە ناوبانگ بوو.بەڵام هەندێ لە گیانلەبەرانی لێرەوارەکە بە تایبەتی ڕێوی، بەردەوام گاڵتەیان پێدەکرد وپێیان خۆش نەبوو کە یارمەتی هەموو گیانلەبەرەکانی دی دەدا. بەڵام کەروێشکی میهرەبان بێئەوەی گوێ بە قسەی ڕێوی یان ئەو گیانلەبەرانەی وەکو رێوی بیریان دەکردەوە بدات، هەمیشە میرەبانی دەگەڵ ئەوانی تردا دەکرد و درێغی لە یارمەتی دانی گیانلەبەرانی دی نەدەکرد

ڕۆژێ مام ریوی لێبڕا کە تەمێ خواردووی بکات و بۆی بسەلمێنێت کە نابێت لەگەڵ گیانلەبەرانی دیدا میهرەبان بێت. بۆیە چوو بۆ لای کیسەڵ و گوتی: **" تۆ بە چ ئەقڵێك دۆستایەتی کەروێشك دەکەی، خۆ لێبڕاوە شەوانە بێتە ماڵەکەی تۆ و چەند دانەیەك لە بێچولەکانی تۆ بگرێت و بیانبات و بیانخوات."**

ئەوسا چوو بۆ لای مەیموون و گوتی:**" تۆ چۆن دۆستایەتی کەروێشك دەکەی، گوایە نەتزانیوە بە تەمایە بە سەر ماڵەکەتدا بدات و هەرچی ئازووقەت هەیە بیدزێت."**

کیسەڵ، دوای ئەوەی ڕێوی رۆیی، باش بیری لە قسەکانی مام ڕێوی کردەوەو چونکە دەیزانی کە کەروێشك کەسێکی میهرەبانە، لێبڕا بچێ بۆ لای کەروێشك و هۆی ئەم نیازەی لێ بپرسێت..
مەیموونیش زۆری پێ سەیر بوو کە کەروێشکی میرەبان چاوی بڕیبێتە ئازووقەکەی ئەو، وای بە باش زانی بچێت بۆ لای و هۆی ئەمەی لێ بپرسێت.

ڕێویش خۆشحاڵ بوو بەوەی کە دوو دۆستی لە کەروێشکەکە هەڵگەڕاندووەتەوەو دڵی کرمێ کردوون. دڵنیا بوو کە ئەو دووانە دەچنە سەر کەروێشك..وای بیردەکردەوە کە کەروێشکیش لە ڕەفتاری ئەوان نارەحەت دەبێت و ئیدی ئەوەندە بە خەمی خەڵکییەوە نابێت. بڕیاری دا بچێ لە پشت درەختەکانەوە خۆی مەڵاس بدات و تەمەشای ئەوان بکات.

کەروێشکی بەستەزمان کە ئاگای لە مەحموودی بێ زەواد نەبوو، لە ماڵەکەی خۆیدا دانیشتبوو و خواردنی بە بێچووەکانی دەدا، لە پڕ کیسەڵ بە تورەیی خۆی بە ژووردا کرد.کەروێشك بە خۆشحاڵی بە پیرییەوە چوو، وخوڵکی کرد کە خواردنیان لەگەڵ بخوات. لەم کاتەدا مەیموونیش هات. کەروێشك ئەویشی خوڵك کرد کە دانیشێت و خواردنیان لەگەڵ بخوات.بەخۆیشی یەکسەر چوو بۆ عەماری ماڵەکەی خوارنی دڵخوازی کیسەڵ و مەیموونی هێنا. هەم کیسەڵ و هەم مەیموون بە سەرسامی تەمەشایان دەکرد و ئەنجام تورەبوونەکەیان ڕەوییەوەو بە هێمنی باسی دیداری خۆیان دەگەڵ ڕێوی دا بۆ گێڕایەوە.. کەروێشکی میهرەبانیش بۆی روونکردنەوە کە هەرگیز نیازی خراپی نەبووەو نییە.بەمجۆرە هەموویان بەدەم خواردنەوە کۆڕی دەمەتەقێ و پێکەنینیان گەرم کرد.

ڕێویش لە پشت درەختەکانەوە تەمەشای دەکردن. سەیری کرد ئەوانە لە جیاتی شەڕو هەرا، پێکەوە دانیشتوون و خواردن دەخۆن و دۆستی گیانی بە گیانی یەکترن، ئیدی نائومێد بوو، بە

تەریقی سەری داخست و لەو ناوە دوورکەوتەوەو تێگەیی کە هەمیشە میهرەبانی بەسەر بەدکاری و ناڕەسەنیدا زاڵ دەبێت.

## ٦٧- قەڵەم بۆیە

سونیا، زۆری حەز لە نیگارکێشی بوو. دایکی تازە پاکەتێك قەڵەم بۆیەی بۆ کڕی بوو. عەسرانێك بڕیاری دا کە بۆ ماڵی هاورێکەی بڕوات و پێکەوە نیگارکێشی بکەن. کە گەییە ماڵی هاورێکەی ، داوای لێکرد تا تۆزێ پێکەوە نیگارکێشی بکەن. ڕەسمێکی زۆریان کرد، بە تایبەتی کە قەڵەم بۆیەکانی سۆنیا هەموو ڕەنگێکیان تیا بوو، دەیانتوانی نیگاری جوانتر بکێشن. دوای سەعاتێك لە نیگارکێشی و ڕەسم کردن، سونیا بە هاورێکەی گوت کە درەنگەو دەبێ بۆ ماڵ بڕواتەوە تا دایکی نیگەران نەبێت. شتەکانی کۆکردەوەو خوداحافیزی لە هاورێکەی کرد وبۆ ماڵ گەرایەوە.

سبەی بەیانی سۆنیا لە خەو ڕابوو، خۆی ئامادەکرد بۆ قوتابخانە بڕوات. خوداحافیزی لە دایکی کرد و بۆ قوتابخانە رۆیی.ئەو رۆژە وانەی نیگارکێشیان هەبوو، و سۆنیا کە زۆری حەز لە نیگارکێشی دەکرد خۆی ئامادەکردبوو تا بە کۆمەکی قەڵەم بۆیەکانی ڕەسمێکی یەجگار جوان بکێشێت. بەڵام پاکەتە قەڵەم بۆیەکە لە جانتاکەیدا نەبوو. لەپڕ ڕەنگی هەڵبزرکا.زۆر نیگەران بوو بوو،و نەیدەزانی چیبکات. لە ناکاو بیری کەوتەوە کە دوێنێ چوو بوو بۆ ماڵی هاورێکەی. هاورێکەی لە ڕەحلەیەکی دوو ریزی دوای ئەوەوە دانیشتبوو، سونیا یەکسەری ئاوڕی پشتەوەی دایەوەو بە ئەسپایی بە قوتابییەکەی پشت خۆیەوەی گوت کە بە هاورێکەی بڵێ سونیا داوای قەڵەم بۆیەکانی دەکات. بەڵام هاورێکەی سونیا گوتی لەلای ئەو نییە و سونیا دوێنێ لەگەڵ خۆیدا بردویەتیەوە. سونیا خۆی پێنەگیراو بە دەنگی بەرز هاواری کرد: **"تۆ دزی ، تۆ پاکەتە قەڵەم بۆیەکەم نادەیتەوە!"**

هاوڕێکەی سونیا کە لە شەرما سەری داخستبوو هیچی نەگوت. مامۆستا کە گوێی لە هاواری سونیا بوو، چوو بەلایەوەو پێی گوت کە لە جیاتی هاوارکردن واباشترە یەکەمجار جانتاکەی خۆی باش بگەڕێ و پاشان کە بۆ ماڵ ڕۆیشتەوە، ماڵەوەی بۆ بگەڕێ.چونکە تاوانبارکردنی خەڵی کارێکی زۆر خراپە.

سونیا، کە بۆ ماڵ گەڕایەوە یەکسەر چوو بۆ ژوورەکەی خۆی، چونکە دایکی لە ماڵ نەبوو، بە کەیفی دڵی خۆی هەموو ژوورەکەی دا بە یەکا. دایکی سونیا نزیکەی سەعاتێك دوای نیوەڕۆ گەڕایەوە، هەرکە وەژوورکەوت یەکسەر سۆنیای گازکرد. سونیا کە زۆر گریا بوو، خێرهاتنەوەی

دایکی کرد، لەپڕ لە سەرسامیدا وشك بوو، پاکەتە قەڵەم بۆیەکە بە دەست دایکییەوە بوو. دایکی بۆی گێڕایەوە کە سونیا چووە بۆ قوتابخانە، خانمی هاوسێیان پاکەتە قەڵەمەکەی بۆ هێناونەتەوە. گوتوویەتی کە لە کۆڵاندا دۆزیویەتیەوە. سونیا هەم خۆشحاڵ بوو وهەم نیگەران. چونکە بە بەرچاوی هەموانەوە بوختانی بە باشترین هاورێیدا کردبوو. بۆیە هەموو شتێکی بۆ دایکی گێڕایەوەو داوای لە دایکی کرد کە لە گەڵیا بۆ ماڵی هاورێکەی بڕۆن و داوای بوردن لە هاورێکەی بکات، وبەڵێنی بە دایکی دا کە ئیدی بوختان بە کەسدا نەکات، وسبەی بەیانی لە قوتابخانەو بە بەرچاوی هەموو قوتابییەکانەوە عوزرخوایی لە هاورێکەی بکات، تا بۆی ببێت بە دەرسێك کە هەرگیز لە بیری نەکات..

## ٦٨ – بێچووە فیل

بێچووە فیلێك دەگەڵ دایك و باوکیدا لە لێرەوارێکی سەزو خۆشدا دەژیان.بێچوو فیل زۆربەی کات لەگەڵ دایکیدا دەچووە گەشت وگەڕان. ڕۆژێك دایکی پێی گوت نابێ لەگەڵ ئەودا بۆ گەڕان بڕوات.پێویستە هەندێجار بە تەنیا بۆ گەشت و گەڕان بڕوات و فێرببێت چۆن لە لێرەوارو جەنگەڵاندا کێشەو گرفتەکانی خۆی چارەسەر بکات. ئاقیبەت بەیانییەك فیل بە بێچووەکەی گوت دەیەوێ بۆ ئەو دیوی چیا بڕوا تا سەردانی خوشکەکەی، کە تازە بێچووی بووە، بکات. بۆیە دەبێ ئەو، هەر خۆی، بە تەنیا دوو سێ ڕۆژێك بەسەر بەرێت. باوکیشی لەگەڵ دایکیا دەڕۆیی. ئیدی کاتی ئەوە هاتبوو بێچووە فیلەکە بە تەنیا ژیان لە لێرەوارەکەدا تاقی بکاتەوە.

دوای ڕۆیشتنی دایکە و باوکە، بێچووە فیلیش بڕیاری دا بۆ گەڕان ڕوو لە کەنار دەریا بکات و لەوێ کەمێك مەلە بکات. لە ڕێگەدا تووشی کەروێشکێکی قۆشمە بوو. کەروێشك کە فیلەی بینی دەستی بە پێکەنین کرد و گوتی: **"ئەوە چییە لە جیاتی کەپوو بە سەروچاویانەوە ناویت. بۆی ئەوەندە گەورەیە؟"**

بێچووە فیل، کە پەست بووبوو، بە ئەدەبەوە بە کەروێشکەکەی گوت ئەوە خورتومی پێدەڵێن و لە شت خواردن و لە ئاو خواردنەوەدا یارمەتیەکی زۆری فیل دەدات.

کەروێشکەکە، نەزاکەت و ئەەبەکەی فیلی زۆر چووە دڵەوە و پێی گوت کە تەنیا ویستوویەتی تاقی بکاتەوە، وچونکە فیلێکی بە ئەدەبە دەتوانێ دۆستایەتی لەگەڵ زۆر حەیواناتدا بگرێت. هەر واش دەرچوو.تا دایك و باوکی گەڕانەوە، دۆستایەتی لەگەڵ گەلێك لە گیانلەبەرانی لێرەوارەکەدا گرتبوو، هەموان ستایشی ئەدەب و نەزاکەتی بێچووە فیلەیان دەکرد. باوك و دایکیشی زۆر دڵیان پێی خۆش بوو.

## ٦٩- منداڵە باشەکانی گەڕەك

(سونشن) لە گەڕەکدا دۆست و هاوڕێیەکی زۆری هەبوو. هەموویان منداڵی باش بوون. حەزیان دەکرد یارمەتی گەورەکانی خۆیان بدەن. لە وەرزی پاییزدا بە هەرەوەزی گەڵاو خاشاکی دارو درەختانیان کۆدەکردەوە، لەزستاندا ئەگەر ماڵێك پێویستی بە نەوت بوایە، دوای دەوامی قوتابخانە بە کۆمەڵ دەرۆییشتن و نەوتیان بۆ ئەو ماڵە پەیدا دەکرد و دەهێنا.لە بەهاردا بەردەم ماڵەکانیان ئاوپرشێن دەکرد و لە باخەکاندا گوڵیان دەڕواند. لە هاویندا هەوڵیاندەدا کە دوا نیوەڕوان هەراو زەنا بەرپا نەکەن و بێڵن خەڵکی ماڵەکان بە ئیسراحەت بنوون. گەورەکانی گەرەك هەموویان لە منداڵەکان رازی بوون. بۆیە بڕیاریان دا سەرو دیاری بۆ هەموو منداڵەکان بکڕن. هەڵبەتە منداڵەکان ئاگایان لەم مەسەلەیە نەبوو ،وبەردەوام یارمەتی دانیشتوانی گەڕەکیان لە کاروبارەکانیاندا دەدا.باوکی سونشن لە لایەن هەموو دانیشتوانی گەرەکەوە کرا بە بەرپرسی کڕینی دیاریەکان. ئەویش بۆ هەر یەکێك لە منداڵەکان و بە گوێرەی تەمەنی هەر یەکێکیان، دیارییەکی هەرزانبایی کڕی.

دەمسپیانی گەڕەك دەیانویست منداڵەکان فێری ئەوە بکەن کە مەرج نییە دیاری هەر گرانبەها بێت.بەمجۆرە بەر لەوەی قوتابخانەکان بکرێنەوە، عەسرانێك هەموو منداڵەکان و دایك و باوکیان لە کۆلاندا کورسییان ڕیزکرد و کۆڕێکی گشتیان سازکرد. ئەوسا ناوی منداڵەکانیان یەك یەك خوێندەوەو چەپڵەیان بۆ لێدان و سەرو دیارییان دانێ. بە بۆچوونی دایکان و باوکان و منداڵەکان، گەڕەکی ئەوان یەکێك بوو لە گەڕەکە هەرە باشەکان.

## ٧٠- چەندت پاککرد، ئەوەندە دەخۆیت

پێشوەختە نیوەرۆژەو فراڤینی رۆژێکی پشوو دیاریکرابوو. سوپی بە تامی ماش لە گەڵ برنج و کەلەرم. شوان زۆری حەز لە سوپی ماش دەکرد. بۆیە کاتێ کە دایکی بە بڕێك ماشەوە کە لە بازاڕ کڕی بووی، بۆ ماڵ گەڕایەوە، شوان بە خۆشحاڵییەوە بە دایکی وت: " **دایکە منیش لە گەڵتا پاکی بکەم؟**"

دایکە پێکەنی و گوتی: "**بەڵێ**."

شوان پێشنیازی کرد کە پێشبڕکێ بکەن و بە دایکەی گوت: " **کێ چەندی پاککرد ئەوەندە بخوات.**"

دایکی سەرێکی بۆ لەقاندو بە دووقۆڵی کەوتنە پاککردنی ماشەکە: **"ئیهە، ئەمە چییە؟ کرمێکی سەوزە..چۆن خۆی لە ناو توێکڵی ماشەکە شاردووەتەوە."**

ئەوسا شوان کرمەکەی هەڵگرت و لە عاردی دانا و بە دەم یاریکردن بە کرمەکەوە گرەوەکەی هەر لە بیر نەما.

دایکە هەر خەریکی پاککردنی ماشەکە بوو. شوانیش لە بەینی ماشەکاندا بۆ دۆستەکانی دیکەی کرمە سەوزەکە دەگەڕا. دوای گەرانێکی زۆر کرمێکی سەوزی دیکەی دۆزییەوە، بە خۆشحاڵییەوە هەردوو کرمەکەی لە عاردی دانا تا پێشبڕکێ لە گەڵ یەکتردا بکەن، بەڵام هەر یەکێك لە کرمەکان حەزی دەکرد بە لایەکدا بڕوات.بەرە بەرە شوانیان توڕە کردبوو. ئەنجام دوای یارییەکی زۆر هەستی بە برسیەتی کرد و بۆنی خۆشی سوپ و برنج بە تەواوەتی بە ماڵەکەدا بڵاو بووبووەوە. ئەو رۆیی تا دەستەکانی بشوات و دایکەش مێزی نانخوارنەکەی ئامادە دەکرد.

کاتێ شوان لەسەر مێزەکە دانیشت، زۆر سەرسام بوو. قاپەکەی شوان لە جیاتی سوپی بەتام و لەزەتی ماش، دوو کرمی تیا بوو، و قاپەکەی دایکەش پڕبوو لە سوپی گەرمی..

**بۆچی دەبێ من کرم بخۆم؟** ئیستا بیرم کەوتەوە کە قەراربوو من ماش لەگەڵ دایکمدا پاکبکەم بەڵام.. شوان بە شەمەزاری سەری داخست. دایکی پێکەنی و گوتی: **" ئەدی تۆ نەتگوت هەرکەسە چەندی پاککرد ئەوەندە بخوات. تۆ تەنیا دوو کرمی گچکۆکەت پاککرد. بەڵام هیوادارم ئاگات لەوەبێ کە ئەندامانی خێزان دەبێ هاوکاری یەکتر بکەن."**

شوان بزەیەکی کەوتە سەر لێوان و بەڵێنی بە دایکی دا کە لە کارەکانیدا یارمەتی بدات و هەر لە خەیاڵی گەمە و لاساریدا نەبێت،ئەوسا لەگەڵ دایکیدا سوپە بە تامەکەیان خوارد..

***تێبینی: رۆژی ٢٠١١/١٠/١٦، لە سلێمانی، گەڕەکی رزگاری، سەعات یەك و نیوی پاش نیوەڕۆ لە پاچڤەی ئەم بەرهەمە بوومەوە کە لەم سەرچاوەیەوە کراوە بە کوردی:***

***قصەهای قبل از خواب برای بچەها (تابستان)***

***تالیف: جانگ شو***

***مترجم: مریم خرم ،ویراستار:*** مصطفی ***رحماندوست /تهران ، کویر، ١٣٧٥***

**حەمە کەریم عارف**

* کەرکووکییە و لە ساڵی ١٩٥١دا لەدایك بووە.

- لە ساڵی ١٩٧٥ کۆلێژی ئەدەبیاتی بەغدای تەواو کردووە.
- یەکەم بەرهەمی شیعریکە بەناوی ( هەڵبەستێکی هەتیو کەوتوو ) کە لە ژمارە ( ١٧٠ ) رۆژنامەی هاوکاری لە ٨/٦/١٩٧٣ بڵاوبووەتەوە.
- لە ساڵی ١٩٧٥ەوە بە بەردەوامی نووسین و بەرهەمی ئەدەبی بڵاو دەکاتەوە.
- سەرنووسەر یان بەڕێوەبەری نووسین یان سکرتێری نووسین یان ئەندامی دەستەی نووسەرانی ئەم گۆڤار و بڵاوکراوانە بووە: گۆڤاری گزنگی نووسەرانی کەرکووك، نووسەری کوردستان، کەلتوور، نووسەری کورد، گوڵانی عەرەبی، ئاڵای ئازادی تا ژمارە ٢٢٢، گۆڤاری نەوشەفەق.

* جگە لە ناوی خۆی، بە تایبەتی لە گۆڤاری گزنگی نووسەرانی کەرکووك، نووسەری کوردستان، کەلتوور، رۆژنامەی ئاڵای ئازادی تا ژ: ٢٢٢ بەناوی گۆڤەند، زنار، سیپان، پاکزاد، محەمەدی حاجی، سیروان عەلی، دیدار هەمەوەندی، هێژا، ح. ع ،هامون زێباری، با زەوان عەبدولکەریم بەرهەمی بڵاو کردووەتەوە.

*لە ساڵی ١٩٧٤ – ١٩٧٥دا پێشمەرگەی شۆڕشی کوردستان بووە، لە هەشتاکاندا بۆ ماوەی نۆ ساڵ، بێ وابەستەگی حیزبی پێشمەرگە بووە و وەکو بەشدارییەکی مەیدانی و ویژدانی لە خەباتی رەوای نەتەوەی کوردا شانازی پێوە دەکات و منەت بەسەر کەسدا ناکات، چونکە باوەڕی وایە کە رۆڵەی میللەتی مەزڵوم مەحکومە بە پێشمەرگایەتی.

- لە هەشتاکانەوە تا ٢٠/٨/٢٠١٠راستەوخۆ سەرپەرشتی و سەرۆکایەتی لقی کەرکووکی یەکێتیی نووسەرانی کوردی کردووە.
- زۆر بەرهەم و کتێبی چاپ و بڵاو کردووەتەوە، لێ زۆربەی هەرە زۆریان، بە تایبەتی ئەوانەی لە چیادا چاپ بوون بە نوسخەی هێندە کەم بڵاوبوونەتەوە، لە نرخی نەبوو دان و هەر ئەوەندەیە کە لە فەوتان رزگار بوون. هەندێك لە وانە:

١- تیرۆژ، کۆ چیرۆك، چاپی یەکەم ١٩٧٩

٢- کۆچی سوور، رۆمان، چاپی یەکەم،١٩٨٨،چاپی سێیەم ٢٠٠٧

٣- بەیداخ، چیرۆك، چاپی یەکەم ١٩٨٨

٤- داوەتی کۆچەرییان، کۆ چیرۆك ،چاپی دووەم ٢٠٠٥

٥- لە خۆ بێگانە بوون، کۆمەڵە چیرۆك،چاپی یەکەم (١٩٩٩) دەزگای گوڵان

٦- کوچ سرخ، کۆ چیرۆك، بە فارسی، وەرگێڕان چاپی یەکەم ١٩٨٧ شاخ

٧- نینا، رۆمان، سابت رەحمان، چاپی یەکەم،شاخ،١٩٨٥ چاپی سێیەم ٢٠٠٥

٨- نامۆ، رۆمان، ئەلبیر کامۆ، چاپی یەکەم، شاخ١٩٨٧چاپی چوارەم ٢٠٠٩ وەشانخانەی سایە،سلێمانی

٩- رێبەر، رۆمان، مەهدی حسین، چاپی یەکەم (شاخ) ١٩٨٣، چاپی دووەم، ٢٠٠٧

١٠-شکست، رۆمان، ئەلکساندەر فەدایەف، چاپی شاخ (راە کارگر)، چاپی دووەم، ٢٠٠٩ خانەی وەرگێڕان.

١١- هاوماڵەکان، رۆمان، ئەحمەد مەحمود، چاپی دووەم ٢٠٠٠ دەزگای گوڵان

١٢ – بێناسنامەکان، رۆمان، عەزیز نەسین، چاپی سێیەم ٢٠٠٦

١٣- قوربانی، رۆمان، هیرب میدۆ، چاپی یەکەم ٢٠٠٤ دەزگای شەفەق

١٤- دوورە وڵات، رۆمان ع. قاسموف، چاپی یەکەم٢٠٠٠ دەزگای گوڵان

١٥- ئازادی یا مەرگ، رۆمان، کازانتزاکیس، چاپی یەکەم ٢٠٠٣ کتێبخانەی سۆران، چاپی دووەم: ٢٠٠٨

١٦- چیرۆکەکانی سەمەدی بیهرەنگی، چاپی دووەم، ٢٠٠٤ کتێبخانەی سۆران هەولێر

١٧- ئامانجی ئەدەبیات. م. گۆرکی، چاپی شاخ ١٩٨٥

١٨- ئەو رۆژەی کە ونبووم (کۆمەڵە چیرۆکی بیانی) چاپی یەکەم، ٢٠٠٦

١٩- جێ پێ (کۆمەڵە چیرۆکی فارسی) چاپی یەکەم ٢٠٠٦،نووسەرانی کەرکوك

٢٠- زندە خەون، کۆمەڵە چیرۆك، چیخۆف، چ١،دەزگای موکریانی

٢١- چیرۆکستان ،کۆمەڵێك دەق ورەخنەی جیهانی چ١ ،٢٠٠٥،نووسەرانی کەرکوك
٢٢-دیدارو دەق و رەخنە، چ٢٠٠٥،١
٢٣-دیداری چیرۆکڤانی، چ٢٠٠٥،١
٢٤-ئەو بەرخەی کە بوو بە گورگ ،چ٢٠٠٨،١نووسەرانی کەرکوك
٢٥- میوان، چیرۆك،ئەلبێر کامۆ

---

٢٦- مەسەلەی کورد لە عێراقدا،عەزیز شەریف،چاپی دووەم ٢٠٠٥
٢٧- مێژووی رەگ و رەچەڵەکی کورد، ئیحسان نوری پاشا،چ١٩٩٨١،١
٢٨- کورد گەلی لە خشتەبراوی غەدر لێکراو، د. کوینتەر دیشنەر، چاپی سێیەم ٢٠٠٤
٢٩- لە مەهابادی خوێناوییەوە بۆ کەنارێن ئاراس، نەجەف قولی پسییان، چاپی یەکەم ٢٠٠٦
٣٠- کورد لە سەدەی نۆزدەوبیستەمدا،کریس کۆچرا،چاپی شەشەم ٢٠١١
٣١ –کورد لە ئینسکلۆپیدیای ئیسلامدا،چاپی یەکەم ١٩٩٨
٣٢- چینی کۆن، چ١(          )دەزگای موکریانی

---

٣٣- دلێریی خۆراگرتن، ئەشرەفی دەهقانی
٣٤- خەباتی چەکداری هەم تاکتیکە هەم ستراتیژ، مەسعودی ئەحمەد زادە

---

٣٥- ڤنسنت ڤان گوگ، شانۆنامە، باول ئایز لەر
٣٦- بە دوعا شاعیرەکان، شانۆنامە، جەلیل قەیسی (گزنگ ژ:١٢)
٣٧- جولەکەکەی مالتا، شانۆنامە،کریستۆفەر مالرۆ.
٣٨- داد پەروەران، شانۆنامە، ئەلبیر کامۆ
٣٩- بەد حالی بوون، شانۆنامە، ئەلبیر کامۆ.
٤٠- چاو بە چاو، شانۆنامە، گەوهەر مراد (غولام حسەینی ساعیدی)

٤١- ريچاردى سێيەم، شانۆنامە، شەكسپير. چاپى يەكەم ٢٠٠٩، بڵاوەخانەى سايە، سلێمانى

٤٢- گەمەى پاشا و وەزير، شانۆنامە، عەبدوڵلائەلبوسێرى..

---

٤٣- منداڵە دارينە، چيرۆكى درێژ بۆ منداڵان.

٤٤- فاشيزم چييە؟ كۆمەڵە چيرۆك بۆ منداڵان، يەلماز گوناى

٤٥- شوانە بچكۆلەكە، چيرۆكێكى درێژى چينى يە بۆ منداڵان

٤٦- زارۆكستان (چوار شانۆنامە بۆ مناڵان)

٤٧- چەند چيرۆكێك لە ئەفسانەى يونانى كۆنەوە (٢٣ئەفسانە)

---

٤٨- لە گە نجينەى حيكايەتى توركمانييەوە. (ئەفسانەى ئەسپى ئاشق)چاپى يەكەم٢٠٠٨

٤٩- ئەفسانەێن گريكى و رۆمانى، چاپى يەكەم (٢٠٠٤) كتێبخانەى سۆران، هەولێر

٥٠- ئيليادە، هۆميرۆس، چ١،دەزگاى سەردەم ٢٠٠٩

---

٥١- گۆڤەند و زنار (فەرهەنگى فارسى – كوردى) حەمە كەريم عارف، چ١(٢٠٠٦-٢٠٠٨)دەزگاى موكريانى

٥٢-چۆنيەتى فێربوونى زمانى فارسى، چ١، ٢٠٠١

---

٥٣- چرنيشفسكى، فەيلەسوف و زاناى گەورەى ميللەتى روس

٥٤- چايكۆفسكى، ژيان و بەرهەمى.

٥٥- ئيدگار ئالين پۆ، ژيان و بەرهەمى.

٥٦- جاك لەندەن، ژيان و بەرهەمى

٥٧- گوگول، نووسەرى رياليست

٥٨- يەڵماز گوناى، ژيان و بەرهەمى

٥٩- سادقی هیدایەت، ژیان و بەرهەمی
٦٠- خافروغ لە شیعر دەدوێ، ژیان و بەرهەمی

---

٦١- راگەیاندن لە پەراوێزی دەسەڵاتدا (بە شەریکی) چاپی یەکەم (٢٠٠١) دەزگای گوڵان
٦٢-راگەیاندن لە نێوان حەقیقەت بێژی و عەوام خەڵەتێنی دا، حەمە کەریم عارف، چ(١)، ٢٠٠٥

---

٦٣- مێژووی ئەدەبیاتی جیهان (لە کۆنەوە تا سەدەکانی ناڤین). چاپی یەکەم٢٠٠٨
٦٤- مێژووی ئەدەبیاتی جیهان (لە سەردەمی رینیسانسەوە تا ئێستا). چاپی یەکەم٢٠٠٨
٦٥- مێژووی ئەدەبیاتی جیهان (ئەدەبیاتی ئینگلیزی زمان- ئەمریکاو ئینگلیستان لە سەرەتاوە تا ئێستا). چاپی یەکەم٢٠٠٨
٦٦- ریالیزم‌ودژە ریالیزم لە ئەدەبیاتدا، سیروس پرهام، چ٢٠٠٤،١، دەزگای سپیرێز
٦٧- قوتابخانە ئەدەبییەکان، رەزا سەید حسەینی، چ٢٠٠٦،١دەزگای موکریانی
٦٨- مێژووی ئەدەبیاتی روسی، سەعیدی نەفیسی
٦٩- لێکدانەوەیەك لەمەڕ نامۆ ، لویس ریی ، چ٢، ٢٠٠٦
٧٠- هونەروژیانی کۆمەلایەتی، بلیخانۆف، چ١( ٢٠٠٥ )دەزگای موکریانی
٧١- گوزارشتی مۆسیقا، د. فواد زکریا، چ١، یانەی قەڵەم ٢٠٠٦
٧٢- رێبازە هونەرییەکانی جیهان
٧٣- پێکهاتەی بەدەنی و چارەنووسی ئافرەت، (چ١) ٢٠٠٦
٧٤- دەربارەی شیعروشاعیری، حەمە کەریم عارف، چ٢٠٠٧،١
٧٥- دەربارەی رۆمان و چیرۆك، حەمەکەریم عارف، چ١، ٢٠٠٨
٧٦- مەرگی نووسەرو چەند باسێکی دیکەی ئەدبی-رۆشنبیری، حەمەکەریم عارف، چ١، ٢٠٠٥نووسەرانی کەرکوك

٧٧- ناودارانی ئەدەب، حەمە کەریم عارف، (چ١) دەزگای موکریانی،٢٠٠٩

٧٨- پەیڤستانی من، حەمە کەریم عارف،چاپی یەکەم( )

٧٩- پەڵکە ڕەنگینە، حەمە کەریم عارف،چ١، ٢٠٠٤

٨٠- خیانەتی حەلاڵ، حەمە کەریم عارف

٨١-بووکی هەزار زاوا، کۆچیرۆک، بزورگی عەلەوی

٨٢-ئەبوزەر، د.عەلی شەریعەتی

٨٣-ریوایەت، ڕۆمان، بزورگی عەلەوی

٨٤-وقفات في رحاب الثقافة الكوردية، **حەمە کەریم عارف**

٨٥-هەژاران، ڕۆمان، دوستوفسکی

٨٦-دەیڤد کۆپەرفیلد، (ڕۆمانی کورتکراوە بۆ نەوجەوانان) چارلس دیکنز

٨٧-ئۆدیسە، داستان، هۆمیرۆس

٨٨-ظل الصوت و قصص اخرى، تقديم و ترجمة جلال **زنگابادی**

٨٩-شازادە و گەدا، ڕۆمان، مارك توین

٩٠-توحفە نمای ئەدەبیاتی جیهانی

٩١-سفرەی فەقیران حەمە کەریم عارف

٩٢-باڵندەکەی من ڕۆمان، فریبا وفی

٩٣- نامەکانی تولستۆی

٩٤- جەمیلە، ڕۆمان جەنگیز ئایتماتۆف

٩٥- حەفتا چیرۆکی چینی بۆ مناڵانی کورد

٩٦- الرحيل الدامي....تقديم وترجمه : جلال زنگابادی

٩٧- کڵاو سوور... کۆچیرۆك بۆ منداڵان

٩٨- ئەو پیاوەی سێبەرەکەی خۆی فرۆشت ..ڕۆمان..شامیسۆ

٩٩- دکتۆر...شانۆنامە...برانسیلاڤ

١٠٠- خەیام...

* له راپەڕینەوە تا نهوو چالاكانە بەشداری بزاڤی ئەدەبی و رۆشنبیریی كوردی دەكات وبەرهەمی هەمە جۆر ( نووسین و ئامادە كردن و وەرگێڕان ) بڵاودەكاتەوە..

* ئەو بەرهەمانە و زۆری دیكەی ئامادەن بۆ چاپ و چاپكردنەوە و هەر كەس و گروپ و لایەن و دەزگایەك تەماحی بڵاو كردنەوەی هەبن، دەبێ پرس بە نووسەر بكات...